دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح جەلالی

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

پێنج شەممە ١٩٨٦/١٠/٢ ژمارە ٨٥٩
١٢ لاپەڕە
بە ٥٠ فلسە
الخميس ١٩٨٦/١٠/٢ العدد ٨٥٩

لەم ژمارەیەدا

دەزگاکەمان میهرەجانێکی شیعر خوێندنەوە بە بۆنەی هەفتەی قادسیەی صدام ەوە لە دهۆك دەگێڕێت ل ٥

سەرکردە: سەرەکایەتی کۆبوونەوەیەکی سەربازی دەکات

دلێرەکانمان سەنگەرومۆڵگاکانی دوژمن دەکوتنەوە

سەرەکی فەرماندە صدام حسین سەرەکایەتیی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرکردە مەیدانییەکان دەکات

بەڕێز سەرەکی فەرماندەی موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان سەرەکایەتیی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرکردە مەیدانییەکانی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە دە سەعاتی خایاند فەریق ئەووەل ڕوکن عدنان خیرالله جێگری فەرماندە گشتیی هێزە چەکدارەکان وەزیری بەرگری و هاوڕێ علي حسن المجيد ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و بەڕێز لطیف نصیف جاسم ئامادە بوون.

پاڵەوانەکانمان لە کەرتی ناوەڕاست دوو فەوجی پیادەی دوژمن دەهاڕن

هێزە پاڵەوانەکانمان هەردەم بەخۆڕاگرتوویی پاڵەوانانە بەرگری لە سەربەرزی و شۆڕشی مەزنی عیراق دەکەن و پەرە بەکاری پێشکەوتن بۆ پێشەوە چوون دەدەن...

ئەوە بوو پێڕێ هێزێکی دوژمن کە خۆی لە دوو فەوجی پیادە دەدا ویستی لە سەنگەرەکانی پێشەوەمان لە کەرتی ناوەڕاستی بەرەی جەنگ نزیك بێتەوە کوت وپڕ هێزەکانمان بە هەموو چەکێکەوە لێیان هاتنە دەست و هەوڵەکەیان هاڕدراو دوژمن ناچار بوو بە سەرشۆڕی پاشماوەکانی خۆی بکێشێتەوەو هەڵ بێت.

لە کەرتی فەیلەقی حەوتیش سەربازە نەبەردەکانمان بە هەموو چەکێك پەرەیان بە ئاگربااران کردنی خۆیان داو توانییان ئاگری دوژمن خاموش بکەن و ژمارەیەکیان لێ بکوژن و بریندار بکەن.

سەرەڕای تێکشکاندنی یەك شەڤڵ و تۆپێکی (١٠٦) ملم و کوشتنی دوو کەسی دوژمن و ئاگردانی کۆمەڵێك تەقەمەنی و یەك ڕەشاش و وێران کردنی دوو سەنگەری پیادەو یەك سەنگەری تۆپی ئیس بی جی ٩.

لە کەرتی باکووری بەرەی جەنگیش - فەیلەقی یەك - هێزەکانمان بە تۆپ و چەك ئاگربارانی سەنگەرەکانی دوژمنیان کردو ژمارەیەکیان لێ کوشتن و بریندار کردن و چوار ئوتومبیلیان ئاگر تێبەرداو نەفەرەکانی ناویان کوشتن.

لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی بەسرەیش کۆمەڵێك تەقەمەنیی دوژمن سووتێنراو سەربازێکیشی کوژراو دوو سەنگەری پیادەیش خاپوور کرا.

ئەمەو هێزەکانی دوژمن بە تۆپی دوور شارۆچکەی خورمالی بۆردومان کرد.

لە نامەیەك دا بۆ دی کۆیلار

ڕەجەوی داوای ڕێکخستنی کۆڕێکی نێو دەوڵەتی دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی تەنگ و چەڵەمەی پەناهێنەرە ئێرانییەکان

مەسعوود ڕەجەوی سەرەکی ڕێکخراوی موجاهیدی خەڵقی ئێرانی بەرهەڵستکار داوای لە بەڕێز خافیر پێرێز دی‌کۆیلار سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کۆڕێکی نێو دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی پەناهێنەرە ئێرانییەکانی وڵاتانی دەرەوە ڕێك بخرێت.

ڕەجەوی داوایشی لە دی‌کۆیلار کردووە کاری پێویست ئەنجام بدرێت یارمەتیی ئەو ئێرانییانە بدات کە لە دۆزەخی خومەینی‌یەوە بۆ وڵاتە ئەوروپایەکان هەڵدین بەچەشنێك ڕێگەیان بدرێت بچنە ئەو وڵاتانەوە.

داوایشی لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتی کردووە پەناهێنەرە ئێرانییەکان بپارێزێت ئەوانەی هیچ تاوانێکیان نییە تەنیا ئەوە نەبێت خۆیان و خێزانەکانیان لە مەرگ ڕزگار کردووە.

بەڕێز طارق عزیز سەرەکایەتیی کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب دەکات و لەگەڵ لیژنەی حەوت قۆڵیدا کۆدەبێتەوە

بەڕێز طارق عزیز جێگری سەرەك وەزیران وەزیری دەرەوە لە شاری نیۆیۆرك سەرەکایەتیی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەبی کرد کە دوێنێ ئەنجام درا.

لە کۆبوونەوەکەدا لە یەك خستنی هەڵویستی گشتیی عەرەب بەرانبەر بە مەسەلەی فەلەستین و ڕووداوەکانی جەنگی نێوان عیراق و ئێران و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەیش باری لوبنان و مەسەلەی هاریکاریی نێوان جامیعەی عەرەب و نەتەوە یەکگرتووەکان کۆڵرایەوە.

ئەوەبوو بەڕێز طارق عزیز لە شاری نیۆیۆرك شەوی سێ شەمە تەك وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی ئەندام لە لیژنەی حەوت قۆڵیدا کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی جەنگی نێوان عیراق و ئێران.

کۆمەڵەی گشتیی ئەتەوە یەکگرتووەکان

داوا لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتی دەکات بۆ ڕاگرتنی جەنگ تێ بکۆشێت

شیخ محمد بن مبارك آل خليفة وەزیری دەرەوەی بەحرەین داوای لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتی کرد بەڕاستی بجووڵێتەوە تا چارەسەرییەکی کۆتایی بۆ ناکۆکیی نێوان عیراق و ئێران بدۆزرێتەوە بە چەشنێك مافە ڕەواکانی هەردوو لا بپارێزێت.

وتووشیەتی ئێمە کە داوای کۆتایی پێهێنانی جەنگ دەکەین ئەوا لەو ڕاستییەوە هەنگاو دەنەین کە بەتەنگی ئاسایش و پاراستنی هەردوو وڵات و ناوچەکەوەین.

قسەکانی وەزیری دەرەوەی بەحرەین لەبەردەمی دەورەی چل ویەکی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بوو، دڵگرانیی وڵاتەکەیشی دەربڕی سەبارەت بەوەی ئێران لەسەر جەنگ سوورە ئەگەرچی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی ئیسلامی و ئەنجوومەنی هاویکاریی دەوڵەتانی کەناری عەرەب و بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن هەوڵ دراوە بۆ ڕاگرتنی کوشتار.

هەروەها میسریش داوای لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتی کرد ڕەنجەکانی خۆی دووچەندان بکاتەوە بۆ ڕاگرتنی جەنگی نێوان عیراق و ئێران.

جێگری سەرەك وەزیران وەزیری دەرەوەی میسر دکتۆر عصمة عبدالمجيد لە وتەی وڵاتەکەیدا لەبەردەم کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا وتی ناکۆکیی نێوان عیراق و ئێران وای لێهاتووە هەرەشەیەك بێت بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی و سەقامگیری لە هەموو ناوچەی کەناری عەرەبیدا.

وەزیری دەرەوەی پاکستانیش صاحب زادە یعقوب خان وتی پاکستان ئەوساو ئێستایش لە هەموو ڕەنجێکی دیبلۆماسی‌دا بەشداربووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریکی ئاشتیانەی ناکۆکیی نێوان عیراق و ئێران.

وتەی هاوکاری

لەگەڵ دۆخ و باری جەنگیش دا زیاتر لە ٤ ملیۆن قوتابی ڕوودەکەنە قوتابخانە

ئیمسال لەگەڵ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان دا چوار ملیۆن و دووسەد هەزار قوتابی ڕوودەکەنە قوتابخانەکانیان و لەوانە (٩١٦) هەزاریان نوێن و لە پۆلی‌یەکەمی قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پیشەیی و ئامۆژگای مامۆستایان دا دەوام دەکەن..

تەنها ئێروانێکی ئەو ژمارەیە یاخود تۆزە وورد بوونەوەیەك لێی ئەمانگێڕێتەوە بۆ قسەکانی سەرەکی سەرکردە صدام حسین کە پێش چەند ڕۆژێ لە خەڵاتکردنی ئەفسەرەکانی هێزی ئاسمانی‌دا وتی، کاتێ ئێمە توانیومانە لە سەرەتای جەنگەوە هەموو دەزگا ئابووری و پیشەسازی وزانستیەکانمان بپارێزین و نەمانهێشتوە فڕوکەکانی دوژمن کاتێ لە سەرەتای جەنگ دا گەوجانە لەو شوێنانە نزیك دەبوونەوە بیپێکن..

بەڵێ سوپاس بۆخوا کارامەیی سەرەکی سەرکردە کاریکی وای کردوە کە هیچ هاوولاتیەکی عیراقی لە هیچ شتێك بێ بەش نەبێ و هەموو پیداویستیکی ژیانی بۆ زامن کراوە... بیگومان مەسەلەی خوێندنیش بربڕەی پشتی هەموو پێشکەوتنێکە چونکە خوێندن زانایی و زانستی بۆ قوتابیانمان دەڕەخسێنێ و لە هەموو بوارەکانی ژیان دا قاڵیان دەکاتەوەو پێیاندەگەیەنێ بۆ ئەوەی سبەینێ جڵەوی کار بگرنە دەست و ئەوەی ئێمڕۆ لەبەر هەندێ هۆو بار تەواو نەکراوە ئەوان بە شانازییەوە تەواوی بکەن... هەر لەبەر هەمان مەبەسیشە کە دەبینین ئێمڕۆکە هەزارەها قوتابیە کانی کۆلیجەکان مەشق لەسەر چەك دەکەن و خۆیان فێری هەموو بابەتەکانی چەك و جەنگ دەکەن چونکە خۆیان بەو شوورەیە دەزانن کە دوژمن بەرەودواوە دەڕەتێنێ و هەموو هیوایەکی لێ بەفیرو دەدا...

دووبارە وەرگرتنی تێکڕای قوتابیە دەرچووەکانی ئامادەیی لە کۆلیج و زانستگاو ئامۆژگاکان دا کە لەو چەند ڕۆژانەی ڕابوردوودا ڕاگەیەنرا ئەوپەڕی بەتوانایی وڵاتمان نیشان دەدا کە تاچ ڕادەیەك ڕێزی خوێندن و خوێندەوار گیراوەو تا چ ڕادەیەك سەرکردایەتی حزب و شۆڕش و لە سەرویەوە سەرەکی سەرکردە بە تەنگ خوێندن و زانستیەوەیەو لەگەڵ دۆخ و باری جەنگیش دا

بروانە ل ١١

لە یادداشتێك دا بۆ شۆلتز

٩٩ ئەندام لە کۆنگرسی ئەمریکادا داوای پاراستنی دیلە عیراقییەکان دەکەن

٩٩ ئەندام لە ئەندامانی کۆنگرسی ئەمریکا داوایان لە وەزیری دەرەوەی وڵاتی خۆیان جۆرج شۆلتز کردووە بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵێت زۆر لە ڕژێمی ئێران بکات تا ڕێگا بە نوێنەرانی خاچی سووری نێو دەوڵەتان بدات سەر لە شوێنی دیلە عیراقییەکان بدەن لە ئێران دا.

لەو یادداشتەدا کە ئەو ئەندامانە مۆریان کردووە هاتووە کە ڕژێمی تاران تەگەرەی خستووەتە بەردەم لیژنەکانی ڕێکخراوی خاچی سوورەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاستی زانینی باری دیلە عیراقیەکان لە گرنووخانەکانی دیلێتی‌دا.

ئەندامانی کۆنگرسی ئەمریکا لە یادداشتەکەیان دووپاتی ئەوەیان کردووەتەوە کە دەبێت ڕوونا کی بخرێتە سەر ئەو شتەو شێوەکانی ئازاردان و ئەشکەنجەدان ڕیسوا بکرێن کە دیلە عیراقییەکان لە ئێران دا ڕوو بەڕووی بوونەتەوە.

شایانی باسیشە کە وەفدێك لەدیلە عیراقیە پەککەوتەکان گەشتێکیان بەژمارەیەك شارەکانی ئەمریکادا کرد لە نیسانی ڕابوردوودا.

وێنەی خومەینی بۆ قاچاخچێتی تلیاك بەکار دەهێنرێت

چەندین دەستەو تاقمی ئێرانی خەریکی قاچاخچێتین لە زۆربەی پانەختەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکا ئاسیا.

ئەوەبوو لیپرسراوێکی حکوومەتی فلیپین لە دەزگای قەڵاچۆکردنی قاچاخچێتی تلیاك لە فلیپین دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە ئێرانییەکان دەستێکی فراوانیان لە بڵاوکردنەوەی تلیاك دا هەیە لە فلیپین.

ئاژانسی ڕۆیتەر بە زمانی ئەو لیپرسراوەوە بڵاوی کردووەتەوە کە تاقمە قاچاخچییەکانی تلیاك کە ئێرانین وێنەی خومەینی بۆ تلیاك شاردنەوە بەکار دەهێنن و کەرەستەیەکی زۆری هێرۆین دوزراوەتەوە لە چوارچێوەی وێنەکانی خومەینی جادووگەردا شاردرا بووەوە.

وتووشیەتی ئەو تاقمی بازرگانی کردنەی تلیاك ئەم شێوەیە بەکاردەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی تلیاك لە وڵاتانی فلیپین و تایلاندو ئەندەنۆسیاو چەندین وڵاتی تری ئاسیادا.

پێکداهەڵێژانێك لە نێوان هێزەکانی تورکیا و چەند چەکدارێکی ئێرانی‌دا

شەوی یەك شەممەی ڕابوردوو لە نزیك چیای ئاریی نزیك بە سووری نێوان ئێران و تورکیا پێکدا هەڵپژانێکی چەکداری ئێرانی‌دا ڕووی داوە، چەکدارێکی ئێرانی کوژراوەو یەکێکی تریش بریندار بووە.

ڕۆژنامەکانی تورکیا بە زمانی سەرچاوەکانی ژەندرمەوە وتوویانە پێنج چەکداری ئێرانی ویستوویانە لە ناوچەی سنووری بۆ خاکی تورکیا بپەڕنەوە بۆیە دەورێیەکی هێزی ژەندرمەی تورکیا تەقەیان لێ کردوون و چەکدارێکیان لێ کوشتوون و یەکێکی تریان بریندارکردوون کە سێ چەکدارەکەی تر بۆ خاکی ئێران پاشەکشێیان کردووەو بریندارەکەشیان تەك خۆدا بردووە.

مردووە یان کوشتوویانە؟

ڕێکخراوی عەرەبیی مافی مرۆڤ ڕایگەیاندووە کە گیراوی سیاسی سووریایی دکتۆر فایز عەبدول سەلام لە یەکێك لەبەندیخانەکانی ڕژێمی حافظ ئەسەددا مردووە.

ڕێکخراوەکە وتوویەتی کاربەدەستانی ڕژێمی سووریا لە ساڵی ١٩٨٠دا دکتۆر فایز عەبدول سەلام کە پسپۆڕی نەخۆشی ئافرەتە تەك کۆمەڵێك پزیشکی تردا لەشاری حمس گرتووە.

خۆکوشتن لە ئێران دا ڕۆژانەیە

ئەو هەواڵانەی لە ئێرانەوە گەیشتوونەتە پاریس وا دەگەیەنن کە خۆکوشتن بووەتە دیاردەیەکی ڕەچاوکراوی ژیانی ڕۆژانەی ئەوێ

ئەو خێزانانەی لەم دواییەدا گەیشتوونەتە پاریس وتوویانە زۆربەی ئەوانەی خۆ دەکوژن لەو کەسە بێ کارانەن کە نامە بۆ خێزان و کەس و کارەکانیان دەنووسن و تێدا ئاگاداریان دەکەن کە بریاریان داوە خۆ لە دەستی ژیان ڕزگار بکەن.

Institut kurde de Paris

کۆبوونەوەیەکی ناتاسایی ئەنجومەنی یاسادانان

سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨١/٩/٢٧ ئەنجومەنی یاسادان لە ناوچەی کوردستان لە خولی نوێی خۆیدا کۆبوونەوەیەکی ناتاسایی بە ئامادەبوونی هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی هەرێمایەتی و لێپرسراوی نووسینگەی باکوورو هەردوو سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەراندن و ئەمینداره بەڕێزەکان و پارێزگاری هەولێر ریکخست لە پیشەکی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز أحمد عبدالقادر نەقشبەندی وتەیەکی خوێندەوە کە تیایدا باسی ئەو سەرکەوتنە گەورانە کرد کە لە بەرەکانی جەنگدا هاتوەتە دی و پەنجەی بۆ ئەو بایەخ دانە گەورەیە درێژکردکە دراوەتە ناوچەی ئوتونومی کوردستان و گەشانەوە هەموو لایەنێکی ژیان و پەرەپێدانی ناقی کردنەوەی ئوتونومی و قۆل کردنەوەی رەوتی سەرکەوتن لە جەنگی رەوامان دا.

ئینجا بەڕێز سیروان حاف سەرەکی نوێی ئەنجومەنی ڕاپەراندن وتەیەکی خوێندەوەو تیدا شانازی خۆی دەربری بەرامبەر بەو بڕوایەی پێی دراوە لە پێناو پێشکەشکردنی هەرو توانایەك بۆ پێشخستنی ناوچەی کوردستان و بەشداری کردن لەپاراستنی لەگیانی سەرکەوتن ئینجا بەڕێزی ناوی دەستەی نوێی ئەنجومەنی ڕاپەراندنی خوێندەوە کە بەم شێوەیەیە؛

١ ـ سیروان عبدالله حاف سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن
٢ ـ بەشیر عبدالرحمن ئەتروشی ئەمینداری گشتی ئەوقاف کاروباری ئایینی.
٣ ـ محمد امین محمد ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان
٤ ـ محمد پیرۆز روستم ئەمینداری گشتی پەروەردەو فێری کردنی باڵا
٥ ـ حمید محمد سعید ئەمینداری گشتی گشتوکاڵ و چارەسەر کردنی کشتوکاڵ.
٦ ـ محمد محي الدين شريف ئەمینداری گشتی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان
٧ ـ د. نهاد أبتر ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی.
٨ ـ مامند معروف دزەیی ئەمینداری گشتی فەرمان و نیشتەجی کردن.

بەڵام هەردوو ئەمینداریتی کاروباری ناوخۆیی و ئابووری و دارایی لە کۆبوونەوەی داهاتوی ئەنجومەن دا رادەگەیێنرێ.

پاشان بەڕێز یحی جاف سەرەکی پێشووی ئەنجومەن وتەیەکی خوێندەوە تیایدا هیوای خواست کە ئەندامە نوێکانی ئەنجومەن ڕۆڵی خۆیان لە خولی تازەدا ببینن لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین هەوڵ وتەقەلا بۆ خزمەتگوزاری ناوچەی کوردستان.

شیرزاد
لقی هەولێر

ئێران لە ناوەوە

فؤاد حسین

● ڕۆژنامەی «صن»کە لە سریلانك بڵاودەبێتەوەو ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگەو لە گشت ناوچەکەدا دابەش دەکرێت ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە سەرکردایەتیەکانی زیمبابۆی زۆر نارِخەت بوونە لە شێوەی ڕەفتارو جوڵانی نێراوی ئێران بۆ هەراری.. بەتایبەتی لە «خامنئی درۆزن» کە بەشێوەیەکی درندانە هێرشی کردۆتە سەر دەوڵەتەکانی بێلایەن.. ڕۆژنامەی ناوبراو بەتوندی هێرشی کردۆتەسەر ئێراوی ئێران و دەڵێ «بەرێوەبەرانی زیمبابۆی ئەوەیان ئاشکراکردووە کە هەندێ چەك و فیشەك لای ئەندامانی ئێرانی گرتووەو لێیانی وەرگرتووە کە ژمارەیان ١٢٠ کەس بوون» ڕۆژنامەکە لە نووسینەکەیدا بەردەوامەو دەڵێ «شێوەی ڕەفزکردنی خامنئی بۆ ڕاگرتنی ئاگری جەنگ دژی عیراق بێئەوەی هۆیەکی پەسەندو ماقوڵی هەبێت جۆرە شەرمەزاریو پۆت شکانێك بوو بۆ بزوتنەوەی بێلایەن.. هەروەها گومڕایی ڕژێمی ئێران گەیشتۆتە ئەم ڕادەیە کە لە ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەکەدا هاتوون هێرشیان بردۆتەسەر خاکی عیراق کە یەکێکە لە ئەندامانی ووڵاتانی بێلایەن و بە چالاك ترین ئەندام دەدەرێتە قەڵەم.

● تەلەفزیۆنی سێیەمی لندن «ای. تی .فی» لە هەواڵەکانی ئەم دواییەیدا فلیمێکی دەربارەی بارودۆخی ناوەوەی ئێرانی بڵاوکردۆتەوە، فلیمەکەی ڕۆژنامەنوس وین ڕۆبرتس کە لەم دواییەدا سەری لە تاران داوە گرتوویەتی.

ڕۆبرتس دەربارەی فلیمەکە پیشانی گۆڕستانی بەهشتیو کوژراوەکانی جەنگ داوە وتویەتی زیاتر لە ملیۆنێ کەس لە ئێرانییەکان لەم جەنگەدا کە بەسەر عیراق دا سەپاندوویانە کوژراون و گۆڕستانی بەهشتی پێویستی بە گەورەکردنەوەیە چونکە ئێستا جێگای تیادانەماوە بۆ ئەوەی کوژراوەکانیان تیایدا بنێژرێن کە هەر ڕۆژ بە دەیان و سەدان دەگاتە گۆڕستانەکە..

دیسان ڕۆژنامەنووس ووتویەتی «ئێستا خێزانێك لە ئێران دا نابینیت کە نووشی چەرمەسەریو زیان و کوشتار نەبووبێت.. ئێرانیەکان هەوەسیان نەماوە بۆ چوونە بەرەکانی جەنگ و یان خۆیان دەشارنەوە یان رادەکەن»..

عێراق شاخێکی بڵندە هەموو هێزێکی دوژمنی تیا تەفروتونا دەکرێت...

هەڤاڵ ئەمینی سری سەرکردایەتی لقی سلێمانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی پێشانگایەکی پۆستەری سیاسیو نووسینی کردووە، کە سەرکردایەتی لقی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی لە سلێمانی ئامادەی کردبوو، لە دوایی ڕۆژەکانی هەفتەی قادسیەی صدامی پیرۆزدا لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی تیایدا هەموو هۆبەکانی پارت بە شدارییان کردبوو، کە بریتی بوو لە کۆمەڵی تابلۆو نووسین و پۆستەری سیاسی، باری ئازایی و وەرەو بەتوانایی، جەنگاوەرە دلێرەکانی نیشان ئەدا لە گشت بەرەکانی جەنگ.

هەروەها نیشانەی ئاڵای سەرکەوتن و ئاشتی کە لە نامە پیرۆزەکەی سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین (خوا بپارێزێت) هاتووە. لە ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکەدا بەڕێز پارێزگاری سلێمانیو لێپرسراوانی فەرمانبەرایەتیو دەزگا ڕۆشنبیریو جەماوەرییەکان ئامادە بوون.

هەروەها بەم بۆنەیەوە پێشانگایەکی تایبەتی کتێب لەلایەن «دەزگای دابەش کردن و بڵاوکردنەوەی کتێب»ەوەو کرابەوە.

جگە لەوەی بەڕێزان ئامادەی ئاهەنگی گۆرانیو سرودی ڕامیاری بوون

کە، لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی ساز کرا، تیایدا تیپی هونەری یەکێتی نیشتمان قوتابیان و لاوانی عێراق لقی سلێمانیو ئافرەتانی سلێمانیو ریکخراوە جەماوەرییەکان بەشداریان کرد، دەیان سروودو گۆرانی پێش کەش کران، جگە لەوەی پێش برکێیەکی زانیاری لە بارەی جەنگەوە. پێش کەش کرا دانیشتوانی هۆزەکە بە شداریان کرد، لەوەڵام دانەوەی پرسیارەکان دا بەڕێزان پیاوانی ئایانیو سەرەکی فەرمانبەرایەتیو کارگەکان و ریکخراوە پیشەییو جەماوەریەکان و کۆمەڵێکی زۆر لەدانیشتوانی شاری سلێمانی بەشداری ئاهەنگەکە بوون.

لقی سلێمانی

ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام: ـ

کورەك لسەر شەرێ دگەل رژیما ئێرانێ

ل رۆژا ١٩٨٦/٩/٢١ ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام دەزگەها رەوشەنبیری و بەلافکرنا کوردی کورەك بەرهەڤکر بو سەیدا [وصفی حسن ردینی] لدور مێزویا دەستدرێژێت رژیما خومەینی لسەر عیراقا مە.. ل هولا بارەگایێ تیپا سێمیلێ یا پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی.. دڤ کوریێ دا بەرێز [مهدی عباس عون] قائیمەقامێ قەزا سێمیلێ و هەڤال [علی فیصل] چیگری رازگرێ تیپا سێمیلێ وهەڤاڵ ئەندامێت تیپا سێمیلێ تیدا حازربون دڤێ کورێدا.. سەیدای کرە بەحسێ مێژوویا دەستدرێژیت فارسا لسەر ئاخا عیراقێ و کا مللەتێ عیراقێ ژهنکی هەتا نهو چەند بهنا خو لڤان تەعداهیا فرەهـ کریە و کا چەند بیکولیت ئاشتیێ، عیراقێ کرینە ژ بو نەمانا ڤان دەستدرێژیا. و پاشی سەیدایێ هێژا کرە بەحسێ سەرو بەرێ دەستپێکرنا شەرێ مە دگەل رژیما خومەینی ل ٤ ـ ٩ ـ ١٩٨٠ و کا چاوا خومەینیا پاژیرو گوندیت عیراقێ گوللە بارانکرن و ئاگرێ شەری هەاکر.. عیراقێ ژی بەرامبەر ڤان دەستدرێژیا نەچار بو بەر ڤشا وان بدەت ب شێوەکێ عەسکەری.. و ژ رۆژێن ئێکێ ژ شەری عیراقێ پێولا ئاشتیێ کر لێ رژیما خومەینی ئاشتی نەڤیت و دیار بو کو رژیمەکا شەرخازە...

و لدویماهیێ سەیدای دەست نیشان کرە زیانیت ئیرانێ دڤی شەری دا ژ مرۆڤا وچەکی و ئابوورییێ.. هوسا ئەڤ کورە بدویماهی هات پشتی سەعەتەکێ کێشای..

● محمد ئوسمانا ●

ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام

کورەکێ رەوشەنبیری لدهوکێ

.. ل رۆژا ١٩٨٦/٩/١٥ ل دەم ژمێر [٦] ی ئێڤاری دەزگەها رەوشەنبیری وبەلاڤ کرنا کوردی تایێ دهوکێ کورەك تەرخانکر بو هێژا نجیب صالح بالایی).. ب چاف دیریا هەڤال [مظهر مطني عواد] ئەندامێ رازگرێ لقی دهوکێ یا پارتا بەعسا عەربیا هەڤپشکی.. ئەڤە ژلایێ دەزگەها رەوشەنبیر و بەلافکرنا کوردی تایێ دهوکێ؟

هێژا رمضان عیسی کور بریڤەبر و کاك نجیب دانیاسین بو حازرا و هندەك ژبابەتی وی خاند ژیر ناڤێ [وینێ هوزانێ] [الصورة الشعریه] پاشی برایێ رمضان دور دا هێژا نجیب؟ سەیدایێ نەجیب خیرهاتن کر ب حازرا.. پاشی چو ناڤ بابەتێ خودا ئو گوت.. [وینێ هوزانێ] یانکو [الصورة الشعریه] بابەتەکێ کەلەك گرنگە ب گرنگیا خوە ئەڤ بابەتە یێ ئالوزو تێکرا تێکرایە.. پێنڤی رەوانبێژەیەکا بەرفرەهە و هونەرەکێ تیرۆ تژیە.. ئو هەروەسا بێڤە چو گوت چەند نمونێت وێنەیی و شعرا مزوریدا.. مزوری ئێکە ژهوزانڤانیت هەفچەرخ و ئێکە ژ پێشرەو رێبەرێت هوزانا هەفچەرخ، هوزانا سەربەست ل دەڤرا بەهدینا ل دوماهیا سالیت شیستی هەفساری کاروانی شعرا سەربەست لڤێ دەڤەرێ یێ کێشای و هەتا نهو یێ بەر دەوامە.. پاشی دەرکەهی گەنگەشی هێژا رمضان عیسی ڤەکر لهێشی هندەك ژ سەیدا چونا سەر شانویێ و چەند پسیارکرن وەك هێژا کریم فندی و صدیق شرو گوت پێتڤی نەبو هندەك نمونێت مزیری بینی هندەك نمونێ دی ژوان ب هێزتر هەبو ئو گەنگەشێ گەلەك درێژکرو.. هندەك پسیارێت دی ب کاغزا ژ کاك نجیب هاتنەکرن پرامتی ب... سنگەکێ فرەهـ جاباواندا. ئەڤەوڤی کورێ نیزیك دووسەعتاکێشا

هەلبژارتنێت ئێکەتیا تورەڤانێت دهوکێ

وەصفی حسن

ل سپێدەهیا روژا ١٩٨٦/٩/٢٦ لهولاً چالاکیت خاندگەهاو ب حازربونا هەڤال «ناصر حسن الركابي» ئەندامێ لقێ دهوکێ یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکیو حازربونا بەرێز (شفیق احمد محمد) جیگرێ پارێزگاری دهوکێ، هەلبژارتنێت تایێ دهوکێ یێ ئێکەتیا تورەڤانا هاتنە کرن.

لپشی هێژا د. نافع عقراوی سەروکێ ئێکەتیا تورەڤانێت کورد لقێ. کوردستانێ پەیڤەکا خێرهاتنێ گوت و ئێکسەر دەرگەهـ ڤەکر بو خاندنا راپورتا. رەوشەنبیری ژلایێ هێژا (حجی جعفر) سکرتێرێ رەوشەنبیری یێ تایێ دهوکێو راپورتا دارایی ژلایێ هێژا (نزار محمد) سکرتێرێ دارایێ یێ تایێ دهوکێ.. ئو پشتی خاندنا راپورتا تەمام بێ.. دەرگەهێ گفت وگوێیو تیبینیا ڤەبوو هەژمارەکا مەزن ژ ئەندامێت تایێ دهوکێ ئاخفتن لسەر کاودان و سەرویەرێ ئێکەنێ ژ لایێ رەوشەنبیریو گشتی..

پاشی دەرگەهێ خو هەلبژارتنێ ڤەبو.. ڤان هێژا خو هەلبژارت.

١ ـ تیلی أمین.
٢ ـ رمضان عیسی
٣ ـ کریم فندی.
٤ ـ رشید فندی.
٥ ـ نزار محمد سعید.
٦ ـ محسن قوچان.
٧ ـ مصطفی نوری بامەرنی.
٨ ـ صدیق شرو

ئو ل ئەنجامێ ڤاڤیرکرنا دەنگاو هەژمارتنا وان ئەڤ بەرێزە دەرچون: ـ

١ ـ تیلی أمین... سەروك
٢ ـ رمضان عیسی... سکرتیر.
٣ ـ مصطفی بامەرنی.. ژمێرەڤان.

هەروەسا هەردوو بەرێز (کریم فندیو نزار محمد سعید) بوون ئەندامێت دەستەکا ریڤەبەر یا تایێ دهوکێو هەردوو هێژا (محسن قوچان و رەشید فندی) بونە ئیحتیاط.

ژ دل پیروزباهیا ڤان بەرێزا دکەین و هیڤیا سەرکەفتنێ بو وان دکەین و همی پێکڤە ژبو خزمەتا پەیڤا کوردی یا پیروز.

شانۆ.. مۆسیقا.. ئاوازی کوردی بەجۆش.. مەلەوانگە لە میوان خانەی ئاشور

میوان خانەی ئاشور شوین گەشتێکی تری رازاوەو رەنگینە لە پاڵ شوێنی گەشت و گوزاری دوکاندا، لەم ماوەیەدا کراوەتەوە یەکێکە لەو شوێنە گەشت گوزاریانەی بەشێوەیەکی رێك وپێك میوان داری هەموو میوانێك دەکات.

دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریاچەی دوکان، جگە لە «٩٠» ژور، شەش کوخیشی تیدایە بۆ حەوانەوەی گەشت گوزاران، مەلەوانگەیەکی گەورەو یەکێکیش تەرخانە بۆ منداڵان، لەسەر تیپی ڕۆژئاوایی و میللی بەشداری تیدادەکەن، بۆ وەرزی گەشتی ئەم زستانە چەندین بەرنامەی تایبەت شانۆی ئەم میوان خانەیە هەموو ئیوارانی پێنج شەمە، ئاهەنگی گۆرانیو مۆسیقا، ساز دەکرێت تەرخان کراوە، لەسەر شانۆی زستانەی پروگرامی تایبەت پێش کەش دەکەن، بەپێی داواکاری خواردن پێش کەش بەمیوانەکان دەکرێت. بۆ جێگرتن لەم میوان خانەیە جگە لە نوسینگەکانی نیشتمانی گەشت و گوزار راستەوخۆ بەهۆی ئەم ژمارەیەوە دەتوانرێت جێگاتان بۆ تەرخان بکرێت «٩٢٢٣٥٩» «٠٥٣٣» پێنج خەت.

Institut kurde de Paris

دەمەك خۆش دگەل هونەرمەندێ گەنج بەیار والی زاخویی

بنگەها هۆزانڤان و هونەرمەندا، بویکا وەلاتی زاخۆکا رەنگین لهەمی چاخ و دەما جهێ بزاڤا هونەرێ کوردی بویە و قەت خو نەدیتیە ئەمایی ژ کاروانێ هونەری لکوردستانێ.

مەدیت پێتڤیە ئێ جارێ ئەم بو خوینەدەڤانێت هێژا گولەکێ ژڤی باغچێ هەردەم بخەمل هەلبژێرین.. گولەکا ژ نوی دبشکڤیت و بەرە ب پاشەروژەکا گەش د چیت ئەو ژی هەڤالێ هونەرمەند بەیار والی زاخویییە. برایێ بەیار هیڤی دکەین بەرسڤا ڤان پرسیارێت مە بدەی:

پ: خوەبدە نیاسین بو خوینەدەڤانا..؟؟

ب - ناڤێ من یێ دروست (بەیان والی صالح)ە وناڤێ هونەری (بەیار والی) یە ولروژا ١١/ئیادارێ/ ١٩٦٧ ئەزێ لزاخو هاتیمە دنیایێ.

پ: کەنگی و چەوا تە دەست هاتیە سترانێ؟

ب - براستی هەر ژ بچویکاتیا خو من حەز ژ سترانا کوردیا کری ومن لبەراهیکی سرود دگوتن، بەلێ بو ئیکەمین جاری سالا ١٩٧٩ من پشکداری ئاهەنگەکا سترانا گوتنێ دە کر ئەوژی دگەل خودێ ژێ رازی ئەیاز یوسفی بو.

پ: کێ تو هاندای وتو بالدای کو تو سترانا بیژی؟

ب - گەلەك هونەرمەندا پشتی گول دەنگێ من بوی وەل من کرن ئەز بەردەوام بم دسترانا گوتنێدە، وژوان هونەرمەندا هوزانڤان خالص زاخویی بو و ئاواز ژەن فەرهاد بازی و یوسف زاخویی و سمیر زاخویی و عبدالعزیز سلیمان بون.

پ: کەی تو هاندای وتو بکاردئینی؟

ب - ئەو هۆزانیت من کرینە سترانا بیت هۆزانڤان خالص زاخویی وعبدالعزیز سلیمان و یوسف زاخویی نە، و ئاواز ژیبیت سەیدا فەرهاد بازینە. هەروەسا عبدالعزیز سلیمان و یوسف زاخویی ژی دەستێ هاریکاریێ یێ بو من دریژ کرین.

پ: وەك بومە دیارە تو هەتا نووکە نەچوی بو ئیزگەی.. ژ بەرچی؟

ب - راستە هەتا نووکە پشکداری بیت من بتنێ د ئاهەنگ و تومارگەها دایە. بەلێ نەچونا من ژی بو ئیزگا بەغدا ئەو ژی ژبەر زروڤیت من بیت تایبەتی بون و ئەزێ بخواندنا قوتابخانێ ڤە گریدای بیم، بەلێ من لبەرە هەرگاڤا دەلیڤە بو من کەفتێ ئەز خو بگەهینم ئیزگێ.

پ: تو حەز چ رەنگێ سترانی دکەی و تو چ ئالەتێ موسیقی کاردئینی؟ هندی بیژی ئەز سوتیێ سترانا فولکلوریا کوردیمە و ئەز حەز هەر سترانا بیژەکی دکەم پ دلەك پاقژ خزمەتا سترانا کوردی دکەن و کرین مینا محمد عارفی جزیری و محمد شیخوی و ئەیازی..

ومن هەتا نوکە خوە فێری چو ئالەتیت موسیقی نەکریە بەلێ ئەز دبینم بو سترانا بیژی پێتڤیە یێ زانا بیت بکارئینانا ئالەتیت موسیقی ئەو رەنگێ وی بڤیت. ومن لبەرە ئەز خوە فێری ئالەتی (عود) بکەم.

پ: تو چەوا سترانا کوردیا ئەڤرو دبینی؟

ب - دبینم هەریا بەرەب پیش دچیت و بەلگەژی بوڤی چەندێ پەیدا بینا سترانا بیژیت نوی و تیپیت موسیقی ل سەرانسەری کوردستانیە وەك تیپا دهوکێ، کو ب راستی نیشانا سەر بلندیا هونەرو هونەر - مەندیت کوردە و تیپا لاوان و تیپیت دی بیت هەڤلیرو سلیمانیێ.. هتد

تایبەت دهوکێ

لەگەڵ دوو هونەرمەندا

ڕەوتی دراما کوردی لە گەشەکردندایەو لاوانی خوێنگەرمی ئەم دیاردە پیرۆزەش، مەشخەل هەڵگری ئەو ڕێبازەن. بۆیە ئومێد دەکرێ کە دوارۆژی ئەو سیما شارستانییە بگاتە لووتکەو ئەو قوتابخانە مەزنە [وانەی راستی]ی تێدا بگووترێتەوە..

• نیازی •

هونەرمەندی لاو «عوسمان ئیبراهیم»، یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی تیپی نواندنی رانیەو لە گەلێك شانۆیی و کاری هونەریدا رۆڵی چاپوکانەی خۆی گێراوە. بۆ نموونە لە [ئاوازی سەنگەر، دەرمان، زیندانی، چارەنووسی ئادەمیزاد... تاد] دا دەوری چاکی هەبووەو بەردەوامیش لە پرۆڤەکردن دواناکەوێت.. بە بەهرەیەکی لێهاتووانەوە دەچێتە سەر تەختەی شانۆ..

هەروەها خوشکە [کەژاڵ ئیبراهیم]یش ئەندامێکی تری ئەو تیپەیەو بەگیانێکی لە خۆبووردوانەوە خۆی خستۆتە ئامێزی شانۆوە.

لە چاوپێکەوتنێکدا هەریەکەیان سەبارەت بە لایەنێکی ئەم هونەرە دوا.. لەپێشدا خوشکە کەژاڵ گووتی:

« راستە لە رووی دواکەوتنی کۆمەڵەکەمانەوە، ئەو ئافرەتانەی بەشداری ئەم هونەرە دەکەن تووشی گیروگرفت دێن!! بەڵام دەبێ ئافرەتانیش ئەوەندە قوربانی بدەن تا بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ دەبن و هەروەس هێنانی ئەم بیرە کۆنانە خێراترو مسۆگەرتر بکەن.. من دەوربینینی پیاو لەجێگەی ئافرەتدا بە ناپاکی دەزانم لەگەڵ واقیعی مرۆڤایەتیدا، بێگومان ئافرەتانیش، تاوانیان لەم گرفتەدا هەیە، چونکە زۆربەیان ئەم هەقە نادەن بەخۆیانو لایان نەنگیە داوای ئەم جۆرە ئازادیانە بکەن.. لەکۆتایدا زۆر بەختەوەرم کە شانۆ بەمنی ئافرەت رازی بێت!! ».

کاك عوسمانیش ئاوا باسی هۆکارەکانی گەشەکردنو پێش‌کەوتنی شانۆی کوردی کرد:

« ئەگەر هەندێ لایەن رەچاوبکرێن لەبواری گەشەپێدانی شانۆی کوردیدا، بێگومان ئەم هونەرە لە دۆخێکی گەلێك لەبارترو چاکتردا خۆی دەدۆزێتەوە، ئەم لایەنانەش بەکورتی ئەمانەن: پەرەپێدانی شانۆی منداڵان، خوێندنی ئەم هونەرە لە قۆناغەکانی خوێندندا وەکو وانەیەکی سەربەخۆ، زۆرکردنی هۆڵی شانۆیی و پێویستییە هونەریەکان لەگشت شارو شارۆچکەکان، شارەزابوونی هونەرمەندان لە هونەری جیهانیدا، رێگەدانی ئافرەتان بۆ بەشداری‌کردن لەم هونەرە پیرۆزەدا و گەلێك هۆی دی..».

لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا هەردووکیان سوپاسی رۆژنامەی « هاوکاری » یان کرد بۆ ئەم بەتەنگەوە هاتنەی هونەری کوردیو گرنگی دانی بە بەهرەی لاوان.

شانۆگەری بوونە خەلیفە بە خەیاڵ

لە ساڵانی ١٩٥١ - ١٩٥٢ شانۆگەری (بوونە خەلیفە بە خەیاڵ) کرا لەلایەن قوتابیانی شەوی ناوەندییەوە لە هۆڵی سانەوی سلیمانی بەبێ ئەوە ی‌تاکوو ئێستا هیچ کەس باسی کردبێ ئەم خو نواندنە لە کتێبی خوێنەوەی کوردی پۆلی سەرەتایی وەرگیرابوو وەلەدەرهێنانی ماموستای خوالێخۆشبو وا. ب. هەوری بوو ماوەی هەفتەیەك ئیشی کرد سوودە کەی بۆ قوتابیانی هەژاری شەوبوو کە پارەی خوێنەنی ساڵانە نەدەن وەهەروەها شەوێك تەرخان کرابوو بۆ پیاوە ناودارەکانی سلیمانی وەشەوێك تەنها بۆ ئافرەتان وەشەوێك بو قوتابیان وە شەوێك بۆ هەموان بەم پێیە دابەش کرابوو وەئەوانەی دەور یان تیا ئەبینی: -

ماموستا رەسول خضر بوو کە ماموستای شەوبوو پیاوێکی رەش تاڵەی باریکی درێژ بوو کە دەوری هارون رەشیدی تیا ئەبینی.

وەماموستای چیرۆك نووس عبدالله میدیا دەوری جەعفەری ئەبینی وەلەدەوری جوان ترین کە نیزەك خاوەنی ئەم ووتارەبوو وەدەوری کە نیزەکی دووەم کاك محمد رەزابوو.

دەوری قولەرەش کاك نووری بەدەوی‌بوو طەربوشیکی سووری کردبوو. سەری گلۆپێکی پچوکی بەوایەرو پیلی قەڵەمی پێوە بەندکردبوو لەکاتی خوێنوا ندندا گلۆپەکە دائەگیرسا.

وە هەروەها علی اسماعیل و گەلێکی تر دەوریان تیا ئەبینی کە ناویان لە یاد نەماوە.

وە لە بەینی پەردە دادانەوەدا خوالێخۆش بوو (قادری حاجی حسین)ی هونەرمەند بە هاوکاری تیپی مەولەوی بەشداری تیاکرد بوو، و. ئەشەوەی کە بۆ پیاوە ناو دارەکانی سلیمانی ئیشی ئەکرد کاك قادر بەدەنگە زولاڵەکەی بەمەقامی ئای ئای تێی دەچریکاند، هۆڵەکە دەنگی ئەدایەووەو، دانیشتووان لە دەنگەکەی سەرسام بوبون ئەم دەنگە زولاڵەی کاری کردە سەر مەلا عەزیزی مەحوی بۆیە خۆی پێرانەگیرا هاتە سەر شانۆکەو ئەویش بەودەنگە ناسکەی چەند مەقامێکی ووت وەلە پاشا بەجووتە دەنگیان لێ‌هەڵبری‌و درێژەیان پێداو بوبوو بەرەزامەندی دانیشتووان.

سعید شیخ علی رشید

«گەشانەوەی ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشی کوانووی کۆنیی کوردەواری»

گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی

عثمان شارباژێری

گۆرینەکانمان:

(حەسەن)ی ئامێ
(١٨٢١ - ١٨٨٥)

«حەسەنی ئامێ، یەکێك بووە، لە گۆرینە دەنگخۆشەکانی سلیمانی، (بەستەبێژ)و (بەیتخوێن)و (مەقام زان)یکی شارەزاو توانا بووە، لە مەقامەکانی (قەتار)و (خاوکەر) وئای‌ئای)دا زۆر زاناو گۆریا بووە، ئەم هۆنراوانەی (مەولەوی) لەسەر زار بووە.

«خەرمان خەمان ها وەکەل (با)وە»
شەنکەر یەکێکە، دووشەن وەلاوە»

«ئەر ساتێك دووریت، سەد ساڵەن جەلام»[1]
«دەردم کاری‌یەن، وەسەرگەردت بام»

مامۆستا (نەجمەدین مەلا) لە زمانی (پیرەمێرد)ی شاعیری دەگێرایەوە (کە ئەو زمانەی گوێی لە گۆرانیی ئەو گۆرینەدیە بووە، لە تەمەنی (مێردمنالی)دا بووە، زۆر دلگرو دلبەندی دەنگی (حەسەنی ئامێ)بووە، پیرەمێرد دایگوت:

«زایەلەی زەنگی دەنگی حەسەنی ئامێی تا ئێستاش لە کەللەم دا ئەزرنگێتەوە، ئای لە سۆزو سەدای ئەو دەنگە داودیە! ئاوازی (ئای‌ئای)و (ئەڵلاوەیسی) لەدوای (حەسەن) ووتنی حەرامە، هەر لەخۆی ئەهات» - مامۆستا نەجمەدین مەلا دەیگوت (پیرەمێرد مەینۆش نەبوو، بەڵام کە گوێی لە دەنگێکی خۆش بوایە، وەك مەست و مەیخۆر، دڵ و دەروونی دەهاتە کوڵ و بەیادی دەنگی ئەو گۆرینە بەهرە مەندە، دەیگوت

«ساقی بمدەرێ، لەو مەیە جامێ»[1]
«مەستم بە نەوای حەسەنی ئامێ»

حەسەنی ئامێ، وەك مەقامزانێکی هەڵکەوتوو بووە، هەرواش لە (بەستەبێژ)یش دا بەهرەیەکی بێ وێنەی هەبووە، ئاهەنگسازێکی دیارو دەم گەرم بووە، هەواکانی (مێوڵێ‌و دیلێژە، ئەز دەنالم، سوار هەی سوار باوانم، دەم قەند، لەیلێ گیان،) زۆر چاکی زانیون وە بە دەنگێکی خۆشەوە گوتوونی، بەڵکوو هەندێکیان لە دانان و داهێنانی خۆیەتی (٣)و ئەم گۆرانی‌یە لە دەمی (حەسەنی ئامێ)وە داکەوتووە.

(رەعنا)
(رەعنا) گەیی‌یە، پێبازێ
گەردن وەك گەردنی قازێ
ئەو شۆخە، تازە بووکە
بە جوانی خۆی ئەنازێ
رەعنا خانم
شۆرێی جوانم
شەو، میوانم
(رەعنا بووکی‌مەڵکەندی - گوڵ بووی لەباخم کەندی
شەنگ و شیرین وشۆخی - شەکرە ژن و لیو قەندی
رەعنا خانم[4]

سەبارەت بە (حەسەنی ئامێ)ی گۆرینەدی دەنگخۆش مامۆستا (عەلائدین سەججادی) لە (رشتەی مرواری) بەرگی پێنجەم، لاپەرە (١٢٢) دەڵێت:

«سەید حەسەنی موفتی لە سولەیمانی ئەبەوێ ژنێکی تر بینیت، لەدوایی دا (حەبەخان)ی کچی (شێخ عەلی عەبابەیلێ)ی بۆ ئەدوزنەوەو رێ‌ئەکەون، تاقمێ سوار لە سلیمانی‌یەوە ئەچن بۆ گواستنەوەی «حەبەخان» لەو لاوە سوارەی عەبابەیلەش لەگەڵ بووکا دێن بۆ سلیمانی، (شێخ عەلی)یش پیاوێکی ناودارو لەگەڵ (مەولەوی)دا زۆر دۆست بوون، (مەولەوی)ش لەبەر ئەو دوستایەتی‌یە کە هەبوو، بۆ ئیحترامی شێخ عەلی لەگەڵ - (حەبەخان)ا، دیت بۆ سلیمانی، لە رێگادا (حەسەنی ئامێ) هەبوو، گۆرینەدەو دەنگخۆشی ئاو ئەو دەستە سواره ئەبێ، [بەڵکوو گۆرینەدی ئەو دەورە بوو] رووی لێ‌ئەنێن بۆ ووتن، ئەویش بە مەقامی (ئای‌ئای) دەست ئەکا بە خوێندنی شیعری (مەولەوی) کە ئەو سەردەمە بەشیعری (مەلارەحیم)ی ناوی دەرکرد بوو.

- هەر کە (حەسەنی ئامێ) دەست ئەکا بە ووتن، مەولەوی لەسەر وولاغەکە حاڵی لێ دێ، وەکوو بارانی بەهار ئاو بەچاویا دێتە خوارەوە.! خەڵکە کە ئەمەیان پێ ناخۆش ئەبێت، چونکە ئەوان بۆشایی هاتوون، کە چی ئێستا شایی بوو بە شین و گریان، ئەچن بەحەسەن ئەڵێن «بابە ئیتر مەڵێ، با لەمە زیاتر گریانی مەولەوی شایی‌یەکە نەکا بە شیوەن.!!

- (حەسەن) بێ‌دەنگ ئەبێ‌و بەڵام پێشی ناخۆش ئەبێ کەوا «گۆرینەدیەکی وەکوو ئەو» بۆ شتێکی وا بێ دەنگ بکرێ. ئەچێتە بن دەستی (مەولەوی)و پێی ئەڵێ: «بەقوربانت بم، من شیعری تۆ ئەخوێنمەوە تۆ بۆچ وائەگریت؟ (مەولەوی)یش ئەڵێ «بەقوربانت بم من کەی وا خۆشم ووتووە.!!»[5]

ئەم (راز)و (را)یەی (مەولەوی) مەزن، دەنگخۆشی‌و بەهرەمەندی‌و بڵندی ئەو گۆرینەیەمان بۆ دەردەخات.

(حەسەن) بەناوی (ئامینە = ئامێ)ی دایکی‌یەوە بەناوبانگ بووەو بانگ کراوە، (خۆی) کوڕی میرزا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی‌کانی شوانی)یە.

- ساڵی ١٨٢١ لە سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی لە دایك بووە

- ساڵی ١٨٨٥ کۆچی دوایی‌کردووەو لە گردی سەیوان) بەخاك سپێراوە.[6]

سەرچاوەکان:

(١) گۆڤاری «رۆشنبیری نوێ»ژ (١٠٦) - ١٩٨٦ کاروانی مۆسیقاو گۆرانیی لە شاری سلێمانی (ل١٣٢).ع.ش

(٢) چەند یادگارێك لەگەڵ (مامۆستا نەجمەدین مەلا)

(٣) (مامە حەمەی نانەوا) خوالێ‌خۆش بێ دەنگخۆشی سلێمانی بوو

(٤) گەنجینەی گۆرانیی کوردیی / ١٩٨٥ ل٢٩٤ (ع.ش)

(٥) رشتەی مرواری، بەرگی (٥) ل١٢٢ (مامۆستا عەلائدین سەججادی)

(٦) گەنجینەی گۆرانی‌ی کوردیی / بەرگی (٢) دەستنووس.

«چۆڵەکەکانی رانیە.. لەیەکەمین شانۆیی منداڵاندا»

تیپی نواندنی «بیتوین»ی سەر بە مەڵبەندی لاوانی رانیە، شانۆیی‌یەکی خنجیلانەی بە ناوی (چۆڵەکەکان) پێش کەش - کرد، لەنووسینی - جبار صبری - و وەرگێرانی هونەرمەندی بەتوانا - زایەر عبدالله - و ئامادەکردنی کاك - سەعدون یونس - هاروەها کاکی بەهرەوەر - ئەنوەرشێخانی - بەشێوەیەکی رەنك وپێك و سەرکەوتووانە دەری هێنابوو.

ی ئابی - ١٩٨٦ لەسەر شانۆی مەڵبەندی ناوبراو شانۆیی‌یەکەنزیکەی ٤٠ خولەکی خایاندو لەرۆژانی ٤و٥ پێش کەش کراو خەڵکێکی زۆر لەهونەردوستان دیدەنی‌یان کرد.

شایانی باسە کە بگووترێ: ئەمە یەکەمین جارە لەم شارەدا شانۆیی منداڵان پێش کەش دەکرێ لەگەڵ ئەوەشدا توانرا بە سەرکەوتوویی‌و لێهاتووانە ئەم ئاواتە بێتەدی. ئەو کەسانەی دەوری‌یان دی ئەمانەبوون:-

[تەلار هیرانی، کاوەپشدەری، هیران هیرانی، علی کمال، خدر ئیبراهیم، سەباح ئەحمەد، سیروان ئەنوەر لەیلا ئەحمەد، کاروان هیرانی، نیشتمان محمد، جمال محمد رۆشنە عزیز، بیری اسماعیل، کاسترۆ هیرانی] کارەهونەری‌یەکانی وەکو مۆسیقاو دیکۆر و ئارایشت و ئێکسسوار لەلایەن چالاك رەفیق و نزار مامەو ئەنوەر شێخانی ومامۆستا خەلیل و ئەندامان بە رێکوپێکی وسەرکەوتوویی بەرێوە چوو.

لە هۆڵەکەدا پرسیارمان ئاراستەی هونەرمەند، ئەنوەر شێخانی دەرهێنەر کرد «ئەویش سەبارەت بە بەرهەمی ئەمجارە گووتی:

- لەم ساڵانەی دوایی‌دا هەستمان بەوە کردووە کە بزووتنەوەی شانۆیی لەم شارەدا گەلێك لەجاران زیاتر بەرەو پێشەوە چووە.. بەڵام لەرووی شانۆی منداڵانەوە لەدواوەبوو بویە حەزمان کرد ئەم لایەنەش فەرامۆش نەکرێ.دوا وتەمان پیرۆزبایی بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە

Institut kurde de Paris

«بەزینی دوژمن»

کمال امین سمین

ئەمڕۆکە پاش ئەوەی بەتەواوی پەردە لەسەر ڕووی ڕەشی بەکرێگراوانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم هەڵدرایەوە، پاش ئاشکرابوونی نیازی چەپەڵی سیاسەتی دوژمنکاری کاربێدەستانی ئێران دژی گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەبی و هیواو خواستی گەلانی ئێران . . پاش سەرکەوتنی گەورەی عیراق لەبەرەکانی کوشتاردا پاش سەرکەوتنی عیراق لەبەرپەچدانەوەی گەردەلولی زەردی خومەینی و پاراستنی سەربەستی و سەربەخۆیی، پاراستنی ئیستاو دوا ڕۆژی پرشنگەدار.

ڕژێمی گەندەڵی خومەینی ئەیەوێت شەڕی شار بنێتەوە، دەستی کردووە بەبوردومان کردنی شارو گوندەکانی عیراق، تاکو عیراقیش بەهەمان شێوە ڕەفتار بکات.

خومەینی درندەو بێ دەسەڵات پاش پان کردنەوەی کەللەی سەری هێزەکانی لەبەرەکانی کوشتارو تێکچونی دۆخی ئابوری لەئەنجامی بۆردومان کردنی دام و دەزگاکانی ئابوری و وێرانکردنی دوورگەکانی خەرەج و سیری و لارك و لافان . هەروەها تێکچونی باری ناوخۆی ئێران لەئەنجامی پەرەسەندنی خەباتی چەکداری و بەزربوونەوەی دەنگی نارەزایی گەلانی ئێران بەرامبەر سیاسەتی دوژمنکاری و بەردەوامبونی شەڕو خوێن ڕشتن، بەجاری سەری لێ شێواوە بەدوای کەلەبەرێك ئەگەڕێت تاکو بتوانێت بیکاتە بیانو بۆ ئەوەی درۆ لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئێران بکات و فریویان بدات و بەرەو بەرەکانی کوشتار ڕەوانەیان بکات، بۆ ئەم مەبەستەیە شەڕی شار بنێتەوە، بەڵام گەلی عیراق و سەرکردایەتی مێژوویی عیراق زۆر لەوە گەورەترە کە ئاخوند بتوانێت کاری تێبکات ، سەرەك کۆماری تێکۆشەر صدام حسین لەنامە مێژوویی یەکەیدا کە ئاراستەی گەلی عیراقی کرد پەنجەی بۆ ئەم ڕاستیە درێژ کرد.

هەروەها سەرەك کۆماری تێکوشەر دووپاتی کردەوە کە عیراق زۆر بەهێزەو ئەتوانێ شاری ئەواوی ئێران وێران بکات . بەڵام سەرکردایەتی سیاسی عیراق کە زۆربەی گەلانی ئێران و گەلانی ئاشنیخوازی دەوڵەتی لایەنگیری ئەکەن و باوەڕیان بەهێزو توانادارى عیراق هەیە. هەمان شێوازی دوژمن ناگرێتە بەر بەهەمان شێوە بەربەچی ناداتەوە، بەڵکو بەشێوەیەك بەرپەچیان ئەدەینەوە کە بۆ بەرژەوەندی عیراق و نەتەوەی عەرەبی و پەیامی مێژوویی عیراق بێت، بەشێوەیەك کە زیاتر گەلانی ئێران بەلای خۆماندا رابکێشین ، بەتایبەتی ئیستا زۆربەی گەلانی ئێران داوای ڕاگرتنی شەڕ ئەکەن، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی عیراق و بەزینی ڕژێمی خومەینی ئەگەیەنێت.

ڕژێمی خومەینی کەئەم شەڕەی بەسەر عیراقا سەپاند لەپێناو جێبەجێ کردنی خواستە دوژمنکاریەکانی دژی عیراق و نەتەوەی عەرەبی بەتەواوی بەزی. . عیراقیش سەرکەوتنی وەدەست هێناو سەربەرزی و سەربەستی و شکۆمەندی پاراست. .

نامە مێژوویی یەکەی سەرەکی تێکوشە صدام حسین کە ئاراستەی گەلی عیراقی کرد بەتەواوی دووپاتی ئەم ڕاستیە ئەکاتەوە. .

سەرەکی تێکۆشەر، ڕابەری دڵسۆزو لێهاتووی عیراق ، بەناوی هەموو عیراقیەکان قسەی کرد، سەرۆکی تێکۆشەر هەست بە دەرونی عیراقیەکان ئەکات، ئەو ووشانەی کە لەنامەکەیدا هاتبوو لە دڵ و دەروونی هەموو عیراقیەك پەنگ ئەخواتەوە، چونکە ڕۆژی دڵسۆز بەوەفای عیراقە. .

گەلی عیراق دڵنیایە لەوەی کە سەرۆکی تێکۆشەر بەرەو سەربەزری و شکۆمەندی بەرەو لوتکە ڕابەرێتیان ئەکات.

لەژێر سێبەری سەرۆکی تێکۆشەر ئاڵای سەرکەوتن هەمیشە ئەشەکێتەوە.

ئێران..
قۆناغی سەرەمەرگ

- جمال أحمد -

ئەگەر بێت و بەوردی لە باری ئێرانی ساڵی ١٩٨٦ بکۆڵینەوە، بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ هەست بەو بارە تازەیە دەکرێت کە ئێران لە ساڵی نوێدا تێیدا دەژی کە قۆناغی سەرەمەرگ و چاڵی گەورەی کاربەدەستە هەڵنخەڵەتاوەکانی ئێرانە. . . ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك ڕاستی کە ڕۆژ بەڕۆژ لە ئێراندا ڕوو دەدەن و بە ئاشکرا دەری دەخەن، کە ئێران ساڵی نوێی، ساڵی مەینەت و پەژارەیە، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەدا. . .

لە ڕووی ئابوورییەوە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئێران بەهۆی لێدانی دوورگەی «خەرج»و دەزگاکانی تری ئابووری لە لایەن هەڵو دلێرەکانمانەوە، پەکی کەوتووە، تەنانەت هەتا کاربەدەستانی ئێرانی خۆشیان دان بەوەدا دەنێن کە ئێران لە ڕووی ناردنی نەوتەوە ڕادەی کەم بوتەوە، جگە لەو هەزاران خەڵکە بێکارەی کە بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوەو لە ئەنجامی بێکاری دەناڵن. . .

چونکە ئێران لەژێر سێبەری دەسەڵاتە ڕەگەزپەرستەکەیەوە بە ڕادەی یەکەم هی ئەو کەسانەیە کە دارو دەستەی ڕژێم پێك دێنن. . . ئیتر لە ئەنجامی ئەم واقعیە تاڵە، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی ڕادەکەن، زۆرتر لە ئاوڕ دانەوەیەك بۆ ساڵانی ڕابردوو، بۆمان ڕوون دەبێنەوە کە ، چۆن ستراتیژیەکانی زایۆنیزمی و شارەزاکانیان بیریان لەوە کردبووەوەو کە بە چ نەخشە و پلانێك هەڵسن لە بۆ بەرەنگار بوونی هێزی سوپای چەکداری عیراق پێش گەیشتنی بە سنوورەکانی ڕوو بە ڕوو بوون لە کاتی بەشدار بوونیدا لە جەنگی ڕزگار کردنی خاکی فەلەستینی داگیرکراودا شان بە شانی هێزە عەرەبیەکاندا

گومانی نیە ئەم جۆرە بیر کردنەوە پلانەکانی قەوارەی زایۆنیزمی بووە شتێکی دیارەداوە و ئاشکرا لە جیهاندا ، بە تایبەتی لە لای ئەو عەرەبەکاندا ، هەروەها ئاشکرا بوونی لە پێش چاوی شارەزایان و لێکۆڵەرەوەکانی سوپایی و سیاسیەکاندا

ئایا. . هاوپەیمانیەتی خومەینی و زایۆنیزمی. . بۆ. . !!؟

لە دوا ساڵانی پەنجاکاندا ـ لە لایەن مرۆڤێکی بێ‌لایەنی‌دا ـ ڕۆژنامە نووسی هیندستانی «کارانجیا»ی ناسراو ـ کتێبێك کەوتە بازاری جیهانی خوێنەرانەوە لەژێر ناونیشانی «خەنجەری ئیسرائیل»دا کە تیایدا چەندی گرنگی بەرزی بایەخدانی ئیسرائیل ڕوون کردۆتەوە لە سەرەتای دامەزراندنی قەوارەکەیەوە لە بۆ دانانی نەخشە و پلانێکی تایبەت دژی عیراق، لە هەمان کاتیشدا لە کتێبەکەیدا ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە دەزگاکانی ئەنجومەنی سوپای زایۆنی چەندها نەخشەی ساڵانەی بەدەستەوەیە و تەرخانی کردوە دژی پەرەسەندنی هێزی سوپای عیراق و دەوری سوپای عیراق لە پاشەڕۆژدا لە هەر جەنگێکی عەرەبی ـ ئیسرائیلی دا کە ئەوەش بەتەواوی ڕووداوەکانی ساڵانی «١٩٤٨ ـ ١٩٥٦ ـ ١٩٦٧ ـ ١٩٧٣» دوپاتی کردوە

ڕۆژنامە نووسی ناوبراوو ناسراو ـ ئەو بەڵگە گرنگەی دەست کەوتووە و خستویەتە ڕوویەو لە نیو کتێبەکەیدا کە بەڵگەکە دەڵێ «پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی بدرێ بەرەو تێکشکاندنی سوپای عیراق لە کاتی گەیشتنی ونیزیك بوونەوەی لە سنووری ڕوو بەڕوو بوون دا، هەروەها پێویستە بە داگیر کردنی کەرتی ڕۆژئاوا پێش گەیشتنی سوپای عیراق بەو شوێن و کەرتە.

ئەوا شەش ساڵ تێپەڕی و پێمان لە حەوت ساڵەی جەنگدایە دژی درندەترین ڕژێمێك لە جیهاندا ، کە درێژترین جەنگیکە وەهەرێمێکی عەرەبی بەتەنها تیایدا دەجەنگێ دژی وڵاتێکی بێگانە کە ئەم جەنگەی بە زۆرە ملێ سەپاندە سەر گەلی عیراق. .

وڵاتێك کە چەندەها جار لە وڵاتی عیراق پان و بەرێن تره. . ژمارەی دانشتوانی سێ ئەوەندەی ژمارەی وڵاتی عیراقە. . بەڵام ئەوەی کەجێگەی ڕاست و ڕاستەقینەیە کە دوژمن بەخۆی «دوژمنان بە خۆیان» دانیان پیداوە ناوە کە چەند ترس و لەرزیان لە لاشەدا نشتووە و بۆیانیش ناکرێ لە ژێر تارای ڕەش و چڵکنیاندا بشاردرێتەوە، کە لە پاشەڕۆژدا عیراق و سوپای سەربەرز و سەرکەوتوومان لە ناو گەل و وڵاتانی جیهاندا ئاڵاکەی بە بەرزی دەگەشێتەوەو ئەوەش بۆ جیهان دوپات دەکاتەوە کە چۆن فێری ناو جەنگ و جەنگین بووە لە بەکار هینانی نەخشە وپلانی نەکنیکی نوێ و لە سەر بناغەیەکی زانیاری‌دا. .

شی کردن و لێکولینەوەی زایۆنیەکان

ارییل شارون. . . کە یەکێکە لە ژنراڵەکانی زایۆنی و وەزیرەی بەرگری پێشوو. . ئەڵێ «ئێمە یارمەتی ئێران دەدەین بە چەك و کەرەسەی جەنگ دژی عیراق ، چونکە عیراق یەکەمین وڵاتێکی خەتەرناکە بە گوێرەی ئیسرائیل . . هەروەها ئیسرائیل ترسی لە خومەینی نییە هەرچەند هەرەشەو گورەشە دەکات تەنها ترس لە پەرەسەندنی عیراقە، بۆ ئەوەی لە مانگی حوزیرانی «١٩٨١»دا هەڵسلین بە لێدانی دەزگای ئۆتۆمی.

لە هەمان کاتیشدا ترسی جەنگی درێژخایەنی بە لاشەی زانیارانی

«شفیق محمود جاف»

دەبێت. . . بەتایبەتی ئەمسال شالاوەکە یەگجار گەورەتر بوتەوەو کۆمەڵانی خەڵك لە ئێران بە سەدان وڵات جێ دێڵن، پاش ئەوەی کە ڕژێم هەموو هۆیەکی سزاو زیندانی بۆ دروست کردن. . . .

ئەوەتا ڕاپۆرتەکان دەرەوە ڕای‌دەگەیەنن کە بە هەزاران هاووڵاتی دەپەرژێنە سەر سنوورو دەپەرنەوە بۆ ئەوەی لەم بەندیخانە گەورەیە ڕزگاریان بێ کە ـ خومەینی ـ و دام و دەزگاکەی دروستیان کردووە.

لە ئێرانی ساڵی ١٩٧٦ . . . دەسەڵاتدارەکانی ئێران بڕوا ناکرێ بەزەییان بەم میللەتە بێتەوە. . بگرە ئەوقەکە توندتردەکەن گیرفانی خۆیان پرتر دەکەن. .

بەڵام لە ڕووی ڕامیاریەوە، ئەوەیان زۆر ئاشکراتر دەردەکەوێ، کە کاربەدەستان، هەموو مانایەکی دیموکراتی و ڕادەربرین و سەربەستیەکی گەلانی ئێرانیان خستۆتە ژێر پێ . . . لە عەمامە لە سەرەکان بەو لاوە کەمی مافی ئەوەی نیە قسە بکات. . . ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی زیندان و بەندیخانەکان لە زۆربوندان، بەو ڕادەیە کە لە ئەنجامی زۆربوونی بەندە سیاسی‌یەکان جێگای بەندکردن نەماوەو نیستا زۆر لە قوتابخانەو کارگەو نەخۆشخانەکان بوونەتە زیندان بۆ ڕۆڵە بەشەرەفەکانی ئێران کە ڕوو بە ڕووی ڕژێم دەبنەوەو داوای مافی سەربەستی و ڕووخانی ئەو ڕژێمە دووواکۆتووە دەکەن. . . .

بەڵام لە ڕووی ڕۆشنبیری. . . ئەوەی سەرنج دەداتە ئێران، هەرچی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرو هونەرمەند هەیە ئاوارە بوون. . . یان لە سێدارە دران، یان چاوەڕوانی پەتی سێدارە دەکەن. . . چونکە ڕژێم ڕقی لە هەموو لایەنێکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەرە. . . بەڵکو ئەمانە بە کوفر دەزانێت. . .

ئەوبو لەم چەندانەدا، ژمارەیەك لەو ڕۆشنبیرو هونەرمەندانە لە لێ‌دوانی ڕۆژنامەنووسی قسەیان دەربارەی کارە نارەواکانی ڕژێمی ئێران و ئەو وینە پر ئازاردانە کرد کە بەشی هەرە زۆری ئەم چینەیە. . .

لە لایەکی‌تر، لە ناوەوەو دەرەوەی ئێران، میللەت ڕادەپەڕێ، بەگژ ڕژێم دا دەچێت و دەنگی نارەزایی گەل هەموو سووچێکی گرتۆتەوە. . . ڕۆژ نیە هەواڵی ئەو فیداکاریی‌یە نەبیستین کە «مجاهدی خەلق» سەرپەشتی دەکات و لەم ماوەیە جموجۆڵەکە زیاتر تەشەنەی کردووە. . . .

بەڵام لە ئاستی جەنگ دا، دوای شەش ساڵ، ئەمسال ئێران وەزعی لە هەموو ساڵەکانی پێشوو شرترە، هەر دەم نا دەمێك لێ‌پرسراوانی ڕژێم بە قسەی بەتاڵ باسی هێرش دەکەن و باسی ئەوە دەکەن کە هەموو وڵاتە عەرەبەکان دەبێ بخرێنە ژێر سێبەری ئەم ئیمپراتوریەتی‌یە «ئیسلامی‌یە!». . .

کەچی هەر لە قسەی ڕووت بەوڵاوە هیچی‌تر نیە لە هەموو هێرشێك دا بە ڕووەشی دەگەڕێنەوە. . یان هەر ناگەڕێنەوە. . . بە زۆرە ملێ خەڵك دەنێرنە بەرەکانی جەنگ و لەوێ بە قاچ و دەست شکاوی خۆیان دەبینن و لە خوێنی خۆیان دەگەوزن. . . لە ڕووی دەرەوەش، دنیا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەقیقەتی ئەم ڕژێمە بۆگەنەی بۆ دەردەکەوێ کە گەنە بە هەموو یاسایەکی دەوڵەتان دەکا و ڕێزی هیچ دام و نەرتێکی دەوڵەتان ناگرێت. . . . دوای ئەمانە هەمووی و شتی ـ تریش، بۆمان هەیە بە ئاسانی دەست نیشانی ئەوە بکەین کە ئێران لە سەرەمەرگی خۆی‌دایە. . .

ئەوەیە دەنگ و باسەکانیان

● جمال محمد امین ●

جەنگاوەرەکانی عیراق هەمیشە شت بە کردەوە ئەسلمێنن. کە ئەبێ خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئەم وڵاتە شیرنە.

ناهێڵن هیچ دووژمنێك پێ بخاتە ناو خاکی عیراق و ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکات ئەبێ لەناو ببردێ و تەفرو تونا بکرێ.

هەر وەك و خومەینی ویستی بە خەیاڵی بوگەنی خۆی خاکی عیراق داگیر بکات و گەلەکەی توشی گیرەو دەردەسەری بکات.

بەڵام جەنگاوەرەکانی سەدەی بیستەم هەر وەکوو ناسراون بە نمونەی پاڵەوانیەتی و ئازایەتی لەگشت جیهان دا نەیان هێڵاو ناهێڵن دووژمنی تاوانبار یەك بست لە سنوری عیراق نزیك بێتەوەو دەرسێکی وایان پێ‌دان تەنانەت ناوی خۆیان لەبیر بکەن و بە سەرشۆڕی پاشە کشە بکەنەوە بەرەو مۆڵگەکانیان.

ئەی جەنگاوەرە عیراقیەکان ـ ئەمەیە دەنگ و باسەکانتان کە سەرتا سەری جیهانی پر کردوو هەموو بە تێکرایی ئەیڵێتەوە. بێگومان ئیوەن خاوەن نمونەی دەیان داستانی ئازایەتی و پاڵەوانیەتی.

ئەوەیە چارە نووسی هەر کەسێك کە بیەوێ خاکی عیراق داگیر بکات.

ئەو عیراقەی بە جەنگاوەرو خاك و ئاوو بە چیا بەرزەکانیەوە بە تێکرایی بووە بە یەك پارچە ئاگر بەرامبەر بە داگیرکەران لە ئەنجامدا دوژمنی قین لە دڵ ئەمجارەش سنوری عیراقی کرد بە گۆڕستانێکی‌تر بە دەستی پاڵەوانانی عیراق.

بێگومان هەرگیزاو هەرگیز گەلی عیراقی قارەمان ئایەوێ خۆی بخاتە ئەو گێژاوەی کە گەلی قوربەسەرو ماڵ وێرانی ئێران تێ کەوتووەو ئەو دەردەی ئەوان بە دەستی جادوگەران دەیچێژن.

وەئەو جەنگاوەرانەی کە ئەژانن چۆن بەرەنگاری ڕق و قین ـ وەئەمەیە داستانی لاشەی سوتاوو کوژراوەکانیان کە دوژمن هیوایەکی زۆر گەورەی پێ بوو ـ بە یارمەتی خواو بە بازووی ڕۆڵە جەنگاوەرەکان ئەمجارەش زەبرێکی کوشندەیان لێدراو هەرگیز نەیان توانی پشتی خۆیان ڕاست بکەنەوەو بیر لە داگیر کردنی خاك و ئاوی عیراق بکەنەوە.

هەروەك چۆن مەحاڵە کەبتوانن بستێك لە خاکی پیرۆزی عیراق داگیر بکەن.

هەزار سڵاو بۆ ئەو کەسانەی کە لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سنگی دوژمنی قین لە دڵ کردوە.

سەرکەوتنیش هەر بۆ ڕەوایی مەسەلەکەمانە.

سلفادۆر

سلفادۆر یەکێکە لەوڵاتەکانی ئەمریکای ناوەڕاست لە ساڵی «١٨٢١» زایینی کەوتە ژێر دەسەڵاتی اسپانیا واتە «١٦٥» ساڵ لە مەوپێش سەربەخۆیی وەرگرت دانیشتوانی ئەم وڵاتە « ٤١٥» ملیۆن کەس دەبن پایتەختی ئەم وڵاتە «سلفادۆرە» مەزهەبەکەیان کاثولیکەو زمانەکەیان ئیسپانیە ڕەگەزیان دۆرەیە واتەڕەگەزی سوورو سپی

ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵك، لە پایتەختی ئەم وڵاتە کۆبونەتەوە ژمارەیان دەگاتە «٨٠٠٨٥» کەس حوکمەتی ئەم وڵاتە جمهوریەو لەلایەن شوراوە بەڕێوە دەبرێت.

دوای سەربەخۆ بونی ئەم وڵاتەو گرتنە دەستی کاربە دەستان لەلایەن شوراوە شورا. شورا نەیتوانی کێشەی ناوخۆ بەتایبەتی وڵاتە دراوسێکان بەگشتی هندوراس ڕزگاری بێت و هەروەها لە دەروازەی ناوخۆشیدا داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی خستە پشت گوێ بۆیە لە ئەنجامی ئەو هەموو دەردەسەریە چەندەها ڕیکخراو گروهی سیاسی پەیدا بوون چەکدارانە خەباتیان کرد.

تێکوشانی حیزب و ڕیکخراوە سیاسیەکان بەتایبەتی برسێتی بوون لە بزوتنەوەی دیموکراتی میللی و سازمانی مقاومەتی خەڵك.

لەئەنجامی ئەو هەموو کێشانەو لە ساڵی (١٩٧٩» دا کوتادەیەکی سەربازی کرایە سەر کاربەدەستانی ئەم وڵاتەو لە ئەنجامدا کوتادەکە سەرکەوت و «موبوتو» ی سەرۆك لەسەرکار لا چو.

ئەمریکاش بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ دەستە خراپ کاریەکەی بمێنێتەوە شورایەکی بەبەشداری نیزامیەکانی خۆی پێك هێنابۆ نانەوەی ئاژاوە گێری دژی تاقمە بەرهەڵستکارەکان. ئەوەبوو هێزە چەکدارەکان دوای بەخۆ داچوونەوەیەکی زۆر بەپێی بەرنامەیەکی ڕێك و پێك هێرشێکی کت و پڕیان لە ساڵی «١٩٨١»دا کردە سەر دەوڵەت و لە ماوەیەکی نزیکدا «٥» شاریان داگیر کردو چەندەها کەسیان کوشت وزۆریشیان بریندارکردو هەندیکیشان دیل کردن.

بەڵام هەر زوو دەوڵەت پشتیوانی ئەمریکا هێزی نیزامی کۆکردەوەو بەپشتیوانی تانك و زرێپۆش و فڕۆکە هێرشی بردەسەریان.

گەڵێك جەنگاوەری قارەمانی کوشت و بریندار کرد دژ بەو کارەی ئەوان شوراو امریکا کۆبونەوەیەکیان لەناو خۆیاندا ڕێك خست بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێت دەست بەسەریاندا بگرێت و لاوازیان بکات ئەمجارەیان ڕێگای وتوێژی گرتەبەرو چەند ڕاوێژکارێکی نارد بۆ ئەوەی بکەونە گفتوگۆ داخوازەکانیان جێ بە جێ بکات بەڵام چەپەکان گوێیان پێ‌نەدات و بەرپەچی قسەکانیان دایەوە.

بۆیە تاوەکو ئیستاش هێزە سیاسیەکان و چەکدارەکان بەو پەڕی دڵسۆزی یەوە دەجەنگێن دژی ئەم دارو دەستەیە بۆوەدی هێنانی سەربەخۆیی و بەئاواتی لە مێژینەیان بگەن.

ڕێبوار محمد یوسف

Institut kurde de Paris

ب هەلکەفتا هەفتیا قادسیا صدام

نیڤاریەکا هوزان خواندنێ لدهوکێ

ل ئیڤاریا ڕۆژا ١٨/٩/١٩٨٦ دەم ژمێر [٦] ل هولا چالاکیێت فێرگەها لدهوکێ میهرەجانەك هاتە سازکرن بو گەنجێت دهوکێ . . ئەڤەژی ژلایێ دەزگەها ڕەوشەنبیرێ و بەلاڤکرنا کوردی . . ب چاف دێریا هەڤال [طارق کافی] رازگەری پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی لقێ دهوکێ . . لپشێ هێژا [تیلی امین] خیرهاتن ل هەڤال (طارق) کرو ب حازربونا هەمی هەڤالا پاشی بو گەرا هوزان خواندنێ کاك نجیب دگەل سەیداتیلی هەر دووا هوزانڤان پێشکێش کرن . . یێ ئێکێ کاك [احسان نعمان] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [ئاخ و خوین]

ئەڤە ژی پارچەکە ژ هوزانا وی: -

نی گەلو خوینامن نە ئاڤە کو بچێت بەلاش
نەخێ دی پێ شین بن تەف دارو تەراش
دێ بینە ئاڤ و پێ شول کەن هەمی ئاش
داخەمێن دلێ من بهێرن باش . . ؟

پاشی بو گەرا [عبدالمجید شکری] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [سپی ژی سوربو] تێدا گوت:-

کەڤرێن چیا لێ هەژاندین
تاکێت نێرگزا هشك کری
لێ گەش کرین و لڤاندین
بەلێ . . . بابو
دەنگێ تەبو
ژ زیندانێت بن ئاخ کری قەدەر کەتی؟

پاش بو گەرا کاك [عبدالعزیز خیاط] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [دەرێ هویڤیا لمن نەگرە] ئەڤەژی پارچەك ژهوزانا وی:

هەڤالێ من
ئەوا هاتیە سەرێ من
ژ کول دەردو ژانێت من
ژ ئێش و خەما
گەر ئەز بێژم بوتە هەڤال
دێ بێژیە من
چاوا مای و نەحەلیای . . ؟!

جارەکا دن دگەل [عبدالله حسن] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [بزاڤا من] ئەڤەژی پارچەك ژ هوزانا وی . . دێ روخینن
دێ روخینن
کورسیکێت زالمو دەجالا
دێ لبیرا وا ئینن هندەك جارا
خوینا خو بو وان ناهێلین
چنکی ئەڤرو
مەدڤێت ژین . .

پاشی بو دورا هێژا [عبدالستار حسن] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [وەلات چی‌یە] ئەڤە بارچەك ژ هوزانا وی.

گەلی برا
وەلات چی‌یە
ئاڤا هیەکە
بەرێت وی ژ زێرەکێ زەرن
بو مروڤی . .
ل چ جهی بیت خانی و لیسن
ل چ واری بیت
بو چ توخمێت مروڤا بیت
دای و بابە ، نان و ئاڤە . . ؟

بو گەرا هوزانڤانی هێژا و بەرگەفتی [رمضان عیسی] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [جەنگ] ئەڤە ژی پارچەك ژهوزانا وی -

لروژەکێ یان جارەکێ
پەل و بزوتین ئی کوچکێ
دناڤ ریکا کاروانێ ئازادیێ دا
بوینە خەتیر . . . یان ژی مەشخەل

پاشی بو گەرا [هاریوان اسماعیل] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [دنگ و حنگ] ئەڤە ژی پارچەیەك ژ هوزانا وی . .

بئەڤێ حنگێ
بئەڤێ دنگێ
بو ئێ جەنگێ
هوین بزانن ئەڤرۆکەیە چەند سال بورین
یا بویە تاری و . . .
بویە شەڤ .

راستی هوزانڤانێ گەنج [رێ دویر کورێمەی] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [من پسیارکر] ئەڤە بارچەیەك ژهوزانا وی . .

هو چیاوو
بوجی دارێن تە خرش بوینە
بەری نادەن
بو شکەفتێن تە
بێ دەنگ بویە
دەنگ ئەنادەن . . . ؟

پاشە مزگینیەك هات و گوت کو رازگرێ لقێ بریاردا بخەلات کرنا ئان هوزانڤانان چەپلەقوتانەك هاتەکرن هوێلی دەنگ ئەدا . .

باشی بو گەرا [محمد ئوسمانا] هوزانا وی ژێر ناف و نیشان [لەشکەرێ سەرکەفتی] ئەڤە ژی پارچەیەك ژهوزاناوی . .

ئالا ئازادیێ هلدە
لەشکەرێ سەر بلندە
کەتیە باژێرو گوندە
مەبئاخا عیراقێ سوندە . . ؟

هوسانێ ئەڤ ئیڤاریا قەشەنك بدویماهی هات . . ئەڤەو هەڤال (طارق کافی) رازگرێ لقێ دهوکێ یێ پارتێ لروژا ئێك شەمبی ریکەفتا ٢١ - ٩ - ١٩٨٦ ئەڤ هوزانڤانە هەمی بنافێ پارتا قوماندار خەلاتکرن لبارەگایێ لقێ دهوکێ . .

ئەڤ خەلاتکرنە ژی بێ گومان کارەکێ پیروزە و پالڤەدانەکەبو هوزانڤانێت مە کو دبەردەوام بن سەر بەرهەمێن خو ژبو خزمەتا عیراقا خوشتڤی .

محمد ئوسمانا

قوتابی و لاوان و....

زیاتر لە چالاکی یەك...

لە سەردانیکی تایبەتی‌دا بو بارەگای یەکێتی لاوان و قوتابیانی هەولێر، دیارترین ئەو جموجولێ و چالاکی‌یە دیارانەمان بەسەر کردەوە کە یەکێتی‌یەکە دەینوێنێ بو زیاتر بڕەودان بە چالاکی لاوان بەگوێرەی دەوری یەکێتی‌یەوە . . . ئەوەبو بەرێز حسن حسین سەرەکی یەکێتی لاوان و قوتابیان بو - هاوکاری - قسەی کردو وتی : -

خوتان دەزانن کە یەکێتی قوتابی‌و لاوان، ئەرکی راستەوخوی پێگەیاندنی ئەم نەوەیە لەسەر بەرپرسیاریتی خوی [illegible] پێشکەوتووی کومەڵ بتوانن دەوری ڕووناکی خوێان لە بنیات نان و بەرەو پێشەوە چوونی کومەڵدا ببینن . . .

بو ئەم مەبەستەش، ئێمە لەسەر ئەخشەیەکی دیارکراو دەروین کە بتوانێت ڕێ‌و شوێنی گونجاو لە پێگەیاندنی قوتابی‌و لاوان بگرێتە بەر . . .

لە سەردانیکی تایبەتی‌دا بو بارەگای یەکێتی لاوان و قوتابیانی هەولێر، دیارترین ئەو جموجولێ و چالاکی‌یە دیارانەمان بەسەر کردەوە کە یەکێتی‌یەکە دەینوێنێ بو زیاتر بڕەودان بە چالاکی لاوان بەگوێرەی دەوری یەکێتی‌یەوە . . . ئەوەبو بەرێز حسن حسین سەرەکی یەکێتی لاوان و قوتابیان بو - هاوکاری - قسەی کردو وتی : -

خوتان دەزانن کە یەکێتی قوتابی‌و لاوان، ئەرکی راستەوخوی پێگەیاندنی ئەم نەوەیە لەسەر بەرپرسیاریتی خوی [illegible] پێشکەوتووی کومەڵ بتوانن دەوری ڕووناکی خوێان لە بنیات نان و بەرەو پێشەوە چوونی کومەڵدا ببینن . . .

بو ئەم مەبەستەش، ئێمە لەسەر ئەخشەیەکی دیارکراو دەروین کە بتوانێت ڕێ‌و شوێنی گونجاو لە پێگەیاندنی قوتابی‌و لاوان بگرێتە بەر . . .

بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە وولاتەکەمان لە جەنگی مێژوویی‌دایە بو بەرگری کردن لە عیراقی مەزن کە قوتابی‌و لاوان دەوری ئەواویان لە پاراستنی ڕەوتی سەرکەوتنی‌دا دیوە .

لێرەدا، ئەبێ بڵێین، کە یەکێتی‌یەکەمان، لە ئەخشەی وەرزی خوی‌دا توانیویەتی ئەنجامی چاك بەدەست بینێ . . بەتایبەتی لە راپەراندنی چالاکی‌یەکانی‌دا کە هەموو لایەنێکی ڕوشنبیری‌و راهێنان و پێگەیاندنی لاوان و نەوجەوانان دەگرێتەوەو هەر یەك لە بەشەکانی یەکێتی چەندان چالاکی مانگانە رادەبەرێنێ . .

● بەرێزی زیاتر ووتی:

مەشق کردنی قوتابیان و مامۆستایان باریکی نموونەیی‌یە کە یەکێتی دەوری خوی تێدا دیوە . . لێرەدا، جگە لە بەشداری کردنیان، هەوڵمان داوە بو پێش کەش کردنی هەموو توانایەك، لەوانە پێش کەش کردنی کۆری رامیاری‌و ڕوشنبیری لە ئوردوگاکاندا، هەروەها دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی - قەڵەمی جەنگاوەر - و سازکردنی میهرەجانی وەرزشی‌و پیشانگای وێنەی فۆتۆگراف و پۆستەر . .

● بەرێز سەرەکی یەکێتی زیاتر دەربارەی چالاکی یەکێتی دوواو ووتی

- سەرباری ئەمە، یەکێتی قوتابی‌و لاوان دەیان کونگرەو کۆری بەستووە، بەستنی ئەم کۆرو کونگرانەش گەلێك ئەنجامی باشی داوەتە دەست، لەوانە، خولی تایبەتی خانەی هونەر بو قوتابی‌و نەو جەوانان، هەروەها خولی دەزگای ڕوشنبیری کە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی بەشداربووانی ئەم خولانە لە زۆر بوندایە . . . جگە لەوە، تیپە هونەرییەکان بەشێوەیەکی چالاکانە، بەشداری لە هەموو بۆنە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکان دەکەن، هەروەها دەیان چالاکی زانستی . . . کە تا ئێستا زۆربەیان بەجێ گەیاندراون و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و لاوان بەشدار بوون، لە دیارترین ئەو چالاکی‌یانەش: پیشانگای هەمە جۆری زانستی‌و ئوردوگاو پێشبڕکێ‌و گەشت و بلاوکراوەو خولی زانستی‌و دروست بوون و داهێنانی شت ومەك لە لایەن قوتابیان . .

لەلایەکی ترەوە، بەشداری چالاکانەمان کردووە لە چالاکی وەرزش کە بریتی بووە لە ساز کردنی میهرەجان و پێشبڕکێ‌و هەموو جموجولە وەرزشیەکان لە ناوەوەی پارێزگاو لە وولاتدا.

شیرزاد: لقی هەولێر

سەرکردایەتی‌ی حزب و شۆرش لە نیشتمانەکەمان د بایەخێکی گەورەو بێوێنە بە مروڤی پەککەوتە دەدات

کانژمێری نوی سەر لە بەیانی‌ی ڕۆژی دووشەمە ریکەوتی ١٩٨٦/٩/٢٢ پێنجەمین کونگرەی زانستی‌ی دەستەی چاودێری‌کردنی پەککەوتەکانی جەنگ لە هۆڵی (ئەلموغیرە)و لەژێر دروشمی (چاودێری کردنی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین لە پەککەوتەکان دیاربوونی دەوری شکۆمەندانەیانە لە بەرگری‌کردن لە عیراقی مەزنمان)دا ساز درا .

لە سەرەتای ئاهەنگی کردنەوەی کونگرەکەدا چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز خوێنرایەوەو پاشان ئامادەبووان یەك دەقیقە بێدەنگ راوەستان بو ڕێزلێنانی گیانی پیاکی شەهیدانی قادسیەی صەدام تەك خوێندنەوەی فاتیحەدا .

پاش ئەوە مامۆستا بەکر مەحموود ڕەسوول وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وتەیەکی خوێندەوە لە سەرەتایدا وتی :

لە سەردەمی سەرکەوتن و سەربلندی‌و نەبەردیدا، لە کاتی چەسپاوی‌ی ڕیزگرتنی شکوی مروڤ و، ڕەسەنایەتی‌ی گیانی نیازو توانایی‌و، چەسپاندنی کۆڵەکەو بنەمای چاودێری‌کردن بو هەموو چینەکانی کۆمەڵ، لە سەردەمی پێشەنگی سەرکەوتن و بنیاتنەری نەبەردی‌ی عیراق و، سەرکردەی نەتەوەی عەرەب پالەوانی تیگەیشتوودا بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین (حوا بیپاریزێت) . . . نەخشە زەبەلاحەکانی پەرەپێدان و کاری بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەی بەرفراوان یەك بەدووی یەك دا دێن و، کونگرەو کۆرو ئەڵقەی راستی لە هەموو بوارەکان دا ساز دەدرێن، لە پیناوی لە دایك بوونی مروڤی نوی لە کومەڵگای پێشکەوتن و گەشەسەندوودا، کومەڵگای بەعس، کومەڵگای یەکیەتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیزم . .

وەزیری بەرێز لەسەر وتەکەی ڕویشت و وتی :

بایەخدانی حزب و شۆرش بە مروڤی پەککەوتە لە نیشتمانەکەمان دا بایەخێکی گەورەو بێ وێنەیە، کەچی بایەخی ڕۆڵە قوربانی‌دەرەکان ئەوانەی خوێنی خوێان یان پارچەیەك لە گیانی خوێان لە جەنگی شکۆمەندی‌و سەربلندی‌دا بەخشیوە، تایبەتیەکی تێکەڵ بەرێز لێنان و شانازی پێوەکردنی هەیە بو پالەوانیەتی‌و گیانی خوبەخت کردن تێیان دا، لەبەر ئەوە بوو بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆرش بە دروست کردنی دەستەی چاودێری‌کردنی پەککەوتەکانی جەنگ لە چوارچێوەی تەشکیلاتی دیوانی سەرەکایەتی، کە نوێنەری وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکانی تێدایە، ئەوەبوو چەندین پرۆژەی نایابی جێبەجێ کرد بو چاودێری‌کردنی ئەو پالەوانانە بە گوێرەی بەرنامەی لیکۆڵراوە .

هەروەها وتی : هەموو ئەم خزمەتگوزارییە چاکانەی دەستەی چاودێری‌کردنی پەککەوتەکانی جەنگ بە ئاشکراو ڕوونی بیرو بیروراکانی شۆرش دەردەبڕن بە سەرەکایەتی سەرەکی ڕێزەوی سەرکەوتوو بەرێز سەرەکی فەرمانده تیکۆشەر صدام حسین کە پشتگیری‌ی هەموو ئەو شتانە دەکات پەیوەندییان بە پەککەوتەوە هەیەو خزمەتگوزاری‌یەکانی لە چوارچێوەی ئەو یاسا دەرکردن و یاسایە زۆرانەوە کە بو مەڵبەندەکانی پەککەوتەکان هاتوونەتە دی گواستنەوەیەکی دیارە لەنیو چەشنەکانی خوێدا لەوولاتە براو دراوسێ‌و دەوڵەتە پەرەسەندووەکان دا .

وەزیری بەرێز لە کۆتایی وتەکەیدا ڕێزی لە هەموو بەشدار بووانی کونگرەکە نابەتایبەتی ئەوانەی ڕیکیان خستبوو هەموو شتێکیان بو ئامادە کردبوو، هیوای ئەوەیشی خواست ئەنجامی زانستی‌یانەی باش و سوودمەند بەدەستەوە بدات . .

پاشان لیوای پزیشك راجی عەباس تکرینی سەرەکی دەستەی پەککەوتەکانی جەنگ وتەیەکی خوێندەوە تێیدا وتی :

ئەو جەنگە نەتەوایەتییە پیرەوزەی بەگەل و سەرکردایەتی‌یەوە دژ بە ئێرانی داخ لە دڵ و دوژمن دەیکەین مەحەکی پیاوانە بو تاقی کردنەوەی توانا و خواستەکان کە گەلە مەزنەکەمان هەیەتی‌و بە توانا بێ وێنەکانی لەسەر خوڕاگرتن سەرکەوتنی یەك لە دوای یەك دا دیاریی کردووە .

دوا بە دوای عمید داخل قورەیشی وتەی پەککەوتە پالەوانەکانی خوێندەوە تێیدا دووپاتی بایەخ دان و چاودێری‌کردنی سەرکردایەتی‌ی (حزب و شۆرش)ی کردەوە بە سەرەکایەتی سەرەکی فەرمانده تیکۆشەر صەدام حسین (خوا بیپاریزێت) کە لە پەککەوتەکانی جەنگ دەیدات و هەموو پێداویستی‌و هۆیەکی گوزەرانی بەختەوەرانەیان بو ئامادە دەکات تا بە شێوەیەکی خوش گوزەران و بەحشدار گوزەران بکەن .

پاشان مامۆستا بەکر مەحموود ڕەسوول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پیشانگا زانستی‌یەکانی تایبەت بە دەستەی چاودێری کردنی پەککەوتەکانی جەنگی کردەوە .

● ناصر جرجیس ●

Institut Kurde de Paris

تەعقیبێکی موزەور بەزدی کەلە پووری کوردی

عبدالرقیب یوسف

ڕۆژێك چوم بو نامەخانەی ئەوقاف لە سلیمانی کاك محمود احمد ئەمینی نامەخانەکە بەمنی ووت: ووتارەکەت کە لە ڕۆژنامەی العراق دا (یانی ڕۆژی ٢ حزیران ١٩٨٦) بلاوبووە لە بارەی فەهرەستەکەمەوە ژۆر گرنگ بوو کتێبەکەمی خستووتە ڕووچەند تەلیفونێك لەم بارەوە بوم کراوە. هەروەها ووت کاك (فلان) و کاك (فلان) (پیویست ناکە ناویان بێنم و یەکێکیان لەنەوەکانی احمد فائز بەرزنجی‌یە) هاتنە لام ونارازی بون لەوە کە لەوتارەکەت دابن نەوەکانی احمد فائزت ووتووە «الأحفاد الجهلاء» کە پاشماوەی نامەخانەی باپیریانی خستون نێو برمیلەکانی خول و کەناسەکان فڕێیانداوە و هەردوان داویان لەمن کرد کە تەعقیبێك لەسەر ووتارەکەت بنوسم و ناردومەتە بو ڕۆژنامەی العراق و خەریکە بلابێ‌و دانەی تەعقیبەکەش داوەتە دەستم بو ئەوەی بخوێنم ولەلای وابو کە لە تەعقیبەکەتدا بەمن ووتووە الأستاذ (فلان) ئیتر سەرم پێ گەرم دەبێ وهیچ دەنگ ناکەم و لە هەمان کاتیشدا (مطلب)ی ئەو دوو برادەریشی جی بەجی کرد گەرچی چەندین جاریش من لەلای ووتووە «تەنێکی مەدح بەفلسێك ناکرم» چونکە زوربەی ئەو مەدحە درووە وچاویشم لە مەدح و هانذان نیە.

کە خوێندم دیتم لەبەشە ئەساسیەکەیدا دەڵی: «شن (أی‌عبدالرقیب) حرباً عشواء علی بعض العوائل التي کانت بحوزتها مخطوطات ووثائق (وأتلفتها)... ویحرق الأخضر والیابس معا» و لە کوتاییداش دوو دێرەشیعری بەسەردا هێناوە و داواشم لێ دەکا موراعاتی شعوری ئەو کەسانە بگرم (یانی ئەو کەسانەی کە وثائقی کوردییان لە نێو بردون) وقسەی توند بویان نەنوسم.

وهـا کاك محمود ئەمنی فێری تەمەلوق و (مساومە) دەکا لەسەرحیسابی کەلەپوری کوردی و (استنکاری) ئەوە دەکا لە گوڵ گرانتر بلێم بەو کەسانەی سەدان وثائقی گرنگیان سوتاندوون و یا فریداون وتاوانیان کردووە بەهەقی کەلەپوری کوردیمان.

کە تەعقیبەکەم خوێندەوە بە نوسەرەکەیم ووت: من بەم تەعقیبەت رازی نیم چونکە غەیری مەشروعە چونکە موزەورە یەکەم: لەبەر ئەوەیەکە جائیز نیە بەناوی خوتەوە تەعقیبێك بو برادەرێکی خوتەوە بلاوبکەی بائەو نەوەی احمد فائز بوخوی و بەناوی خویەوە تەعقیبی خوی بلاو بکە و بڵێ من ئاگاداری لە نێو بردنی پاشماوەی نامە خانەی باپیرم نیم و هەندێکی تر لە نەوەکانی ئەو کارەیان کردووەو بوچی خوت دەکەی بەپالەی خەلك.

دووەم: مانای تەعقیبەکەت ئەوەیە تو بەرگری لەو کەسانەو لەبنەمالانەی دەکەی کە کەلەپوری کوردیان فەوتاندوون وئەم (موقف)ە ت دەبێتە دژی مێژوو کەلەپوری میللەت و دەبا توپشتگری من بکەی کە هێرش دەبەمە سەر ئەو جورە کەسانەی زەرەریان گەیاندووەتە کەلەپوری شارستانیتی کوردی و ئەوراقی بەلگەنامەیی (الأوراق الوثائقیة) یان لە نێو بردون چونکە پێویستە لەسەر ئیمە روشنبیران فەزحی ئەو کەسانە بکەین بو ئەوەی خەلکی‌تر ئەو جورە تاوانانە نەکەن و بو ئەوەی هوشیاریەك پەیدابکەین لە نێو خەلك دا. هەروەها ووتم ئەگەر یەکێك ویان چەند کەسێك بەم کارەمان رازی نەبن هەزاران کورد پێ‌خوشە چونکە ئەو هێرشە و فەزح کردنە بو سوودی مێژوو کەلەپوری میللەتمانە و ئەگەر ئیوەش پشتگیری من نەکەن لەم پروگرامەم و یان ڕێبازەم دا نابێ بەزدی بوەستن و پشتگیری ئەو کەسانە یان ئەو بنەمالانە بکەن کە کەلەپوریان فەوتاندوون

سێیەم: ادبیاً جائیز نیە بو خەلك و بەناوی خوتەوەش تەعقیبێك لەسەر ووتارێك بنوسی کە سودت لێ وەرگرتووە وەك خوت باست کرد. ئیتر قسە بەنوسەری تەعقیبەکە نەما وئامادەیی خوی پێشاندا کە دەسکاری عبارەتەی دەکا کە دەچێتە بەغدا بەلام کەچوو و پاش گەرانەوەی بە دورەش و بەمنیش ووت من چوم بو بەغدا - تەعقیبەکەی لە ڕۆژنامەی العراق دا لە (٣ تموز) دا بلاو بووەتەوە.

دیار بو کەچووە زیاتر پالی پێوەناوە بو ئەوەی زوو بوی بلاو بکەنەوە ئیتر زانیم مەسلەحەتی ئەم برادەرە نیە لەو هەمو یارمەتیە بی ئەندازەم دا بو نامەخانەی ئەوقاف کە ئەمینیەتی کە تا ئیستا دەیان کتێبە دەسنوسەی نایابم دامەپێی بو ئەوەی استنساخیانی..

بکە بو نامەخانەکە کەزوربەیان دانەی لە عیراق دا نیە وەك (مثنوی شیخ عبیدالله شەمزینی و تاریخ ماردین یی‌موفتی عبدالسلامی ماردین و شرفنامەی دەسخەتی پیروزی شەرەفخانی بدلیسی لەگەل هەزاران ئەوراقیش ئەوراقی بەلگەنامەیی تا ئەمینداریتی گشتی ئەوقاف ئەم یارمەتییەم بو پێشکەوتنی نامەخانەکە بەشتێکی گەورەزانی و بە مێژووی ١٩٨٦/١/٢٩ بەشێوەیێکی رسمی سوپاسنامە بو منی نارد.

زانیم ئەم هەمو یارمەتیەم شتێکی عیلمی‌یە و (مادە) نیە بەکەلکی کاك محمود نایی و هەمو کردە قوربانی بو ئەو مەسلەحەتە مادی یەی هەیەتی لەگەل ئەو دوبرادەرانەی خوی و منیش چاك پێ دزانم کە ئەو مەسلەحەتەچی‌یە.

تکادەکەم لەوکەسانەی هەولیان نەداوە بو رزگار کردنی کەلەپوری پەرش و بلاوی میللەت لەسوتاندن وفەوتاندن و دلیان نایی دینارێك لەم ڕێگەدا سەرف بکەن بەزدی بەرژەوەندی ئەم کەلەپورە نەوەستن چونکە ئەمە مەسلەیەکی عەشائری نیە تالەسەر هەق و پشتگیری یەکتر بکەن ویان بو یەکترینە محامی و ئەو کەسەی لەگەل کەلەپوری شارستانیتی میللەتە مەسلەحەتی شەخی‌و پارەپەیدا کردن ناکەنە ئامانجی راستەقینەی خوی چونکە عیلم و پارەپەیدا کردن یانی دەولەمەندی بەزدی یەکترن. وابلاش بو ئەو نەوەی احمد فائز بەرزنجی کەبیت هەندێك لە ئاموزاکانی پاشماوەی نامەخانەی باپیری فریداون (استنکار)ێك بە زدیان نوسیایەو لە ڕۆژنامەدا بلاوی‌کردبا ئەوچا پاشێ هەقی تەعقیبیش هەبو.

ئەوەی شایانی باسەنیوەی ئەو ووتارەم کە رخنەبو لە کتێبە (فهرس)ەی ناوبراو - لەناوەراستی ووتارەکەمیان دەریان هێنابو و بلاویان نەکردبونەوە تەنیا بەشی تەعریف وهاندان ویان بڵێن مەدح بلاویان کردبون لە ڕۆژنامەی العراق دا و ئەمەش بەخوڕایی نەکراوەو گومانم لە خاوەنی کتێبەکە هەیە هەولی ئەم تەشویهی ووتارەکەم دابێ لەگەل هەندێك لە برادەرەکانی لە ڕۆژنامەکەدا و نیازیش بو ئەم ڕووبەرە سەمەتەکەم بنیری بو گوڤاری (الورود) لە لبنان بو ئەوەی جارێکی تر بلاوبکەن بو ئەوە بکاتە پروپاگەندە بو خوی ومنیش پێ ووتم رازی‌نیم و ئەگەر بنیرریش دەبێ بەشی رخنە لەگەل بێ بەلام دیسان ترسام وەك جاری پیشو لێ بکرێ ئیتر دوو نامەم نارده بیروت بو گوڤاری (الورود) ووتم رازی نیم ئەو ووتارەم بلاوبکەن - ئەگەر بو ئیوە بنیردرێ چونکە سەقەت کراوە و بو سومعەی عیلمیم خراپە چونکە نابێ ووتارم هەمو تەعریف وستایشی کتێبك بێ لەکاتێك باسی هەلەکانی نیو کتێبەکە نەکەم.

لە ئەدەبیاتی ئەرمەنی‌یەوە:

بۆ «ئیڤان»ی کچم..!

چاوەکانت.. وڵاتی شیعرو بارانە..
دەڵێن.. شیعر رووباری فرمێسك و ژینە..
ئەدی لە شیعر گەورەتر ؟!

«٢»
کە تەماشای، چاوەکانت ئەکەم..
وا هەست ئەکەم..
خۆشەویستیت.. گەورە بووە
لە دڵە بچکۆڵانەکەم.. گیر نابێت..
چیت لێ بکەم..
زیاتر لەوەی، ئەم دڵە بچکۆڵەم هەیە،
ئەویش پێش کەشی تۆ کەم..!

«٣»
هەتا تۆ لە دایك نەبووی..
نەمدەزانی، تامی شیعرو
تامی ماچ و سووتان چیە...
لەوەتەی تۆم خۆش ویستووە..
هوگرییم بە شیعرو گوڵە..
نەم دەزانی..
هەیە، هەروا بەئاسانی
دڵی من دەکاتە پردو،
بەسەری‌دا رەت دەبێ..
بەڵام (پێت) هێندە ناسکە..
دڵی من دەبێتە مافورێ،
هەنگاوی ئیسك سووکێ،
لەحزەیەك، نایتروکێنی
لەحزەیەك، نای گرینی...

«٤»
ئەی مانای خۆشە ویستی..!
خۆ من هەرزەکاری عەشق نیم
ئەی لە هەموو سیدەیەك شیرینتر..
تۆ چی هاتیتە ناخمەوە..!
تۆ چیت نووساویتە روحمەوە..!
چ گرێکت.. لە خوێنم دا
هەڵکردووە..!
ئیستا.. زانیم..
خەمی شاعیر.. چەند قووڵ بووە..
کاتێ هوگری ڤەڵەم و
عەشق بووە...
خۆ من هەرزەکاری عەشق نیم..
من خولیای تۆم..
من خولیای تۆم..!

- شیرزاد عبدالرحمن

پەخشان

لەیادتەوە...

پەری گیان

نوری عەلی ئەمین

(١)
لەیادتە.. پەری گیان
من تازە هەڵم دابوو...
تۆش تازە.. لە باخی سنگتا،
دوو هەرمێ گوڵاویت،
بۆ من، بە دیاری دانابوو..
وەك خوای جوانی، خۆت لە تەل دابوو..
لەبەر لێشاوی پرشنگی چاوە گەشەکانتا،
تیشکی خۆر، حەپەساببوو..
بازاڕی شکابوو...

(٢)
لەیادتە.. پەری گیان.
هەردووکمان، هەرزە بووین،
لە ڕاوەدڵداری‌دا،
دوو بازی نەزانن بووین..
هەرچەند... گرێ لە دڵی تودا،
گرێ لە دڵی من دا،
هێدی هێدی دەسووتا..
نەمان دەزانی:
- ئەو گرە بۆ کوێیان دەبا؟
- چییان لێ‌دەکا؟

(٣)
لەیادتە.. پەری گیان.
من دڵداریم،
بە کاریکی پیرۆز، دادەنا،
هەتا لە سایەی‌دا،
پێکەوە بحەوێنەوە...
داستانی ژیانمان،
بۆ نەوەی دواڕۆژ،
بە گوڵ و ڕێحانە، بهۆنینەوە..

(٤)
لەیادتە.. پەری گیان
بە دڵێکی پاك و بێ‌گەردەوە،
دەستم دەگرتی..
بەرەو هەوارزی ژیان،
سەرم دەخستی..
بەناو باخ و دێبەرەکان دا،
بە کەناری چەم و کانی‌یەکان دا،
دەخولاینەوە...
بۆ هاوسەری، وەك مۆم،
بە جووتە دەتواینەوە..
کە ماندوو دەبووین:
لەسەر پەڕەی گوڵەکان،
یان سێبەری درەختەکان،
دەنیشتینەوە..
خەو ماندوێتی، لەبیر دەبردینەوە..
ئەوجا: بەرەو ناودێ، دەهاتینەوە...

(٥)
لەیادتە... پەری گیان.
بۆ ڕۆژی دوایی،
دیسان.. بازاڕی دڵداری،
دەکەوتەوە بڕەو...
لە چاومان، دەفڕی‌یەوە خەو..
سەر لەنوێ، تێ هەڵ دەچووینەوە..
بیانوومان ساز دەدا..
بەرغەلمان لە ئاوایی،
بەرەو بناری چیاکان،
یان دەشتە بەرینەکان، ڕادەدا..
هەتا.. لە چاوی بەد، دوور دەکەوتینەوە..
لەسەر پەڕێزێ،
لە بناری شاخێ،
لە کەناری چەمێ، لێك نزیك دەبووینەوە..
ئەوسا.. بە سەرپێچەکەی خۆم،
بۆم دەبەستی، کەپرێ..
کە لە بنی‌دا:
وەك دوو دڵ خواز،
بەراز،
بشلەقینین، گومی نیاز..
یەکتر بدوێنین..
نەخشەی دواڕۆژ بکێشین..
هەموو شتێ بخەینەڕوو...
بۆ گوڵی ئارەزوو..
کەچی.. بەبێ دەنگ دادەنیشتین..
وەك دوو فریشتە،
لە هێلانەی ئاراما، هەڵ دەنیشتین..
دوور بە دوور،
دڵ ئاخی بە بادا - دەدا..
زمان لە (گۆ) کەوت بوو،
جووڵەی تێ‌دا نەمابوو..
تەنیا (چاو) لە ئارادا، مابوو،
ئەویش (شەرم) میوانی بوو..
نەی دەوێرا، سەرهەڵ بڕێ..
چاو لە چاوم بڕێ..
تینوێتی گیانم بشکێنێ..
یان بە برژانگەکانی،
کانگای دڵم، بپێکێ..
خوێنم بەسەر خاکا، برژێنێ
ترازووی ژیانم، بە بارێك دا، بکەوێ..
بەڵکو دڵەکەی داخوڕێ،
لە داوی شەرم دەربازبێ،
بە فرمێسکی خۆی،
زامەکانم، ببرژێنێتەوە..
سوێی دڵم، بڕەوێنێتەوە...

(٦)
لەیادتە... پەری گیان.
ویستم:
سنووری بێ‌دەنگی بشکێنین..
شەرم لە دوو توێی دڵانا،
هەڵ فڕێنین..
ئاهەنگێ سازبدەین:
- بە تەقەی دەهۆڵ..
- بە دەنگی زورنا..
- بە بلوێری کوردەواری...
ئاوازێکی پڕ لە جۆش بخولقێنین:
بەو ئاوازە، کوڕو کوردستان..
لاە لادێ‌و لە شارستان..
گشت لە خەو ڕاپەڕێنین..
(خەو) نەگبەتی‌یە، با دەری‌پەڕێنین..
لەگەڵ (شەرم)دا، سەریان هەڵ کەنین..
لەناو کۆمەڵ دا:
- نەریتی بوگەن...
- ڕەوشتی کۆن، ڕامالین..
ئەوسا:
پشکۆی ناو (شەرم) دەگەشێتەوە..
زامی نێو دڵەکەمان ساریژ دەبێتەوە..
زمان ئازادو،
چاو دەکرێتەوە..
نیازی پاك لە دوو توێی دڵ دا،
بە ئاشکرا، باڵ دەگرێ..
هاوسەری من و تۆ،
بەبێ شەرم، سەردەگرێ...

(٨)
لەیادتە.. پەری گیان.
لە داخی نەریتی بوگەن...
ڕەوشتی کۆن...
ڕی دڵداری، ئارامی نەما..
پەردەی شەرمی، درا..
هانمی دا..
بە نەرمەگاز،
گوڵی سەر گۆنای ئاڵت بقرتێنم..
جووتە هەرمێکەی،
ناو باخی سنگت، بفڕێنم..
لەناو پەردەی دڵم دا،
بیان نوێنم..
بیان دوێنم..
لەیادتە.. پەری گیان.
کاروانی دڵداری،
بەرەو مەڵبەندی هاوسەری،
ملی دەنا..
ئەڤینی تۆ، لە دڵم دا،
سرەوتی نەما..
وەك گڕ دەسووتا،
ئارامی لەلا نەما..
دەی‌ویست:
ڕۆژێ زووتر.. کاروان بگاتەجێ..
باربخات دەست بەجێ..
بەڵام.. تاوانم چی‌بوو؟
باری گەردوون لە پڕ گۆڕا،
تاڵاوەکەی بەسەر من دا، ڕژا...
باوك مردو،
دایك بەدوای‌دا نیژرا..
بێ‌کەس کەوتم،
لەژێر باری خەما، دەخەوتم..
بێ دڵدە مامەوە،
وەك مۆم لە پێستی خۆم دا،
دەتوامەوە...
لە یادتە.. ناچارمام:
هەواری دڵداری،
نێو کوردەواری، بەجێ‌بهێڵم..
بۆ کارێ،
ڕوو بکەمە شارێ..
نازانم:
شاریش وەك لادێ..
پەڵپم لێ دەگرێ..
یان بە دڵی من هەڵ دەسووڕێ..
ڕەنجەکەم بەردەگرێ..
دەست بە دیاری،
دەگەڕێمەوە، بۆ لای پەری..

(١٠)
لەیادتە.. پەری گیان.
بەر لەوەی بکەومەرێ..
بەرەو شارێ..
لە ڕێگای کانی،
ڕێبازی ئەڤین و دڵداری،
سوێندن بۆ خواردێ،
هەتا لە ژیان دا، بمێنم...
دڵ لە تۆ زیاتر،
بۆ کەس، هەڵ نەفڕێنم..
هەر کە کاریکم بۆ هەڵ سووڕا،
لە شار بگەڕێمەوە،
لە باوکت بپاڕێمەوە:
بە پێی یاسای خوا،
بیان کا، بە بووك و زاوا..
خێزانێ دابمەزرێنین،
لەگەڵ (خۆر)دا،
گوڵ بۆ کوردەواری بچێنین..
باخێ بەرهەم بهێنین...
لەو باخەدا:
کەس کەس، نەچەوسێنێتەوە...
بەری ڕەنج و تێ‌کۆشانی من و تۆ،
بۆ خۆی نەماشێنێتەوە...
کوڕەکەم، وەك باوکم:
لە برسا، سەرنەنێتەوە...
کچەکەم، وەك دایکم:
بە نائومێدی، ئەستێرەی ژیانی،
نەکوژێتەوە..

(١١)
لەیادتە.. هەی بێ‌وەفا
چەند کوێرەوەریم، لەگەڵتا کێشا...
چەند ڕەنج و ئازارم،
لە پێناوی ڕەوشتی جوان و،
پرشنگی چاوەکانتا، بە بادا - دا..
بە سەرماو بە گەرما،
بۆ هەر کوێ بچوویتایە..
دەڵم دەبوو، لەتەك دڵتا بوایە..
دەست لەسەر سنگ،
بۆ فەرمایشتەکانت، کرنووشم ببردایە..
کەچی.. کە زانیت:
لانەی گوزەرانم ڕماوە..
بەختی ناهەموارم،
گوڵەی ژیانم، ئاڵۆسکاوە..
دایك و باوکم نەماوە...
درکی هەژاری، خۆی لە جەرگم،
هەڵ دەسوێ..
ئێش و ئازارم تێ‌دا،
دەنێژێ..
دەست بەجێ.. ڕەفتارت گۆڕا:
بازی دڵت، بۆ مانی دنیا بەردا..
دڵت گڕ تێ‌بەردا..
وەك خەرمانی بەر با،
هەر دەسووتێت و کڵپەی دانامرکێتەوە...
دڵداری من و تۆ،
بە ئاگری یەك لا، ناکوژێتەوە..
مەگەر.. مەرگ لە بیرمانی بەرێتەوە..

Institut kurde de Paris

فیدریکو گارسیا لۆرکا

نووسینی: انور محمد قەرەداغی

لۆرکا بە ناسراوترین شاعیرو نووسەری ئیسپانیا ئەژمێریت لە سەدەی بیستەمدا. لۆرکا ئەندامیکی گرنگە بوو لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە نووسەرە پیشکەواتوانە کە چاوەنواری بەدەست هینانی سەردەمێکی زێرینیان لێ ئەکرا گەر ئەو شەڕە ئەهلیە بەرپا نەبوایە کە لە ئەنجامیدا کۆمەڵێکی زۆریان گیانیان تیایا سپاردو زوری دیکەیان دەربەدەر بوون.

ئەم هونەرمەندە لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی لە (٣٨) ساڵ تێپەڕی نەکرد بەڵام بەرهەمێکی یەکجار سەرمایەدارو زۆری هاویشتە دەریای وێژەی ئیسپانی و جیهانیەوە.

بەرهەمەکانی گەرجی هەموو تامو چێژیکی ئیسپانیایان تێدایە بێ کەموو کووڕی لەگەڵ ئەوەشدا شیوەکانیان وەکو بەرهەمی جیهانی ڕەنگ ئەدەنەوەو هەرچەندە بابەتەکانیان کۆن و ئاسایین بەڵام بێ بەش نین لە زۆرەها وێنەی تازەکەرەوە.

شانۆگەریەکانی و زۆربەی هونراوەکانی لە ناخی (ئەندەلوسیا)ی وە هەڵقوڵاون و لە بارەی شارەکانی (قورتوبە) و (غەرناتە) و (سیفیل) و دیمەنەکانیان و ژیانی کۆچەرو ڕەنجبەرە کانیانەوە ئەدرین جگە لە دەرخستنی هەستێکی برایانەو غەمخواردنێکی دڵسوز بۆ هەموو هەژارو بێ دەستەڵاتان لە هەموو شوێنێکدا.

خۆی گەر لە هونراوەکانی ورد بینەوە ئەبینین بە سوریالیەکی ئاسای پوخت دڵ و مێشک ئەهاژێنن و پاڵنەرێکی بە توانای هەست و بیرن و هەروەکو خۆی ئەڵێ «ئاگر لە دەستمایە» ئاوەهان.

لۆرکا لە ٥ی حوزەیرانی ١٨٩٨دا لەدێی (فیونتی ڤاکیروس) لە غەرناتە لە دایك بووە، لە باوکێکی جووتیارو دایکێکی مامۆستا وە لە دایکیەوە یەکەم وانەکانی پیانۆ فێر بوو، پاش ماوەیەك دێیەکەیان بەجێ هێشت و بەرەو (غەرناتە) کەوتە ڕێ، لەوێ چووە قوتابخانەیەکی ئاینیەوەوە لە پاشان لەسەر داوای باوکی کەوتە خوێندنی یاسا لە دانشگای غەرناتە بەڵام ئەوەندەی نەبرد یاسای بەجێ هێشتو کەوتە خوێندنی ئەدەب و وێنەو مۆسیقا، چونکە ئەوەندە بەرێك و پێکی مۆسیقای ئەنووسی و ئەیژەن بە (مۆسیقاژەنەکە) ناوی دەرکردبوو لەناو هاوڕێکانیا.

لە ساڵی ١٩١٨دا هەموانی سەرسام کرد بە بڵاوکردنەوەی پەرتوکێك کە ناوی نا (بیرو دیمەنەکان) و بریتی بوو لە کۆمەڵە پەخشانێك لە ئەنجامی گەشتێکا بۆ (کاستیل) ڕێکی خستبوون وە هەر ئەمەش بوو وای دەر ئەخست کە ئەبێت لەوەو دوا هاوڕێکانی بە (نوسەرەکە) ناوی بەرن لە جیاتی (موسیقا ژەنەکە).

لە ساڵی (١٩١٩)دا چووە ناو نیشتەجێی بەناوبانگەکانی دانیشتگای (مەدرید) کە یەکێك بۆو لە ئەڵبەندەکانی ڕۆشنبیرانی پایتەخت و لەوێدا هاوڕێتی پەیدا کرد لەگەڵ گەلێك ڕۆشنبیری وەکو (سەلڤادۆر دالی) و (لویس بۆنویل)ی فیلم دەرکەرو (رافایل ئەلبیرت)ی هونەر.

لە دوو ساڵی یەکەمیدا لە نیشتەجێکەدا هۆنراوەکانی ناسران و گەیشتنە ئەم و ئەو هەرچەندە بە دەگمەن لێیان بڵاوکرابووەوە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردەم خۆی ئەی ووت پەخشان و هۆنراوە جۆرە هونەرێکن پێویستە بوترین بە دەنگی بەرز نەك بمرینرین لەناو پەرتوکێکا - لەبەر ئەوە لە نیشتەجێکەو لە (مەردیدو) لە چەندەها شوینی دیکە بەرهەمەکانی ئەخوێندەوە کە بوو بە هۆی بڵاوبونەوەو ناسینی بەرهەمەکانی زۆر پیش چاپکردنیان.

لە کاتێکدا خەریکی نووسین و بڵاوکردنەوەی هو نراوەکانی بوو (ەکتێبی هونراوە» لە ١٩٢١دا و «گورانیەکان» لە ١٩٢٧دا بڵاوکرانەوە) یەکەم شانوکەری (ماوە ناریکەکە - کە لە ١٩٢٠دا بڵاوی کردبووەوە) پێش کەش کرا بەڵام لە ڕاستیدا سەرکەوتنیکی گەورەی بەدەست نەهێنا بگرە بە زۆر کاڵ و کرچ دانرا بۆ بەڵگە ئەوەبو هەر تەنها یەك شەوی خایاند.

بە ئەنجامی بوون بە هاوڕێ مۆسیقا ژەنی ناسراو (مانویل دی فەلا) لۆرکا بلیمەتی بەتەواوی دەرکەوت ئەوەبو لە بارەی مۆسیقای فولکلاوری و ئاوازی کۆچەریدا لۆرکا زۆر بەرهەمی بە سۆزی نووسی.

یەکەم سەرکەوتنی شانۆیی لە ساڵی ١٩٢٧دا بە دەست هینا بە پیشکەشکردنی (ماریانا پی نیدا) لەسەر شانۆی (بەرشەلونە) و دروستکردن و ڕازانەوەی شانۆکە بەدەستکردەی هونەرمەند (سلڤادور دالی) بوو.

هەر لە هەمان ساڵ و هەمان شار (بەشەرلونە)دا یەکەم پێشانگای لۆرکای تیا کرایەوە لۆرکا بوو بە ناسراوێکی جیهانی بە بڵاوکردنەوەی (ڕومانسە کۆچەریەکان) لە ١٩٢٨دا وە لە ئەنجامی ئەو گەشتەدا کە بۆ (کوبا) و (ئەمەریکا) کردی لە (١٩٢٩ - ١٩٣٠)دا بەرهەمێکی نووسی لە ژێر ناوی (شاعیر لە نیویورك)دا (لە ١٩٤٠دا پاش مردنی بڵاوکرایەوە) وە تیایا ترس و توقاندنی خۆی دەرئەبری لە شیوەی مردنا بەرامبەر ژیانی شارستانیتی میکانیکی ئادەمیزاد.

لە ١٩٣١ لۆرکا گەڕایەوە بۆ ئیسپانیاو دەستی کرد بە نووسینی ئەو شیعرانەی لەژێر ناوی (دیوانی تەماریت) بڵاوکرانەوە لە ساڵی ١٩٣٦دا.

کە ئیسپانیا بوو بە (کۆمار) میری تازە دەستی یارمەتی ڕاکیشا بۆ کۆمەڵی قوتابی خوین گەرم و دڵسۆزو توانیان لە ساڵەکانی ١٩٣٢ - ١٩٣٥دا گەورەترین و گرنگترین و ناسراوترین بەرهەمە کلاسیکیەکان بکەن بە شانۆگەری و پێش کەشی بکەن بۆ کریکارو ڕەنجبەرو نەخوێندەوارەکانی ئیسپانیا بە تایبەتی لە لادێ و شوێنە دوور دوورەکانا ئەنجا ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە باڵ پیوەنەرو مامۆستاو دەرهێنەرو مۆسیقا نووسی ئەو کۆمەڵە (لورکا) بوو کە بەو هۆیەوە شارەزاییەکی زۆریشی پەیدا کرد لە بارەی شانۆو شانۆگەریدا.

لە ئەنجامدا سی بەرهەمی درامی گرنگی نووسی یەکەمیان لە ١٩٣٣دا خرایە سەر شانۆ لەژێر ناوی (شایی خوینین) و لە ١٩٣٤دا دووهەم درامای بە ناوی (یارما) بڵاوکردەوە کە بە شیوەی پەخشان نووسیویەتی و غەمگینی ژنێکی بێ منداڵ دەر ئەخات کە لە پاش ئەوەی هەموو هیوایەك لە مێردەکەی ئەبریت مێردەکەی ئەکوژێ.

وە لە ساڵی ١٩٣٦دا لە ساڵی هاوڕییەکیا بەرهەمی درامی سێهەمینی ئەخوینیتەوە کە بە ناوی (خێزانەکەی بیرنارد ئەلیا) و نووسیبووی لە شیعرە ناسراوەکانی (لۆرکا) (غەمگینی بۆ ئیگناسیو میگیاس)ـە کە لە ١٩٣٥دا بڵاوی کردەوەوە بە نرخترین شیعری ئیسپانی و بە یەکێك لە بە تامترین شیعری جیهانی دا ئەنرێت.

لە مانگی تەموزی ١٩٣٦ بە هۆی شەڕی ئەهلیەوە لۆرکا (مەدرید) بەجێ ئەهێڵێت و بەرەو (غەرناتە) ئەڕوات بەڵام ئەوەی زۆر ستەمە ئەوەیە کە کۆتایی ژیانی دێت بەو شێوە غەمگینەی لە هەموو بەرهەمەکانیا دیارن - لە شەوی ٢٠/١٩ی مانگی ئابی، ١٩٣٦ بە بێ یاساو دادگاو بێ پرسینەوە ئەدرێتە بەر گوولە لەلایەن هێزە فاشیەکانی سەر بە جەنەرال فرانکو - واتە پەنجا ساڵ لەمەو پێش..

پەراویزەکان

ENCYCLOPAEDIA BRITANNICA VOLUME 7

15 TH EDITION - PAGES 882 - 884

باوەر بکەن

سگڤان عبدالحکیم

بریندارکرن بپەیڤاو برەخنەگرتنا نەزان و ڤالە.. کوتەك لگەلەك ناڤدارا کر کو بەرهەمێ خو بەلاڤ نەکن.. هۆزانڤانێ مصری (کامل الشناوی) پەرتوکا خودا (بین الحیاة والموت) دبێژیت کو هۆزانڤانێ فرەنسا (پول ڤالیری) هۆزانێد خو بەلاڤ نەدکرن ژبەر ڕەخنەگراودا هەڤالیت وی هۆزانێد وی ژێ دزن و دا بناڤێ وی بەلاڤکن و هەکە ڕەخنەگرا هاڤێتبایێ ئەوی بەرسڤ نەدا چنکو (ڤالیری) دگوت من چ بەلاڤ نە کریەو دبێژن کو ڕەخنا ڤالا ژلایێ ڕەخنەگرێت نەزان وەك زانایێ عەرب (أبو حیان التوحیدی) کرن هەتا دژێ خو یێ نۆد سالێ هەمی بەرهەمێ خو سۆت و گۆتی دا کەس سوبەهی جڤینا نە بێژتە من ژبەر لەنگیەکێ یان قوسیریەکێ دبەرهەمێ من دا ببینن و ڤان ڕەخنەگرێت نەزان (أرنست همنغوای) پالڤەدا دا خو بکوژیت ژ کەربێت واندا و (شکسپیر) کەرولال کرن هەتا نیڤەك بەرهەمێ خو دراندو پرت پرنکر ژکەربادا... هۆسا تێگەهشتی و زاناو ئاقلمەند نکارن بژین یان گوهبدەن پەیڤێت نەزان و نەخوینەوار نەخوینەوارێد ڕەوشەنبیری یان نەخوینەوارێد شەهرستانی.. ڤێجا کەنیا گرین ئەوە کەسێ ژخو چێترو زاناو مەستر (ددلێ خودا) نابینن و سەر هندێرا ژی خامێد خو تێژ دکەن بەرامبەر هەر هۆزانەك یان چیروکەك یان راستیەکا دبینن هەلبەت گەلەك جارا دیرۆك لخو دزڤریت و ئێشا مە نەساخیا مە ئەوە ئەم گرانیا خو جهێ خو، سەنگێ خو نزانین ڤێجا تە چەوا دڤێت بەرهەمێ تورەی بگەهیت.

خوزی.. مە خو نیاسیبا.. مە بهایێ نڤیسنێو فامەی زانیبا.. وا مە بنەرمی و دل خوشی و بدان و ستاندن مە قەستا پاشەرۆژێ کربا. بلا ئەڤ سەر هاتیت د دیروکێدا هاتینت ژخوەرا بکەین گوهارك و نیشان.. وبلا زاناو تێگەهشتی و تورەڤانیت ڕەسەن جهێ خو بدرستی بگرن دکاروانێ ڕەوشەنبیرێدا... بلا نەهێتە بریندار کرن..

ئاراوت بێ

حەسەن مەحمود ڕەسوڵ

لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی.

ئارام بگرە...
لە پرێکا هیچ دەنگێ نابیسرێ!
تەمێکی چڕ ئەم زەمینە جەرگە ڕەشەی داپۆشیووە
نمەی بارانی سەر گوێکەی درەختەکان...
وەك ئاوازی راستی
زۆر بەتوندو تیژی لێ ئەدات
باڵندە تەڕەکان لە سەر چڵە لەریوەکان
هەڵ ئەلەرزن
ئایا ئەوە شریخەی بروسکەیە زۆر شێتانە
ئاسمان ئەجولێنێ؟
زایەڵەی ئەو پرخە نالەبارەیە
پشت گردە ڕەشەکەی گرتەوە....

ئەتەوێ باڵندەکان ووشك بکەمەوە؟
ئایا گەڵای درەختەکان وەك گەردە لوولی گڕاوی زەرد هەڵگەڕاون؟
ئەتەوێ لەپشت دەریاوە گوڵە وەنەوشەیەکی خنجیلانەت بۆ بهێنم ؟
داوا بکە،
سبەینێ لە پێناوی تۆدا...
ئاسۆیەکی گەش بەدی دێنم..
ڕێگای خۆیان بە ناو دارستانەکاندا دەبڕن
شەستە باران شەوگار دەئەزینێ

تۆ داوا بکەو...
من، خەمە قورسەکان دەرەوێنمەوە
وەر ڕەحمێ بەحاڵم بکە گوڵم
دەستم بەدامانت
وەکو قۆچ سمایل ساخودا بمکا
بەقوربانت
لەبەر نالەی دەرونی خۆم
نەبەهۆشم نەبێدار
وەکو پەروانەی بێ ڕوح زەلیلو
بەندی فەرمانت
هەمیشە قەدری مهمان واجیبە
قاعیدەیە قوربان
کەچی وەك خەنجەری موژگانی
تۆ بۆ قەتڵی مهمانت
ئایا بروام پێ ناکەی؟
بروا بکە...
دوای ئەوەی گوێت لە باران بران بوو
ئەوسا جیهان
وەك تازە لە دایك بوویێ... ئارام ئەگرێ
ئەوسا ڕائەپەریت و
بەهێمنی تێر لە پەنجەرەوە ئەڕوانیت
بە چاوی خۆت ئەیبینیت... چی بە زەوی یەوە بەندە
بەڵێ بەم زەوی یە مەزنەوە
ئەوە...
دڵی عاشق بە (کار) ەو
ئەکرێتەوە.

جورج ماکبث (١٩٣٢ - ١٩٧٧) شاعیرو ووتار نووسی ئینگلیزی ناوداره تا ساڵی ١٩٧٦ یازدە کۆمەڵە شیعرو سێ ڕۆمانی بە چاپ گەیاندووە گرنکترین کۆمەڵە شیعری Awar

Quartet

The Log book

لە ڕۆمانەکانی ناوبراو

١ - سامورای

٢ - ریڤیرسال (گۆڕان)

لە Journal of modern Literatu

Temple - October q 1969 p 13

وەرگیراوە

ئاخۆ

پەخشانە شیعر

جەزا عەلی ئەمین ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤

ئیمشەو شەوی پرسیارو
دڵە ڕاوکێ هوو
ئا، یان نا
خوێن دیسان
بەرەو ژوور.. بەرەو خوار
مل نەنێ
ئەم دڵە چووکە جێ بێڵێ
ئەو دڵەی
شەیدای خۆشەویستی دنیایە

★ ★

ئا، یان نا..؟
ئیمشەو هەموو دیمەنەکان نوستوون
ئەو نەبێ
دەڵێی تاق تاق کەرەی
بەر هەیوانی دڵمە
نانوێ
ئەگە بنوێ
مردن بێدار دەبێتەوە!

★ ★

چاو تەنیا ئەو پرسیارە
ـەبینێ
گوێ
لەناو ملێونان دەنگی زڕوکاسکەر
ناسك و بووکانە
تەنیا ئەو پرسیارەی میوانە
ئا، یان نا؟
ئیمشەو تاو ناتاوێ
لەناو دڵما..
خەزانێ هەڵدەکا
یەکە.. یەکە
دەمارەکانم باڵ دەگرن
زمان گۆناکا بپرسێ:
«بۆ کوێ دەچن؟»

★ ★

ئیمشەو جاروبارە
بەناو دڵما
بەناو گیانما
تێ دەپەڕێ
هەموو شەنگەکان
کچانی پەخشانە شیعر
ئەوانە ناسیمن و نەیان ناسیم!
هەموو ڕۆیین!
تا لەچاو ون بوون
لە دڵ ون بوون!
کاتێ ئاوڕم دایەوە
تەنیا ئەوم لامایەوە

★ ★

ئیمشەو
هەموو تیشکەکان
نوستبوون
ڕۆژی درەخشان نەبێ
هەر تاڵێکی
ملیونان پێکەنین و گەشەو
بە بان ڕیزانی ڕۆحا ئەباراند
بە ئەسپایی بە خۆم دەوت:
«ئەی گیانە کۆنینەکە
تۆ هێمان
لە هەناوتا
جریوە ئەبیسترێ
هێشتا تاك و تەرا
گوڵ دەپشکوێ
لە سەدەیەکا
نا، لە دە سەدەدا
گوێت لە قریوەیەك دەبێ»

ڕۆژ دەرکەوت

(پەخشان)

عثمان خواکەرەم: زرنگ

ژوورو ڕێڕەوی سێدارەکان بەسەرو لاشەی کۆترە سپیەکان ڕازابوونەوە.. ملی تیشکی چاوە بزەکانی خێوەکان بۆ ڕووی ساواو پەریەکان درێژ بوو بوو.

دیم ئاسمان لە دەنگی نالەو گرمە بەشپرزەیی هەڵ دەهات.. زەویش لە ترس دا بەناخی خۆیدا دەچووە خوارەوە.

دۆزەخ بوو، دۆزەخ بوو... دۆزەخ هەڵ قولابوو. ئاوازی مردن گوێی ژیانی کەڕ دەکرد.

چەمۆلەی شەپۆلی دەریای خوێن ڕووی ئاشتی و ئاسایشی گرتبوو.. زنجیرەی وا شەو داڵ و کوندەپەپووشی سەمایان بۆ دەکرد.. بەدەنووك و بە نینۆك خوێنیان بەش دەکرد.

پشیلەیەکی دەم سووریش لەو لاوە بێ باکانە کەللە سەریکی دەلستەوە.

شەو بوو، هەر شەو بوو...

ڕووناکی پڕ بوو لە تاریکی لەپی ڕەشی دێوەکان بەر ڕۆژیان گرت، چاوچاوی نەدەبینی، جەماوەر مات و سەرسام بوو.

بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو (کوورەی ڕۆژ) لەپی دەهتیانی سووتاند. فریشتەی ڕووناکی ڕووی خۆی ئاشکرا کرد.. ئەمجا شەوزەنگ لە ترس دا سپی هەڵ گەڕا... تینی خۆر دەریای خوێنی وشك کردەوە، بە تیشکەکەی چاوی شەمشەمە کوێرەو کوندەپەپوی کوێر کرد! کەلاوەکان ئاوەدان کرانەوە، سێدارەکان پێچرانەوە، بولبولی خۆش ئاواز خوێندی، شەماڵی بەهەشت ڕووی زەوی سڕیەوە. کۆترە سپیەکان دیسانەوە بەئاسمانی شین دا دایان لەشەقەی باڵ، پەریەکان و ساواکان کەوتنەوە خەندەو گڕو گاڵ:

ئافەرین (ڕۆژ).. ئافەرین (صدام).

شیعریکی بڵاونەکراوەی ڕەنجوری

کۆکردنەوەو ئامادە کردنی عبدالقادر عزیز سعید

وەر ڕەحمێ بەحاڵم بکە گوڵم
دەستم بەدامانت
وەکو قۆچ سمایل ساخودا بمکا
بەقوربانت
لەبەر نالەی دەرونی خۆم
نەبەهۆشم نەبێدار
وەکو پەروانەی بێ ڕوح زەلیلو
بەندی فەرمانت
هەمیشە قەدری مهمان واجیبە
قاعیدەیە قوربان
کەچی وەك خەنجەری موژگانی
تۆ بۆ قەتڵی مهمانت
بەتایەك زولفەکەت بەندە دڵی
سەد عاشقی وەك من
هەموو بیماری تۆیەتە شنەیی
چاهی زنخداتت
هیلاکی ئابی چەشمەی
فرقەتی تۆم ئەتۆ ڕوحمێ
بلائەمجارە کە نەمرم من لە
حەسرەت وورده خاڵانت
ئەگەر من لەحزەیە یادی لەبی
لەعلت لە دڵ دەرکەم
هیلاکی زەخمی خەنجەری بم
نیشانەی تیری موژگانت
بەشوعلەی شەمعی ڕوخسارت
هەموو عالەم منەوەر بوو
مەگەر ڕەنجوری بێ کەدەسوتێ
ئەو لە هیجرانت

بروسکەیەك

شیعری: محمد عمر عثمان

ئەزانی بۆدنیای شیعرم.. هەرپایزە.. هەرزریانە؟!
من تەنیا پایز شك ئەبەم .. پایز بۆمن نیشتمانە
خۆم غوربەتم.. لێم مەپرسە: چیە غوربەت؟!..
ژیانی من ئاوارەیی و تەنیایی و لێك دابڕانە
خۆم حەزئەکەم ببمە هەورێ.. ببارێمە سەر قەدو بالاکەت..
پەپولەیەك بم.. شەو نیوەشەوێ ببمە زوخاڵی دەوری چراکەت
وەك دوو شەونمین.. سبەی ئەمانبا خۆری مەینەتیی.. یاخود دوو گەلاین.. ڕەشەبای پایز سەرمان ئەنێتە کۆشی غوربەتی!

★ بروسکە: بەمانای - برقیة - بەکارم هێناوە

Institut Kurde de Paris

«کرۆمۆسۆم و جینەکان»

شیروان طیب

هەر مرۆڤێك لەزۆر لە ڕوخسارەکانیدا دەچێتەوە سەر یرکێك یا هەردووك لەباوانی، بۆ نموونە لەدانەیە چاوی هەمان ڕەنگی چاوی باوکی هەبێت یالوتی هەمان شێوەی لووتی دایکی هەبێت.. یان لەیەکێك یازیاتر لەروخسارەکانی تریدا بچێتەوە سەر باپیرانی.. تەنانەت هەندێ لەنەخۆشیەکانیش دەگوێزێنەوە لەنەوەیەکەوە بۆنە وەیەکی تر لە هەمان خێزاندا.

ڕوخسارە فیزیکیەکان وەك: ڕەنگ.. ڕەگەز... گەشەکردن. هتد پێش ئەوەی مرۆڤ لەدایك ببێت، لەجێگایەکی تایبەتیدا (لەلەشی باواندا) دانراوەو، ڕێکخراوو پارێزراویشە.. ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك لەوزانیارانەوەیە کە لەباوانەوە دێنەخواری (دەگوێزرێنەوە)، ئەم زانیارانەش لەنێوخانەکانی لەشدا هەڵدەگیرێن تالەکاتی پێویست و بۆ بەردەوام بوونی ژیانی زیندەوەرەکە بەکار بهێنرێت، ئەم کردارەش بە زنجیرەیەك لەفرمان و کرداری ئاڵوز ئەنجام دەدرێت.

هەر یەکێك لەنێریالەمێ چەندین خانەی تایبەتمەند بە زاووزێو زۆر بوونەوە بەرهەم دێنن، پێیان دەوترێت «توخمەخانە»... تووی نێرینە لە توخمەخانەکانی نێرەدا دروست دەبێت و هێلکەش لە توخمەخانەکانی مەینەوە پەیدا دەبێت.. لەکاتی زاووزێدا یەکێك لە خانەکانی تۆو دەلکێت بەخانەیەکی هێلکەوە، بەمەش پێتین لەنێوانی نێرومێدا ئەنجام دەدرێت...

پاشان ئەم هێلکەپێتێراوەو دابەش دەبێت و پەرەدەسێنێو گەشەدەکات تا دەبێت بە زیندەوەریکی نوێو بەرهەم هێن.

هەروەك گشت خانە زیندەوەکانی تر، توخمەخانەکانیش پێکهاتوویەکی ناوەندی زۆر گرنگیان هەیە پێی دەوترێ «ناوك» لەناو ئەم ناوکەما هەندێ پێکهاتووی دەزوولەیی درێژ هەن لەکاتی ڕەنگ کردنی خانە بەڕەنگی تایبەتی لە تاقیگادا زۆر بە ئاشکرایی لەژێر ووردبین (مایکرۆسیکۆب)دا جیادەکرێنەوەو دەبینرێت.. ئەم پێکهاتووانە پێیان دەڵێن «کرۆمۆسۆم» ژمارەشیان لەزیندەوەرەکاندا جیاوازە.. بۆ نموونە مرۆڤ ٢٣ جووت کرۆمۆسۆمی لەنێو هەر خانەیەکی لەشیدا هەیە، بەڵام جۆرە کرمێك هەیە تەنها یەك جووت و جۆرێك لە ڕووەك (١٠٠ جووت) کرۆمۆسۆم لە خانەکانیدا دەبینرێت.

هۆی ژمارەی جووتی کرۆمۆسۆمەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەمە دابەش بوونەی کەبەسەر توخمەخانەکاندا ڕوودەدات پێش پێتاندن، کەژمارەیان لە ٢٣ جووتەوە دەبێت بە (٢٣ تاك) چ لەخانەکانی تۆوی نێرەو چ لە خانەکانی هێلکەی مێینەدا، پاشان لەکاتی پێتێندا هەر دووناوکی تۆو هێلکە تێکەڵاو دەبن و کرۆمۆسۆمەکانیش جووت دەبنە.

هەرکرۆمۆسۆمێك ژمارەیەکی زۆر لەزانیاری هەڵدەگرێت، ئەم زانیارانەش لە جۆرە پێکهاتوویەکی تردا جێگیر دەبن پێیان دەوترێت (جینەکان genes)، ئەمانیش لەجۆرێك لە ناوکەترش پێکدێت کە بەترشی DNA ناسراوە گەردیلەکانی DNA زۆر گەورەو ئاڵۆزن، بەڵام لەساڵی ١٩٥٣ز هەندێك لەزانایان توانیان پێکهاتنی ئەم ناوکەترشە بیزانن و بۆیان دەرکەوت کەلە چوار جۆر گەردیلەی بچووکتر پێکدێن کەبە درێژایی زنجیرەیەك لەگەردیلەی (شەکرو فۆسفات) پێکدێن و ڕیزدەبن، ئەم گەردیلە بچووکانەش هەروەك پێتەکانی مۆرسێکی کیمیاوی ڕیزبوون کەبە ئاڵوو گۆڕ کردنیان جۆری زانیاریو نامەکانی DNA دەگۆڕێت، هەروەك چۆن بە ئاڵوگۆڕ کردنی پێتەکانی نووسین چەندین ووشەو ڕستەی جیاوازمان دەست دەکەوێت..

هەروەها زانایان لایان ئاشکرابوو کە ئەم زانیاریا نامانە DNA (جینەکان) دەست بەسەر دروست کردنی گەردیلەکانی پرۆتینی نێو خانەشدا دەگرێت، بێگومان پرۆتین زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوونی ژیانی خانە زیندووەکان، گەردیلەکانی پرۆتینیش لە چەند ترشێکی ئەمینی پێکدێن وجۆری پرۆتینەکان بەپێی شوێنی ئەم ترشە ئەمینیانە دەگۆڕێت کاتێك ڕیز دەبن و دەلکێن بەیەکەوە بۆ پێکهاتنی گەردیلەکانی پرۆتین.

ڕۆڵی سەرەکی جینەکان لەوەدایە دەستنیشانی ئەو ترشە ئەمینیانە دەکات کە گەردیلە پرۆتینەکە دروست دەکەن، هەروەها دەست بەسەر گەشەو پەرەسەندنی خانەشدا دەگرێت.

لەزۆر کاتدا جینەکان نموونەی وەك خۆیان دەخەنەوە، بەڵام هەندێ جار گۆڕانێکی کت وپڕیان تێدا ڕوودەدات، ئەم گۆڕانەش پێی دەوترێت (بازدان = الطفرة) کەدەبێتە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەندێ ڕوخساری نوێ کەلەباواندا نەبووە، ئەم بازدانەش بەهۆی هەندێ هۆکاری شوێنەوار یاکیمیاوی وەیا فیزیاوی ڕوودەدات، جا ڕوخسارە نوێیەکان یاسوود بەخش وەیاخود زیان بەخشن بۆ زیندەوەرەکە.

لەم چەند ساڵانەی دواییدا مرۆڤ هەوڵی ئەوەیدا بتوانێت دەست بەسەر کرداری بازواندا بگرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی تابتوانێ ڕوخساری زیان بەخش بشارێتەوەو نەیهێڵێ وەهانی ڕوخساری سوود بەخش بدات و زۆری بکات، دەست بە سەراگرتنی ڕوخساریش بەزۆری لە گیانەوەرو ڕووەك و هەندێ زیندەوەرە زۆر ووردەکاندا ئەنجامدرراوەك (بەکتریا)، لەم بوارەشدا زانایان توانیان چەند هەنگاوێکی فراوان و سەربەستانە بنێن لەزیادکردنی بەرهەم و جۆری گەلێك لە ڕووەك چاککردنی چەشن و بەرو بوومی زۆر لەگیانەوەرە بەرهەمهێنەکان،

ئەمە جگە لەو ئەزموونە زۆرانەی لەسەر بەکتریاکان کراوەو دەکرێت بۆ کەم کردنەوەی بەکتریای زیان بەخش و نەخۆشی گوێزەرەوە یازیادکردنی ئەو بەکتریایانەی سەرچاوەی گەلێك پێکهاتووی بەسوودن وەك بەرهەم هێنانی هەندێك لەهۆرمۆنەکانی مرۆڤ ئەویش بە دەست کاری کردنی جینەکانی ئەو بەکتریانە بە چەند ڕێگای تایبەت و ئاڵۆزو بە بەکارهێنانی تەکنیکی زانستی پێشکەوتوو، وەگە لێنەوونەی تریش،، هەر لەبەر ئەمەش بوو زانستێکی نوێ پەیدابوو لەم بوارەدا کە تایبەتە بە دەسکاری کردنی پێکهاتووەکانی جینەکان و ئاڵووگۆڕکردنی پارچەکانی DAN بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، ئەم زانستەش ناوی ((ئەندازەی ڕەچەڵەك] یا [بۆماوە ئەندازەی] لێنرا «الهندسة الوراثية»)) ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانە تا ئێستاو لەمەودواش بەردەوام دەبێت لەگەڵیك لەوولاتەکانی جیهاندا، ئێمەش هیوادارین ئەو هەوڵ و کۆشش و ماندوبوونە ئاراستەی بەرژەوەندی ڕاستی ئادەمیزادبکرێت نەك بۆ زیان گەیاندن بە مرۆڤ و تاڵکردنی ژیانی، چونکە زۆر لە کارەکانی مرۆڤ دوولایەنەن، لایەنی سوود بەخش و بەفەر وە لایەنێکی بێ کەڵك و بێ فەرو زیانبەخش...

سەرچاوەکان:

Gardner, Eldon J. "Principes of Genetics" wiley New York 1980

شیرپەنجەی پێست

رزگار مصطفی

شیرپەنجەی پێست وەك هەر شیرپەنجەیەکی تری لەش دووجۆرە، شیرپەنجەی سووك (حمید) کە هیچ مەترسی‌یەکی لێ نابینرێت چونکە دەتوانرێ زوو لەناو ببرێت بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە شڵەژانێکی درێژخایەن یا بەردەوامی شانەکانی پێستی بەدوادا بێت.

بەڵام جۆری دووەم کە شیرپەنجەی پیسە (خبیث) زۆر بەمەترسی‌یەو نەخۆش هەراسان دەکات. بینراوە کە ٩٨٪ی جۆری دوایی تووشی سەرو مل دەبێت.

بەشێوەیەکی سەرەکی سێ پێکهاتووی پێست تووشی شیرپەنجە دەبن کە بریتین لە چینی ژێرەوە، پوولەکەخانەکان، بۆیەخانەکان.

● **شیرپەنجەی چینی ژێرەوەی پێست:**

شیرپەنجەیەکی ساکارەو مەترسی‌ی لێ ناکرێت چونکە تەشەنە ناکات بەڵکە لەسەرخۆ بەهەموو لایەکدا گەشەدەکاو دەبێتە هۆی داخورانی شانەو کرکراگەکانی لەش. ئەوانەی تووشی دەبن بەزۆری لە ژوور تەمەنی چل ساڵی دان.

ئەم شیرپەنجەیە ئەگەر چارەسەر بکرێت کاری نامێنێت، چارەیش بریتی‌یە لە بن بڕ کردنی وەرەمەکەو ئەو پێستەی دەوری داوە (بەلایەنی کەمەوە ٥ملم بەهەموو ئاراستەیەك).

ئەو چاڵەی دروست دەبێت بە دروونەوەی پێست یا پینە کردن یا گواستنەوەی شانە جێی دەگیرێتەوە.

● **شیرپەنجەی پوولەکەخانەکان** Squamous cells:

بەر بڵاویی ئەم جۆرە بەپلەی دووەم دێت دوای شیرپەنجەی ژێرە چین. ئەمەیان تووشی شوێنی جیاجیای لەش دەبێت و تیایدا زۆربوونێکی نائاسایی بەدی دەکرێت لە بۆیەچینی پێست و کولك و ئەستووربوونی پێستی لەگەڵدا دەبێت بەتایبەتی لەو شوێنانەی بەر تیشکی خۆر دەکەون. ئەم جۆرە خێراتر لەوەی یەکەم گەشەدەکات و لە ڕێگەی لیمفە لوولەو ڕژێنەکاندا بڵاو دەبێتەوە. لەوانەشە شیرپەنجەکە بگاتە جێگەی تری لەش و ببێتە هۆی مردن ئەگەر نەتوانرا بوەستێنرێ. چارەسەریشی ئاسانە بەتایبەتی لەقۆناغەکانی زوودا کە ئەویش بریتی‌یە لە بن بر کردنی شیرپەنجەکە بەنەشتەرگەری یا بەهۆی تیشکی قوولەوە.

● **میلانۆما:**

میلانۆما بریتی‌یە لە شیرپەنجەی بۆیە خانەکان کە لە پێست و شوێنە ڕەنگدارەکانی لەش وەکو چاو بەدەر دەکەوێت. ئەم جۆرە لە هەموو جۆرەکانی تری شیرپەنجەی پێست سامناك ترە. چارەسەریشی زۆر گران دەوەستێت. ڕێژەی مردن بەم نەخۆشی‌یە دەگاتە ٥٠٪ لە پاڵ هەموو ڕیگە نوێیەکانی چارەسەر. بۆ چارەسەر ڕیگەی نەشتەرگەری دەگرێتە بەر بەبرینی ٥ - ١٠سم لەو ڕووبەرەی دەوری وەرەمەکەی داوەو لە ژێریشەوە تا دووەم چینی ساغ هەڵ دەقەنرێت بۆ نموونە تاکو ئەو ماسولکەیەی دەکەوێتە ژێر وەرەمەکەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەو وەرەمانەی لە شوێنی دیاری لەش دان وەکو دەورو بەری چاوو لووت و لێو. دوای بن کر کردنیان پێویستی کرداری جوانکاری (عملیات تجمیلیة) دەکات بە بەکارهێنانی پۆ لیمەری پلاستیکی یاخود چاوی دەستکرد (شووشە). بەڵام ئەگەر توانرا بەتیشك چارەسەر بکرێت ئەوا ئەم ڕیگەیە پەسەند دەکرێت.

هۆیەکانی شیرپەنجەی پێست ئەمانەن:

+ تیشکی خۆری سەروو بنەو شەیی.. ئەمە لە سێ پێستەکاندا پتر بەدەردەکەوێت. چونکە بۆیەی میلانینیان کەمە کە خانەکان لە تیشك دەپارێزێت.

+ تیشکی سینی (ڕۆنتیگن)... ئەمە لەوانەدا دەبینرێت کە تیشکی ئێکسیان بەزۆری بەردەکەوێت وەکو ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن.

+ نەخۆشی‌ی بۆماوەیی واهەیە کە تیایدا ماددەی DNA کاری کەم دەبێتەوەو بەم پێیە تیشکی سەروو بنەو وشەیی زیاتر کاری خۆی دەکات و دەبێتە هۆی بازدانی شیرپەنجەیی.

جگە لەمە نەخۆشی‌ی تر هەن کەڕێ بۆ شیرپەنجە خۆش دەکات.

+ ورووژانە درێژخایەنەکان وەکو ئەو کولکەی لە سووتانەوە پەیدا دەبێ لەوانەیە هەندێکیان لەماوەی ١٠ - ٣٠ ساڵ دا بۆ شیرپەنجە بگۆڕێن.

+ ماددەی کیمیایی.. بەتایبەتی زەرنیخ و بۆیەی جل و بەرگ و هۆکارەکانی ترێ شێرپەنجە.

ماەخرێ MUMPS

● نجاة عەبدوڵڵا ●

بەشی دووەم

دەیەشن و لیکی Saliva نەخۆش کەم دەبێتەوەو دەمی ووشك Dry دەبێ، بەدەگمەن ئەم ئاوسانانە کێم دەکەن.

● ماکەکانی نەخۆشی‌یەکە: Complication

لەو کاتەی کە مرۆ لە دەو پازدە ساڵی ڕەتی کردبێ ترسی دەبێ، چونکە ڤایرۆسی نەخۆشی‌یەکە تووشی هەردوو گون لە نێری نیەو هەردوو هێلکەدان لە مێینەدا دەبێ، دووبارە بوونەوەی تووشبوونی هەردوو گون و هێلکەدان وەك حاڵەتێکی دووبارەی ماکەکان دەبێتە هۆی نەزۆکی sterlity لە پیاوو ژنان دا. هەر وا پەنکریاس کە ئەندامێکی گرینگی لەشە، زۆر ناسك و هەستیارە، تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبێ لەم حاڵەتەدا بەرەنجامی دوایی هەر مردنە، چونکە تووشبوونی پەنکریاس واتە لە کارکەوتنی کرداری زیندەگی‌یەکانی پرۆسەی میتابۆلیسم و زیندەگۆڕان. کە لە ئەنجامی وەستانی دەردراوەکانی ئەنزیم و هۆرمۆنەکانی پەنکریاسەوە ئەبێ.

لە حاڵەتی ئاوسانی هەردوو گون لە نێرینەدا. گونەکان دەئاوسێن و ژانێکی توند دەکەن. پلەی گەرمایی لەش بەرز دەبێتەوە، ئەم ماکە لە ماوەی چوار ڕۆژ دوای نیشتنەوەی ئاوسانی گلاندی پارۆتید نامینێ،

هەرچی لە حاڵەتی تووشبوونی هێلکەدانە، هێلکەدانەکە دەئاوسێ و ژانێکی توند لە بەشی خوارەوەی سك دروست دەکا. پلەی گەرمایی لەش بەرز دەبێتەوەو ڕشانەوەشی لەگەڵ دا دەبێ، وا دەزانرێ لەم حاڵەتەدا سووتانەوەی توندی ڕێخۆلەکوێرەیە، کەچی کە نەشتەرگەری ڕێخولە کوێرە ساغ و دروستە، کەچی هێلکەدانی ڕاست تووشی نەخۆشی بووە.

● ماکەکانی ماەخرێ لە حاڵەتەکانی نەخۆشی‌دا:

١ - سووتانەوەی هەردوو گون orchitis لە ٠/٠٢٥ی حاڵەتەکان.

٢ - سووتانەوەی هێلکەدان ovaritis لە ٠/٠١٠ی حاڵەتەکان.

٣ - سووتانەوەی پەنکریاس pancratitis لە ٠/٠٢ی حاڵەتەکان

٤٠ - سووتانەوەی پەردەی مێشك menigitis لە ٠/٠١ی حاڵەتەکان ترسناکترین ئەم ماکانە، ماکی سووتانەوەی پەنکریاسە، کە یەکسەلەف دەبێتە هۆی مردن.

● ڤاکسینی ماەخرێ:

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردوو پاش ئەوەی بڕوا بە جۆری (jerly lymin) کرا، کە ڤاکسینێکە بریتین لە ڤایرۆسی نیوە زیندووو لە ساڵی ١٩٦٧ ئامادە کرا. تاقیکردەنەوەکان دەریان خستووە کە ئەم ڤاکسینە زۆر پەسندەو هێزێکی بەرگری‌نایابی هەیە.

وا باشە ئەم ڤاکسینە لە کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنەوە لە منداڵ بدرێو هەرچی ئەو منداڵانەن کە لە یەك ساڵی کەمترن، ڤاکسینە کە سەرناگرێو کاری نابێ، چونکە دژەتەنی بەرگری‌یان هەیە کەلە دایکیانەوە وەریان گرتووە.

● کارلێکەکانی ڤاکسینەکە:

(تا)و کارلێکی بابەتی لە شوێنی دەرزی لێدانەکەو سووتانەوەیەکی سادەی گلاندەکانی پارۆتید زۆر بە دەگمەنیش سووتانەوەی تێکەڵی‌و ئاخفتنی دگەل نەساخی. ژوان نەساخی‌یا ئەوێت بڤێ ریکێ بەلاف دبن:

«بەرسیف - سوورك - خەندەکوك» هەروەسا هژمارەکا دی.

٢ - نەراستەوخۆ:

گەلەك نەساخی یێت هەبن بەکتریا وان یان ئەگەرێ وان بەری بگەهێنە لەشێ مروڤەکێ ساخ، دچێتە دناف دەوروبەرەکی‌دا وەك «خوارنێ - ئاڤێ - پیساتی» زیدەدکەت و پاشی بریکا خوارنێ یان یاڤەخوارنێ دگەهیتە لەشێ مروڤەکێ ساخلەم و دێ توشی نەساخی‌ێ کەت وەك: «تیفوید - پاراتیفوید - کولیرا - دیزانتری.. و گەلەکێت دی.

٣ - هەلگرێ بەکتریا:

هەلگرێ بەکتریا ئەو کەسە ئەوێ نەساخ، یانکو بەکتریا یێ لجەم هەین، لێ نیشانێت نەساخی‌ێ لجەم دیارنابن، ژبەر هێزا بەرگری‌یا لەشێ وی ئەڤ مروڤە تێکەلی‌ی دگەل گەلەك کەسا دکەت و نەساخی‌ێ بەلاف دکەت بێی کەس پێ بزانیت، یان لەوانەیە لجهەکێ گشتی کاربکەت وەك:

«خوارنگەهێ»و کاری لگەلەك کەسا بکەت و نەساخی‌ێ بگەهێنێ. ئەڤ مروڤە گەلەك جارا دمینن نزیکی چەند مەهەکا یان چەند سالا بێ کەس پێ بزانیت کو یێ نەساخە، ژبەر هندێ ئەڤ ووڤە گەلەك دبڤەنە بو بەلافکرنا نەساخی‌یا.

٤ - مێش و پیشی:

پیشی نەساخی‌یا مەلاریا ژکەسەکی دبەت بوکەسەکێ دەیەشن و لیکی Saliva نەخۆش کەم دەبێتەوەو دەمی ووشك Dry دەبێ، بەدەگمەن ئەم ئاوسانانە کێم دەکەن.

● ماکەکانی نەخۆشی‌یەکە: Complication

لەو کاتەی کە مرۆ لە دەو پازدە ساڵی ڕەتی کردبێ ترسی دەبێ، چونکە ڤایرۆسی نەخۆشی‌یەکە تووشی هەردوو گون لە نێری نیەو هەردوو هێلکەدان لە مێینەدا دەبێ، دووبارە بوونەوەی تووشبوونی هەردوو گون و هێلکەدان وەك حاڵەتێکی دووبارەی ماکەکان دەبێتە هۆی نەزۆکی sterlity لە پیاوو ژنان دا. هەر وا پەنکریاس کە ئەندامێکی گرینگی لەشە، زۆر ناسك و هەستیارە، تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبێ لەم حاڵەتەدا بەرەنجامی دوایی هەر مردنە، چونکە تووشبوونی پەنکریاس واتە لە کارکەوتنی کردارە زیندەگی‌یەکانی پرۆسەی نەخۆشی بووە.

● ماکەکانی ماەخرێ لە حاڵەتەکانی نەخۆشی‌دا:

١ - سووتانەوەی هەردوو گون orchitis لە ٠/٠٢٥ی حاڵەتەکان.

٢ - سووتانەوەی هێلکەدان ovaritis لە ٠/٠١٠ی حاڵەتەکان.

٣ - سووتانەوەی پەنکریاس pancratitis لە ٠/٠٢ی حاڵەتەکان

٤٠ - سووتانەوەی پەردەی مێشك menigitis لە ٠/٠١ی حاڵەتەکان ترسناکترین ئەم ماکانە، ماکی سووتانەوەی پەنکریاسە، کە یەکسەلەف دەبێتە هۆی مردن.

● ڤاکسینی ماەخرێ:

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردوو پاش ئەوەی بڕوا بە جۆری (jerly lymin) کرا، کە ڤاکسینێکە بریتین لە ڤایرۆسی نیوە زیندووو لە ساڵی ١٩٦٧ ئامادە کرا. تاقیکردەنەوەکان دەریان خستووە کە ئەم ڤاکسینە زۆر پەسندەو هێزێکی بەرگری‌نایابی هەیە.

وا باشە ئەم ڤاکسینە لە کۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنەوە لە منداڵ بدرێو هەرچی ئەو منداڵانەن کە لە یەك ساڵی کەمترن، ڤاکسینە کە سەرناگرێو کاری نابێ، چونکە دژەتەنی بەرگری‌یان هەیە کەلە دایکیانەوە وەریان گرتووە.

● کارلێکەکانی ڤاکسینەکە:

(تا)و کارلێکی بابەتی لە شوێنی دەرزی لێدانەکەو سووتانەوەیەکی سادەی گلاندەکانی پارۆتید زۆر بە دەگمەنیش سووتانەوەی تێکەلی‌ی و ئاخفتنی دگەل نەساخی. ژوان نەساخی‌یا ئەوێت بڤێ ریکێ بەلاف دبن:

«بەرسیف - سوورك - خەندەکوك» هەروەسا هژمارەکا دی.

٢ - نەراستەوخۆ:

گەلەك نەساخی یێت هەبن بەکتریا وان یان ئەگەرێ وان بەری بگەهێنە لەشێ مروڤەکێ ساخ، دچێتە دناف دەوروبەرەکی‌دا وەك «خوارنێ - ئاڤێ - پیساتی» زیدەدکەت و پاشی بریکا خوارنێ یان یاڤەخوارنێ دگەهیتە لەشێ مروڤەکێ ساخلەم و دێ توشی نەساخی‌ێ کەت وەك: «تیفوید - پاراتیفوید - کولیرا - دیزانتری.. و گەلەکێت دی.

٣ - هەلگرێ بەکتریا:

هەلگرێ بەکتریا ئەو کەسە ئەوێ نەساخ، یانکو بەکتریا یێ لجەم هەین، لێ نیشانێت نەساخی‌ێ لجەم دیارنابن، ژبەر هێزا بەرگری‌یا لەشێ وی ئەڤ مروڤە تێکەلی‌ی دگەل گەلەك کەسا دکەت و نەساخی‌ێ بەلاف دکەت بێی کەس پێ بزانیت، یان لەوانەیە لجهەکێ گشتی کاربکەت وەك:

«خوارنگەهێ»و کاری لگەلەك کەسا بکەت و نەساخی‌ێ بگەهێنێ. ئەڤ مروڤە گەلەك جارا دمینن نزیکی چەند مەهەکا یان چەند سالا بۆ نووسینی ئەم باسە لەم سەرچاوانە کەلك وەرگیراوە:

1- Dav: Dson's principle and practice of medicine. Edited by: John macleod fourteenth edition. Newyork, 1984.

2- Notes on medical virology. Mora G.C. Timbury. foreword by. J.H. subaksharpe. 6th edition. Newyork. 1978.

3. Medicine interional. No:3, March 1984.

4. Harrison's principle of internal medicine, petersdorf. Adams. Brannwald. Issel bacher. Inortin. wilson. 1oth edition.

٥ - الدكتور عبدالحسين بيرم. الامراض المعدية الڤيروسيه. سلسلة طب وعلوم (٥) دار القادسية. بغداد. ١٩٨٤

٦ - المرشد الطبي الحديث. مكتبة النهضة - بغداد. (بلا).

٧ - الدكتور مهدي السماك. الاحياء المجهرية الطبية

بەلاڤبوونا نەساخی‌یا

بەرهەڤکرنا: تیلی صالح موسی

- هەلبەت بەکتریا یان ڤایروس دناڤ لەشێ مروڤی‌دا دروست نابن، لێ دگەهنە لەشێ مروڤی ژکەسەکی، یان ژجهەکی‌و ئاکنجی دبیت دناڤ لەشێ مروڤی‌دا... زیدەدکەت و زیانێ دگەهیتە لەشی‌و نیشانێن نەساخی‌یا لجەم مروڤی پەیدا دکەت -

ریکێت بەلاڤبوونێ:

١ - راستەوخۆ:

ئەڤ ریکە ژەهەمیا بەلافترەو پتر نەساخی پێ بەلاف دبن، بەکتریا یان ڤایروس ئێکسەر ژمروڤێ نەساخ بو مروڤەکێ لەش ساخ دچیت ئەوژی بریکا بکار ئینانا تشتێت نەساخی وەك «ئامان و جلك و نقینا»یان بریکا

Institut Kurde de Paris

ئافرەتانی سلێمانی... لە نۆردوگایەکی مەشق کردندا...

لقی سلێمانی

لەو باوەڕەی کە ئەمڕۆ لە عێراقی مەزندا، ئافرەت و پیاو وەك یەك تەماشای سەرکەوتنی گەورەو مەزنی دەکەن.. هەر لەو بڕوایەشەوە، ئافرەتانی ئەمڕۆ شان بەشانی پیاو لە کارکردنیان چ لە کارگەو چ لە شوێنە گشتی‌یەکاندا، هەر بە بەرێ کردنی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی عێراق بۆ بەرەکانی جەنگ، ئاواش چەکی باوەڕو پارێزگاری کردن هەڵدەگرن.

ئۆردوگای ئافرەتانی سلێمانی بۆ مەشق کردن لەسەر چەکی سووك، کە ئێستا بۆ دەرچوانی خانەی پێ‌گەباندنی مامۆستایان و ئامۆژگای هونەرە جوانەکان کراوەتەوە، تیایدا «٤٠٠» ئافرەت بەشداری مەشق کردن دەکەن، لە ماوەی یەك مانگدا فێری بەکارهێنانی چەکی سووك و هەروەها بەرگری‌کردن، لە کاتی جەنگدا. کە ئەم مەشق کردنانە بەردەوام دەبێت، بۆ مامۆستایان و ژنانی ماڵەوەو کریکارەکانی کارگەو فەرمانبەراتیەکان، تاوەکو هەموو ئافرەتانان وەك براو مێردو کەس و کارە ئازاو نەبەردە کانیان کە ئێستا لەبەرەکانی جەنگدا دەجەنگێن، ئەوانیش فێری بەرگری کردن بن.

ئافرەتانان بەڵێن نوێ دەکەنەوە، کە گشت کات پارێزگاری شەرەف و خاکی پیرۆزمان بکەن، هەردەم سەربازیکی بەوەفای ئەم وولاتە شیرینەبن، سەرکەوتنی هەمیشەیی هەر بۆ ئەم عێراق مەزنە دەبێت بەرابەرو سەرکردەیی بەتوانایی تێکۆشەر هەڤاڵ صدام حسین «خوا بپارێزێ».

لە چالاکیەکانی دەزگاکەمان لە هەولێر

کۆڕێکی ڕەخنەی شانۆیی

- شێرزاد -

لە نێوان ئەو چالاکی‌یانەدا کە لقی هەولێری دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ووتەبێژی دەیخەملێنێ بۆ بڕەودان بە ئاستی ڕۆشنبیری، وە لە هۆڵی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران و لە ڕۆژی ١٨ - ٩ - ١٩٨٦ کۆڕێك بۆ کاك شاهێن نجم الدین بە ناونیشانی - ڕەخنەو ڕەخنەی شانۆیی - سازکرا کە لە سەرەتادا، کاك محمود زامدار بەناوی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ووتەبێژی خوێندەوەو دەستی بۆ ئەوە برد کە وەرزی ڕۆشنبیری دەزگا بریتی دەبێ لە ژمارەیەك چالاکی هەمە ڕەنگی ڕۆشنبیری‌و دەزگاکە بەردەوام دەبێت لەم چالاکیانە لە پێناو خزمەتی ووشەی کوردی...

ئینجا کاك شاهێن، لە کۆڕەکەیدا، دەست نیشانی چەند لایەنێکی ڕەخنەو پەیدا بوونی ڕەخنەی کرد لە بۆنانەدا، پاشان، ڕێبازەکانی ڕەخنەی شی‌کردەوە، بەتایبەتی ڕەخنە لە بواری شانۆدا.

هەمدیسان کاکی کۆڕ گێڕ لە ڕەخنەی شانۆی کوردی دووا، شیوەی ئەو ڕەخنە کارییەی کە ئێستا لە بواری شانۆی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ، ئەو بارەی دەرخست کە لە ڕەخنەی شانۆی کوردیدا هەیە...

دوای ئەوە، گفتوگۆ دەربارەی ناوە ڕۆکی باسەکە کرا، کە ژمارەیەك لە هونەرمەندان بە شدار بوون.

ب هەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدامی

ئاهەنگەکا هونەری یا بەر فرەهـل دهوکێ

رمضان عیسی لەقی دهوك

ب هەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدامی ئەڤ ساڵا ل دهوکێ ب ئاهەنگەکا هونەری یا بەر فرەهـل دهوکێ ڕابوون. ئەڤ ئاهەنگە ب ئامادەبوونا ئەندامێ لقێ دهوکێ یێ پارتا بەعسا عەرەبی یا هەڤپشکی و ئامادەبوونا جەماوەرکێ زۆر ژ خەلکێ دهوکێ. دڤێ ئاهەنگێدا کو هەتا درەنگی شەڤ ڤەکێشای هژمارەکا ستراندنێژیت گەنج بشکداری تێدا کرن. ژوانا ژی هونەرمەند احمد زیاری و حسن شریف و غانم محمد سیتو و تیا ڕیڤەبەریا روشەنبیریا جەماوەری و تیا نیقابا هونەرمەندا. ،لێ تشتێ ژهەمیێ سەرکەتی تر ئەو براستی حەفت برادەریت دهواتی چەند کەڤال زاڤ بو یاکو ئێکەتیا نیقابیت پالا پێ رابوی ئەوژی پێش کێش کرن گەلەك و گەلەك دهێژاو بەرکەتی پێش کێش کرنا دهواتەکا کوردی ل بەر دوهول و زرنا بوون کەسەك بلا پشتی وان دەهواتێ نەکەت! ژ بلی هندێ کو چەند وێنیت لەیزتنێ ژی ئامادە کربون هوسا دەمەکێ خوش مە بوراند دگەل ئاوازو ستران و دهول و زرنا کوردی.

ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام

کورەکێ نەدەبی ل دهوکێ

دیسان ل هولا چالاکیت فیرگەها لدهوکێ؟

دەزگەها ڕەوشەنبیری و بەلاڤکرنا کوردی تایی دهوکێ کوڕەك تەرخانکر لە ئێشاریا ڕوژا ١٩٨٦/٩/٢٢ ب چاڤدێریا هەڤال [جمال خضر عبدال]ئەندامێ لقێ دهوکێ‌یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی.. ژێدەر نافێ هوزانیت کریم جمیل بیانی..؟ هێژا کاك نجیب صالح بالایی کور ب ڕیڤەبر لپیشێ خیرهاتن کر ل هەڤال (جمال حضر) ئو باشی سەیدا محسن قوچان بو ڕوینشتیا د نیسایین دگەل کریم جمیل باشی کاك نجیب دور دا هێژا کریم هوزانیت خو خواندن ئێك ئێك هەتا دوماهیێ پاشی بو گەرا شروڤەکرنا هوزانا ژلایێ هێژا محسن قوچان و ناف بابەتی خودا چو بەحسێ گرنگیا هوزانی کر و گوت هەرچەندە ئاسویێ لێنیرینا مە بلندە و ئەم چاك دزانین کو ژنوی پێنگاڤێن مە بەرەف کلوپینکا بالا بلندا تورەی یێن دچن..؟

ئو هێژا محسن گوت: چونکە هوزانڤانی پەیوەندیەکا موکوم دگەل یاراخو هەیە.. هەمی ئەگەرێن بون و دیتنا کەساتیا خو دڤێ یارێ‌را دبینە، یارا وی بویە بازەبەرەك پێ دگەهیت هەمی ئاهێن جانیێ یێن ل دور و بەرێن خو هەتا وەلاتێ خوێ شرین و سپەهی. هەر وەکو دبێژیت:-

جوانا منێ
وەکی ئەز چاڤێدتە دبینم
گەلێ جوان و..
هەردو کێلیا
دهوکا خو..
تێرا دبینم..

جوانیا جهی کو ئەو درن یێن هەر ژ بچویکاتی و هەتا نهە دەست ژ گەردنا هزرا هوزانڤانی نەبەردای و هەمی ڕۆژا چاڤێن خو ب وان دیمەنا کل دەدت.. گەلێ دهوکێ و کێلیا فرعەون و کێلیا ئەدایی‌و و باژێرێ دهوکێ یێ کو وەرار کری و مەزن بوی دگەل مەزنبونا هوزانڤانی و جوانیا چاڤێن یارێ.. هێژا محسن هەر وەسا پێڤە چو گوت.. کو دەمێ دگەهیت یارا خو شوین هەستێن گوهنیان و خوشیێ. یا بویە تشتەکێ دی. هوزانڤان خوشیا خو دهندێرا دبینیت کو سەرێ خو ب سەرێ یارێ ڤەنیت ژیرا ب ستریت. دگەل ب پەیڤیت خو ژ بیرفەکەت..

هوسا سەیدا محسن قوچان تێتە دوماهیا بابەتی خو.. باوشی دەرگەهێ گەنگەشی هێژا نجیب بالایی ڤەکر.. هندەك ژ کاغەزا کو دبەرا هندەك سەیاا چونە سەر شانویێ بو هندەك پسیارا وەك صبری بوتانێ گوت هەر چەندە مەزانیە کریم چیروك نایێ مەزانیە بویە هوزانڤان ئەڤێ گەنگەشی درێژکو هێژا محسن قوجان بەرسڤا وان پسیارا داو پسنگەکێ بەرفرەە ئو ئەڤ کۆرە نیزیك دوو سەعەت ونیانا کێشا..؟!

محمد ئوسمانا
تایی هوکێ

Institut Kurde de Paris

راپۆرتیکی هونەری

لەم مانگەدا میهرەجانی جیهانی‌ی هونەری دەست کرد لە بەغدا ساز دەدرێت

● ذکریات محمد حسن ●

● شاری بەغدای پاتەختی نیشتمانە شیرینەکەمان لە بیست و شەشی ئەم مانگەدا، مانگی تشرینی یەکەم میهرەجانی هونەری دەست کرد بە خۆیەوە دەبینێت، ئەو میهرەجانەی کە بە خۆپیشاندانێکی گەورە دەژمێررێت، لەم کاتەدا ساز دەدرێت کە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان ئەوە بۆ شەش ساڵ دەچێت ڕوو بە ڕووی جەنگێکی دژوار بووەتەوە.

لە بارەی خۆ ئامادەکردن بۆ میهرەجانەکە هونەرمەند إسماعیل الشیخلی بەڕێوەبەری دەزگای هونەرە دەستکردەکان وتی:

- دەزگای هونەرە دەستکردەکان هەموو کادیرەکانی لەوپەڕی چالاکی نواندندان بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم ڕێکەوتە گەورەیە.

شەست دەوڵەت لەم میهرەجانەدا بەشداری دەکەن لەگەڵ چوارسەد هونەرمەندا. تا ئێستایش کاری پتر لە ٣٠ دەوڵەتی بەشدارمان پێ گەیشتوون و کارەکانی تریش دوا بە دوای یەکتر پێان دەگەن.

لە میهرەجانەکەوە دەلیلێکی کاتی دەردەچێت، پاشان هی هەمیشەیی دەردەچێت، کاری هونەرمەندە بەشداربووەکانی تێدا ڕیز دەکرێت، سەرەڕای ناوو وێنەی کاری هونەری‌ی هەر یەکەیان و بیبلۆگرافیایەك سەبارەت بە هونەرمەندە بەشداربووەکە.

لە کاتی میهرەجانەکەدا چەندین بڕگەی هونەری‌و کوڕوچاپەمەنی‌و پروگرامی سەردان لە مۆزەخانەو شوێنەوارەکان جێبەجێ دەکرێن، لەوانەیش سەردان لە شوێنەوارەکانی نەمروودو حەزەرو شوێنەواری بابل و پارێزگاکانی باشوورو سەردان لە بەرەکانی جەنگ و شاری بەسرە.

دەستەی گشتی پەیوەندکاری نێو دەوڵەتی هونەرە دەستکردەکان یازدەمین کوبوونەوەی خوی ساز دەدات بو هەڵبژاردنی دەستەی نوێی ڕاپەڕاندن، هەروەها کۆبوونەوەیەك لە نێوان پەیوەندکاری ڕەخنەگرانی هونەر لە عیراق و پەیوەندکاری نێو دەوڵەتیی هونەرە دەستکردەکان دا گرێ دەدرێت لە پرۆژەی کۆرو موحازەرەی فراوان دا لەژێر دروشمی (هونەر بۆ مرۆڤایەتی)دا..

ئەوەبوو دەوڵەتە بەشدارو دەستەو لیژنەکان چەندین پروگرامی فراوانیان بۆ سازدانی کۆری بەرفراوان پێشکەش کردووە پەیوەندییان بە ڕاڤەکردنی باسەکانەوە هەیە تەك پیشاندانی سلایدو چاپەمەنی... بۆ شارەزابوون لە باری هونەر لە هەموو دەوڵەتێك لە دەوڵەتە بەشداربووەکان و پێشکەش کردنی تاقیکردنەوەی جیهانی لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا بگرە تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی هونەرمەندان خۆشیان.

جگە لەوەی کە لە مەڵبەندی هونەری‌ی صەدامەوە نامیلکەیەك دەردەچێت سەد تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی تێدا دەبێت وەك بەڵگەنامەیەك سەبارەت هونەر لە عیراق دا.

ئەو کتێبە پێشکەش بە وەفدەکان دەکرێت، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدەین بیخەینە کتێبخانەکانەوە جگە لە کتێبی... «ڕیشەکانی هونەری عیراقی»ی ڕەخنەگر جبرا ئیبراهیم جبرادا کە دانە ئنگلیزییەکەی بەسەر هەموو وەفدە بەشداربووەکان دا دابەش دەکەین.

مامۆستا إسماعیل الشیخلی لەسەری ڕۆیشت و وتی:

هەموو پێداویستی‌یەکمان بۆ چاودێری‌و سازدانی ئەم چالاکییە دابین کردووە. هۆڵ بۆ پیشاندانی سلایدو فلیم. هۆڵی‌تر بۆ گرێ‌دانی دانیشتنی گفت وگۆو کۆڕبەستن.

راپۆرت:

ئەم کۆمپانیایە پێشکەوتووە...

لە بەسەرکردنەوەیەکی ڕادەی بەرهەم‌و کۆششی کارگەو کۆمپانیاکانی شاری هەولێر، هەلوێستەیەکمان لە کارگەی جگەرەی نیشتمانی هەولێر کرد کە لەوتەی دامەزراندنیەوە، توانیویەتی لەم ڕووەوە بەرهەمێکی زۆر بێنتە دی‌و ڕادەی کارکردنی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێشتر دەچێت.

کاتێ سالی ١٩٧٣ دامەزرا، بەرهەمی ڕۆژانەی کارگەکە، بریتی‌بوو لە - ١٠ - ملیۆن جگەرە لە ڕۆژێك دا، بەشەکانی کارگەکەش ڕۆژ بەڕۆژ لە فراوان بوندایەو کرا بەکۆمپانیا بەرهەمی گەیشتۆتە ڕادەی بەرهەم هێنان بەم شێوەیە:

١ - کارگەی جگەرە لە هەولێر بەرادەی «٤ , ٥» ملیار جگەرە لە ڕۆژێك دا.

٢ - کارگەی جگەرە لە سلێمانی بەرادەی «٢ , ٥» ملیار جگەرە.

٣ - کارگەی پاك کردنی تووتن لە سلێمانی بەرادەی (٨) هەزار تەن.

٤ - کارگەی پاك کردنی تووتن لە کۆیە بەووزەی (٢) هەزار تەن.

٥ - کارگەی پاك کردنەوەی تووتن لە هەولێر بەووزەی (٢) هەزار تەن بێ‌گومان ئەرکی ئەم کۆمپانیایە، دوولایەنی هەیە کە بریتی‌یە لە ڕووی - کشت و کاڵ و پیشەسازی - کە نوێ‌ترین کەرەستەو هۆی پێشکەوتووی بەرهەم هێنانی تێدایە لەپێناو بردەودان بە جگەرەی نیشتمانی..

کۆمپانیاکە، لە دەیان کۆنگرەو خولی جیهانی بەشداربووە بەنیازی شارەزابوون لە نوێ‌ترین ڕێ‌و شوێنی تەکنەلۆژی.. هەروەها کۆمپانیاکە، هەوڵی داوە بۆ زامن کردنی هۆی حەسانەوەو گوزەرانی کارگێڕانی، لە ڕێگای دروست بوونی خانوو بەرە بۆ کارگێڕانی.

لە هەمان کات، هەولی داوە، بۆ نەهێشتنی ڕێ‌و شوێنی کۆن لە مەسەلەی بەرهەم دا، ئەمەش وای لە کۆمپانیا کەکردووە بیبێتە نموونەیەیی لە بەرهەم و چۆنیەتی جگەرەی نیشتمانی.

شێرزاد. لقی هەولێر

● ڕۆژنامەی (الوطن)ی کوویتی، لە یەکێ لە ژمارەکانی ئەم دوایی‌یەیدا، وتاریکی لەبارەی چاپی عەرەبیی داستانی (مەمی ئالان)ەوە بڵاوکردووەتەوە کە دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسوڵ کردوویە بە عەرەبی‌و، مامۆستا شوکور مستەفا پیاچوونەتەوەو، لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی‌یەوە لەچاپ دراوە. وتاری ناوبراو لەلایەن ئاژانسی «نیووئیست پریس»ەوە نووسراوەو بڵاوکراوەتەوەو، ڕۆژنامەی ناوبراو لێی وەرگرتووە.

● ئێمە لەکاتێکا کە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە لەلایەن ئاژانسێکی ڕۆژنامەنووسیی جیهانی‌یەوەو، پاشانیش لەلایەن ڕۆژنامەیەکی عەرەبیی بەربڵاوی وەك (الوطن)ی کوویتی‌یەوە بە پێ‌ناساندنێکی شایانی کولتووری کوردی‌و چالاکیی دەزگاکەمان دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ئەزانین، زۆر پێ‌خۆشحاڵین بۆ ئاگاداریی خوێندەوارانی ڕۆژنامەکەمان وتاری باسکراو بەکوردی‌یش بڵاوبکەینەوە.

«هاوکاری»

تێکستی فۆلکلۆری وەك گۆرانیی میللی‌و ڕازو داستان و پەندی پێشینان بە چەند جۆر ئەگێڕرێتەوەو، بەگوێڕەی جیاوازیی گۆیندەو بەیت بێژ ئەگۆڕێ‌و، ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو گۆیندەو بەیت بێژانەو بارو دۆخ و کات و شوێنی ژیانیان کار ئەکەنە سەری‌و، وای‌لێ‌ئەکەن وەك کۆمەڵێ خەڵك دابنابێ‌و مۆرکی چەند چەرخ و سەردەمی پێوە بێ‌و، لە هەر دەورو زەمانێکا کۆمەڵێ گۆران و لێ‌لاچوون و چوونەسەری بەپێی کەسایەتیی گۆیندەو بەیت بێژان و وەزعی کۆمەڵایەتی‌یان تیا ڕووئەداو هەریەك لەوانە شوێن پەنجەی خۆی‌و سەردەمەکەیی پێوە بەجێ‌ئەهێڵێ.

وایش ئەبێ گۆیندەیەك یا بەیت بێژێکی دیاری دێ تێکستێك بە جۆرە دارشتنەوەیەکی ڕازاوە دائەڕێژێتەوە، ئیتر لەوەپاش ئەو تێکستە هەر ناوی ئەوی پێوە ئەبێ وەکوو ئەلیازەی هۆمیرۆسی گریکی‌و فاوستی گۆتەی ئەڵمانی‌و هاملێت و ڕۆمیوو جوولێتی شەکسپیری ئینگلیزی. داستانی نەمری (مەم وزین)ی کوردی‌یش کە شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧) بە شێوەیەکی پوخت و تەواو دایڕشتووەتەوە، بەر ئەم داب و دەستوورە ئەکەوێ‌و لەم بابەتانەیە. ئەوەتە خانی لە سەرەتای (مەم و زین)دا، وامان تێ‌ئەگەیەنێ کە ئەم داستانە خۆی داینناوەو، ئەڵێ:

ئەف مێوە ئەگەر نە ئابدارە
کرمانجی‌یە، ئەو قەدەر ل کارە
ئەف تیفلە ئەگەر نە نازەنینە
نۆبارە، ب من قەوی شرینە
ئەف مێوە ئەگەر نە پر لەزیزە
ئەف تیفلە ب من قەوی عەزیزە
مەحبووب و لیباس و گۆشوارە
مولکێ دەمن، نەموستەعارە

داستانی فۆلکلۆریی کوردیی

«مەمی ئالان» چیرۆکێکی دڵداری‌یە

مۆرکی چەند چەرخی پێوەیە

محمدی مەلا کەریم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی

ئەلفازو مەعانی‌یو عیبارات
ئینشاءو مەبانی‌یو ئیشارات
مەوزووع و مەقاسیدو حیکایەت
مەرمووزو مەناقیب و دیرایەت
ئوسلووب و سیفات و مەعنی‌یو لەفز
ئەسڵەن نەکرن مە یەك ژوان قەرز
بیلجوملە نەتایجی دفیکرن
دووشیزەوو نەوعە ڕووسێ و بیکرن

بەڵام ئەم کەف وکوڵەی ئەحمەدی خانی‌و ئەم پێ‌خۆشحاڵی‌یەی بەم دارشتنەوەی ئەم داستانە نەمرەی پێ دارشتووەتەوە، وەنەبێ لەڕاستی‌یەوە نزیك بێ، چونکە ئیستا وادەرکەوتووە ئەم داستانە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی گەڵێ دوور لەو سەردەمەی یەکەمین شاعیری کوردی تیا ژیاوەو،[1] هەر هیچ نەبێ تێکستی (مەمی ئالان) بەر لەو تێکستەیە کە خانی داینناوەو لێی گۆڕیوەو لێی لابردووەو مۆرکی شاعیریی خۆی‌و نیشانەی بارو دۆخی تایبەتیی چەرخی خۆیی پێوە ناوەو ناوی‌لێ‌ناوە (مەم و زین).

جا ئەگەر تێکستی (مەم و زین) بەختی یار بووبێ‌و تائیستا وەرگێڕرابێتە سەر چەند زمان و پتر لە جاریکیش لە لوبنان و سووریاو عێراق[2] کرابێ بە عەرەبی، ئەوا تێکستی (مەمی ئالان) یەکەمین جارە لەلایەن دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسوڵەوە ئەکرێ بە عەرەبی‌و دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردیی سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی عێراق بڵاوی ئەکاتەوە.

وەرگێڕ[3] ئەوە دووپات ئەکاتەوە کەوا تێکستی (مەمی ئالان) تێکستێکی زۆر کۆنەو ڕیشەی چیرۆکەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عیساو،[4] لەمەیشدا مێژوونووسی ناوداری دانیمارکەیی ئی. کریستنسن ئەکا بە پاڵ پشت کە وتوویەتی چیرۆکێکی وەك چیرۆکی (مەمی ئالان) هەزار ساڵ بەر لە عیسا لەناو نەتەوە ئاری‌یەکانا باوبووەو، بنووسێکی گریکی کە چارلس دیمیتلینی‌یە پێنج سەدە بەر لە هاتنە دنیای عیسا چیرۆکێکی هەر لەم بابەتەی نووسیوە. هەروا شاعیرێکی کوردی لە خانی کۆنتریش ئەکا بە پاڵ پشت کە مەلای جزیری‌یە کە لە دیوانەکەیا باسی (مەم و زین) ئەکاو ڕووئەکاتە یارەکەی‌و پێی‌ئەڵێ:

مووی‌یەکی ئەز ژ تە نادم بە دوسەد (زین)و شرینان
چ دبت گەر تو حسیب کی مە ب فەرهادو (مەمێ)

وەرگێڕ لای‌وایە مەم و زینی کوردی‌و چیرۆکە گریکی‌یەکە لە گەڵێ شتا وەك یەکن و، هیچ جیاوازی‌یەك لەنێوان مەم و دریادریسدا نی‌یە. ئەگەر دریادریس کوڕی ئەدۆنیس

لێرەو لەوێ

یەك سەعات لەگەڵ ئیزگەی کوردیدا..

کاری کارەبای سلێمانی ڕاست بێت، زۆربەی نیوەڕۆانی ئەم هاوینە دەکوژێتەوە، نیوەڕۆیەك لەم نیوەڕۆانی بێکارەبایەدا، ڕادیۆی کوردیم کردەوە، بەرنامەی «کەلەپوری» ئەتەوایەتی».

کات ژمێر ٣,١٠، باس هەر باسی پارە بوو، هەر لە نێوان خوێندنەوەی پەندی یان باسی مۆسیقایەك برادەرێك بەرنامەکەی دەخوێندەوە زۆر جاریش وشەکانی بۆ نەدەکرایە ڕستە، بۆ نموونە [پارە سەرپارە دەچێت] «قازانج دەکات و دەیفرۆشێتەوە» واتە چونکە [دەیەوێت بیکڕێت و بیفرۆشێتەوە].

یان [پارە لە نۆکەر قەرزمەکە] «ئەوکەسەیە پارەی زۆر خۆش دەوێت».

«پارە چڵکی دەستە».. ئیتر کاکی برای پێش کەش کەر، تەنانەت گوێگرانی خۆشەویستی لێبووبوو بە «بینەرانی خۆشەویست» لێرەوە سوپاس بۆ ئەو بەرنامەیەی کاك سامی قەیسی و دەرهێنەری ئەو بەرنامەیە دانا بکر عل هیوادارم هەموو هەفتەیەك کە کارەبا نەما گوێیان لێبێت.

لەوەش دەچوو ئەو ڕۆژە یان تائەو سەعاتە ئیزگە «مذیعی» لێنەبووین، چونکە وەك تۆمار کراوو ئامادە، بە دوایی بەرنامە دوو گۆرانی دوای دوو گۆرانی، بەرنامەیەکی خۆش کە بەڕاستی وونم ئەشێ شتێ باش بێت ئەویش «بەرنامەی ئەدیبانیان ئەدوێن»، ئامادەکردن و پێش کەش کردنی عبدالله حمە سور..

هەر سەرەتا ووتی باسی ئەمجارەمان دەربارەی ئەپسنی شانۆیە...

باسی تاڵ و نیشتەجێ بوونی ژیانی ئەپسنی و هنری ئەپسنی شانۆنوسی باس کرد، . هاتە سەر شانۆگەریەکانی، ئەم قسانەو خوێندنەوەی نزیکەی دە دەقیقەی بە مۆسیقاوە خایاند لە دڵی خۆمدا ووتم، ڕەنگە لەگەڵ ئەدیبێك یان هونەرمەندێك دەربارەی هنری ئەپسن بدوێت، یان ئەو شانۆگەریانەی کراون بەکوردی لەگەڵ خاوەنەکانیاندا بدوێ، یان بەراوردێکی هونەری ئەو کابرایە لەگەڵ هونەری کوردیان دا!؟

هەڵبەتە بەرنامەی «ئەدیبانیان ئەدوێن» خوێندنەوەی ژیانی ئەدیبانی هەندەرانە، سەرتان نەیەشێنم وەك من لەگەرما سەرم هاتبوژان، بە دە دەقیقە زرمەی لەبەرنامەکەی هەستان و، ئێ دی هەموو کاتێکیان شادو خۆشی ماڵ ئاوایی لێکردین. بەدوایدا چەند گۆرانیەك ماڵ برای «مذیع» ئاوا بێت کات ژمێر چوار گەڕایەوە پاش سەعاتێك ئامادەبوو ڕای گەیاند کات ژمێر (٤) چواری دوای نیوەڕۆیە، درێژەیەکی لە دەنگ و باس پێش کەش کرد.

منیش ڕادیۆکەم کوژاندەوە، ئەگەر ئێوە سەرتان نەیتە ژان من نیازم وایە ڕۆژانی تریش گۆی لەو بەرنامانە بگرم، ئێوەش دیارە بەرنامەی پەسەندی خۆتان هەیە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.

ئازاد

هونەر لە هەولێر

● بزووتنەوەی هونەریی لە شاری هەولێردا بەردەوامە کە بریتی‌یە لە کردنەوەی پیشانگاو شانۆگەری‌و جموجوڵی هەمە ڕەنگ..

تیی نەتەوایەتی سەر بە دامەزراوی گشتی‌ی سینەماو شانۆ دوو بەرهەمی تازەی ئامادەیە بۆ پێش کەش کردن کە یەکەمیان شانۆگەری - ڕاوچی‌یە لە نووسینی حیدرعبدالرحمن و دەرهێنانی هونەرمەند صفوة جراح...

دووەمیان بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی‌یە بە ناونیشانی - خاتوو کلاوزەر - لە نووسینی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی‌و ئامادەکردنی حیدر عبدالرحمن و دەرهێنانی زهیر عبدالمسیح... لە هەردوو بەرهەمەکە ژمارەیەك لە هونەرمەندانی شارەکە بەشداری دەکەن.

لەلایەکی ترەوە، هونەرمەند عبدالواحد مەرجان پیشانگایەکی تایبەتی بۆ کارە پۆستەرییەکانی خۆی کردەوە، ئەم پیشانگایە کە لە هۆلێ تیپی هونەری نواندنی هەولێردا کرایەوە زیاتر لە ٣٠ کاری پۆستەری تێدا نیشان درا.

هەروەها، مامۆستا محمد محی‌الدین جێداری ئەمینداریتی گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوان، پیشانگایەکی سەرجەمی لاوانی کردەوە کە چەندان بەرهەم لە دەست و جامەی هونەرمەندە لاوەکان خرانە ڕوو.

- شێرزاد -

یانەی سۆلاف و. وێنەیەك و.. چەند یادگارێك

عبد الستار عزیزجە باری

ئەم وێنەیە، وێنەی تیپی توپی پی‌ی یانەی سۆلافی وەرزشی یە لە شاری کەرکووك، لە ساڵی ١٩٧٧ دا گیراوە لە یاری‌گای دامەزراوی گشتی نەوتی باکوور لە کەرکووك...

ئەوەی شایانی باس بێت، یانەی سۆلاف قوتابخانەیەکی وەرزشی بوو لە شاری کەرکووك، چەندەها پاڵەوانێتی وەدەست هێناوە لە هەموو یاری‌یەکان چ لە ئاستی پارێزگاو، چ لە ئاستی وولاتداو بەدەیان پاڵەوانی وەرزشی پێ گەیاند.... بو نموونە یاری زان «شوان ئەحمەد» کە لە وێنەکەدا دیارەو دەست نیشان کراوە. ئیستا لە دەرەوەی وولاتە چووە بۆ خوێندن بۆ ئیتالیا، لەوێ یاری دەکا بۆ یەکێ لە یانە پلە سیهەمەکانی، ئەم یاری زانە یەکێکە لە باشترین یاری‌زانی ئەو یانەیەو بە (تەکتیکی هونەری) توپ بەناو بانگە، لە ساڵی ١٩٧٧ دا یاری‌زانی تیپی هەڵبژێردراوی قوتابخانەکانی عێراق بوو، لەهەمان کات دا یاری‌زانی تیپی هەڵبژێردراوی کەرکووك بوو،....

● یاری زان (شێروان احمد) یش ئێستا یاری‌زانی تیپی یانەی (١ی حوزەیرانە) لە کەرکووك کە یەکێکە لەیانە پلە یەکەمەکانی عێراق،.. شێروان بە باشترین یاری‌زانی شاری کەرکووك ئەمێرەدرێت، بەناو بانگە بەلێدانی توپ بەسەرو بەتەواوی بەسەر توپدا توانای ئەشکێ.

● یاری زان (خلیلە اسود) یش ئێستا بۆ یانەی (صلاح الدین) لە شاری تکریت یاری دەکا، یاری زانێکی زۆر چالاك وزیرەکە لەگۆڵ تۆمار کردن دا...

تکایەك بۆ وەرزشەوا نەکان

لە بەر ئەوەی بریار درا هەموو هە فتەیەك لاپەڕەی وەرزش دەرربچێ، تکامان وایە دەنگوباسی وەرزشمان بۆ بنێرن هەر وا نووسینە کانتان بە خەتێکی جوان و شاش و ڕێك و پێك بنووسن، لە گەڵ ناوو ناونیشانتان و مێژووی نووسینەکانتان هەروائەگەر وێنەی لەگەڵدابێ پەسەنترە، هیواوارین تازە ترین بابەت بن، چونکە ئەم لاپەڕەیە هی‌خۆتانە پێویستە یارمەتی بدەن و نامەی لێ نەبرن، ئەوەی شایانی بڵاوکردنەوە بێ بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە.

لە گەڵ ئەستێرەی وەرزشی‌ی جیهانی‌دا

«سقراط»

نەك هەر خوێنەرانی وەرزشی‌ی هاوکاری بەڵکو خوێنەرانی هەمووروژنامە جیهانی‌یەکانی دەیناسن کرۆکی هەڵبژاردەی.

بەرازیلی یە وسەرکردەشیەتی، بەبڕوای هەموموو ڕەخنە گرانی جیهانی وروژنامەکان بەبا شترین یاری زان دەادەنرێ لە تیپە جیهانیەکان دا.

شیوەی جوانی بە ئەنجامدانی ئەوکەکانی سەرنجی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، دەتوانێ توپەکە بدات بەوهاوڕی‌یەکە لە بۆشایی یەکی باش دایە وەئەم شیوەیەی لەیاری کردندا پتەوترین هێڵی بەرگری تیپەجیهانیەکان دەهێنێتە لەرزە

لەگەل ئەوەشدا کە تیپەکەی لەیاری‌یە بەناوبانگە کانی‌کاسی جیهانی دوانزەهەم دوراندی لەگەڵ ئیتالیا کەپێش سێ‌ساڵ لەمەوبەر لەئیسپانیادا کرا بە (٢ - ٣)گۆڵ بەلام گۆڵێکی هێندە جوانی تۆمار کرد بەرامبەر بەگۆڵچی ئیتالیا کەلەوپەری جوانیدا بوو، توپە کە لەیەکێك لەهاوڕی کانیەوە بۆی‌هات وچووە ناو ناوچەی جەزای ئیتالیا کەزۆرباش پتەوکرابوو، وەلە بەرگری کەرەکان تی‌پەڕی ویەك بەیەك توش سەرپەرشتی کردن جنتیلی کابرینی، شیریا وەئەوانی‌تریش، وەرووویەڕووی زوف بووە، هەرلەو کاتەدا وای دەزانی (زوف)کەریگا لە بەردەم سوقرات داخراوە و کە وتوتەگێژاوەوە چونکە ریگای لی داخرابوو یانی ئەوگۆشەیەی کەلە سوقراتەوە نزیك بوو، بەلام سوقرات بەدانایی توانی کەزوف هەڵبخەڵەتێنێ و بشهوێنی، وە توپەکەی بۆهەمانە، گوشە هەقدا کەتیای‌دا بوو وەکۆپە کە لەژێردە دەسیەوە دەرچوو هەروە کولەکونی دەرزی یەکەوە توپە ڕویشتیت هەروەك ڕۆژنامە جیهانی یەکانی وەسفی گۆڵەیان بەم شیوە یەکرد.

لەسەر خوێنەرانی هاوکاری وەرزشی‌ی پێویستە ئەم یاری‌زانە بەناوبانگە ببیین لەهەرکاتێکدا کە تەلەفزیون یا ڕی‌یەکانی تیپی بەرازیلی نیشان بدات.

ئامادە کردنی

عبد الحکیم مصطفی رسول

لەگەڵ یاری زانێکی لاودا

خدرقادری یاریکەر یەکێکە لەو لاویاری ئەرانەی کە ماوەی دەساڵێك دەبێ یاری توپی‌پی دەکاو تائێستا توانیویەتی لەچەندەها یاری‌و تیپ بەشداربێ بۆ زیاترنا ساندنبەخوێنەرانی ڕۆژنامە کەمان ئەم چاوپێ کەوتنەمان لەگەڵی سازداو سەبارەت بە سەرەتایی ورەست پێ کردنی یاری توپی پی بۆمان دواو ووتی:

من لە سەرەتای چوونم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی ئاشناییم لەگەڵ یاری توپی پی پەیداکردوو مامۆستای وەرزشی قوتابخانەکەمان گەلێ یارمەتی دام کە مایەی سوپاسەوە لە ساڵی ١٩٧٦ کە قوتابی پۆلی پێنجەم بووم لەقوتابخانەی هەژاری سەرەتایی یەکەمی هەموو هەولێرمان لە قوتابخانە سەرەتایی یەکان بەدەست هێناو لە ساڵی ١٩٧٧ دووەممان بەدەست هێنا لەسەر هەموو قوتابخانە سەرەتایی - یەکان لە ساڵی ١٩٧٨ لەمەڵبەندی لاوانی هەولێر تیپکمان پێك هێنا لەمەڵبەندی لاوانی عیراق بە یەکەم دەرچوین دوای ئەمە لە تیپی هەولێر بەیاریکەر وەرگیرام وەسەرپە ڕشتی‌کەری ئەم تیپە مامۆستا صلاح حسن بوو.

لەساڵی ١٩٧٨ تیپی سێناقانمان (٨ی شوبات) لەگەڵ هاوڕی یاری زانەکانمان دامەزراند دوای ئەوە بوومە ئەندام لە تیپی اطلس ئنجا تیپی (صمود) مان لەساڵی ١٩٧٩ دامەزراندوە من لەساڵی دامەزراندنی‌یەوە تاکو ساڵی ١٩٨١ بوومە سەرۆکی تیپ لەساڵی ١٩٨٠ چووم بۆ هەڵبژاردەی پۆلیسی هەولێر ئێستاش هەر لەو تیپەم لە ساڵی ١٩٨٤لەگەڵ تیپی کۆلیجی پۆلیس لە بەغدا یاریمان کرد ئیمە سەرکەوتین بە ١- بەرامبەر هیچ.

ئنجاووتی: هیوارارم هەموو تیپەکانی عیراق هەردەم سەرکەوتنی باش وەدەست بێنن وە سوپاسی ئەو هەوڵ و کۆششەی میری دەکەین کە هەموو شتێکیان بۆوەرزش لە وولاتەکەمان دا جێ بەجی کردووە.

- ئامادەکردنی: عوسمان خۆشناو هەولێر -

لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن کۆبوونەوەیەکی فراوانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی هەولێر

بە بۆنەی پێشوازی‌کردنی ساڵی نوێی خوێندنەوە بەریز حسن حسین سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی هەولێر سەرەکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی هەولێری کرد بۆ ڕیکخستنی دیارترین ئەو خۆ ئامادەکردنەی لە پێشوازی ساڵی نوێی خوێندن دا نەخشەی بۆ کێشراوە وەلە کۆبوونەوەکەدا کە بەریز لێپرسراوی قوتابیانی عیراق ئامادە بوو باسی بەشداربوونی قوتابیان کرا لە جەنگی ڕەوامان دا ئەمەش لەو چالاکی‌یە فراوانەدا ڕەنگ ئەداتەوە کە لە سەرتاپای بەش و لقەکانی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوان دا هاتوەتە دی‌و پاشان دەست کرا بە باس کردنی ئەو پروگرامەی لەلایەن یەکێتی‌یەوە لە وەرزی ئەمساڵ دا دێتە دی.

وتەی - پاشماوە

هەموو پێداویستیکی خوێندن بۆ تێکڕای قوتابیان تەرخان کراوە.

قوتابیە دڵسۆزەکانمان... گوڵە جوانەکانی وڵات ئێستا کە هەموو ڕۆژێك بە زەردەخەنەوە بەرەو قوتابخانەکانتان ڕێ دەگرنە بەر هیواو ئومێدو ئاواتی ئیمەن هەوڵ و کۆشش و تەقەلاتان پیاوی مەزن و سوارچاکتان لێ دەخاتەوە بۆیە چاوی ئومێدمان تێبڕیون و دڵنیاین کە شوێنەواری باوك و باپیرانتان ون ناکەن و بەو پەڕی دڵسۆزیەوە نامەی خۆتان بەجێ دەهێنن و ڕێ‌و ڕێبازی مامۆستا بەریزەکانتان هەڵدەگرن و ئیمەو ئەوان سەربەرز دەکەن...

پەراوێز: داستانی - پاشماوە

(١) مەبەستی خانی ئەوە نی‌یە خۆی چیرۆکی مەم وزینی دروست کردووە، چونکە دیارە خەڵکی سەردەمی خۆی زانیویانە چیرۆکەکە بەسەر زمانی بەیت بێژان و لەناو جەماوەری خەڵکا باوبووەو ئەگەر ئەوەی مەبەست بووایە لێیان پەسەند نەئەکرد. مەبەستی ئەوەیە خۆی دایرشتووەتەوەو ئارایشی‌داوەو کردوویە بە شیعرو لە کتێبدا نووسیویەتەوەو، کەس بەر لەو ئەوەی نەکردووە.

(٢) نازانم لە لوبنان، بەلام لە عێراق تائێستا مەم وزین وەك کتێب، نەکراوە بە عەرەبی. لە سووریایشدا من پێ‌بزانم، تەنها محمد سعید رمضان البوطی کردوویە بە عەرەبی‌و دوو کەرەت لەچاپی داوەتەوە.

(٣) هەموو ئەو بیروڕایانەی لەم وتارەدا دراونەتە پاڵ دوکتۆر عیززەددین مستەفا، هەموو لە سەرەتای کتێبەکە وەرگیراون کە (چیرۆك نووس) واتە (دوکتۆر نوورەددین زازا نووسیویە بە کوردی‌و دوکتۆر عیززەددین کردوویە بە عەرەبی.

دوکتور عیززەددین خۆیشی ئەوەی بەئاشکرا ڕوون کردووەتەوە. نازانم چۆن بنووسی وتار وشەی (القاص)ی لە داوێنی سەرەتای دووهەمەوە نەخوێندووەتەوە.

(٤) ئەبوو ەدەها سال بەر لە سەردەمی حەزرەتی عیسا، بووایە، چونکە پاشان وا ئەڵێ.

(٥) چونکە قورئان بە زمانی ئەوان هاتووەو، پێغەمبەر لەوانەو، ئەوان لەپێشا ئایینی ئیسلامیان بەناو گەلانی‌تردا بڵاوکردووەتەوە.

(٦) مەبەست لە (مەغریب) لە تێکستی (مەمی ئالان)دا شاری مەڕاکیش یا وڵاتی مەڕاکیش نی‌یە، شاریکە لە ڕۆژاوای ئەو ناوچەوە کە ڕووداوی چیرۆکەکەی تیا ڕووداوە.

(٧) ئەبێ ئەم ڕەخنەیە لە دوکتۆر نوورەددین زازا بگیرێ، چونکە ئەو خاوەنی ئەو سەرەتایەیە کە ئەبوو ئەم بەراوردە پێشنیار کراوەی تیا بکرایە، نەك دوکتۆر عیززەددین.

Institut Kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

کۆڕە ئەدەبی یەکانمان

(کاکەی نەللاح)

ئاشکرایە کە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو میهرەجانی ئەدەبیو ڕۆشنبیری، لە لایەن هەر دەزگاو لێپرسراویکەوە بێت، بۆ زیندو کردنەوەی یادی شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد، یان بۆ لێکولینەوەو باسکردنی هەر بزوتنەوەی پیرۆزی ڕۆشنبیری کوردمان، بەڵگەو نیشانەیەکی دیارو بەرچاو کەوتووی چست و چالاکی ئەو بزوتنەوەیەیە... بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنج و داخە ئەوەیە کە جاروبار، چ لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەوەو چ لە لایەن کەسانی گوێ گرو بەشدارانی ئەو چەشنە کۆڕانەوە، جۆرە هەڵس و کەوت و خوێن گەرمیو هەڵویستێکی ناپێویست پیشان ئەدرێت کە لە هیچ سەرێکەوەی کەم و زۆر، خزمەتی ئامانجی پێشکەوتنی جوولانەوەی ئەدەبیو ڕۆشنبیریمان ناکات و بگرە هەر زۆر پێچەوانەوەی مەبەست و زیان بەخشە. بۆ چارەسەر کردنی ئەو کەم و کورتیو ناتەواویانە، من بەش بە حاڵی خۆم، پەیڕەو کردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بە شتێکی پێویست و ڕەوا دەزانم:-

١ - مانەوەو درێژە پێدانی بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبیو ڕۆشنبیری مافێکی ڕەواو دەرفەتێکی گەش و ڕووناکە بۆ پتەو کردن و خەملاندنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری.

٢ - ئەم دەرفەت و مافەش پێویستی بە پارێزگاریو بە خێوکردن و خەمخۆری هەیەو هەرگیز ڕەوا نییە لە پێناوی پلارێکی زل و وشەیەکی تووڕەو خوێن گەرمیو هەڵچوونێکی نادروستا زیندە بەچاڵ بکرێت.

٣ - بێگومان کۆڕی ئەدەبیو ڕۆشنبیری ڕاستەقینەو سەر بە ڕێبازی خزمەتی ئەدەبی، دیاردەیەکی هەتا بڵێی پیرۆزو گران و شوێنەکەیشی پەرستگای وشەو زمان و گەوهەری ئەدەب و ڕۆشنبیرییە. گەورەیی مەبەشت و پیرۆزیی ئەو کۆڕانە داوامان لێ ئەکەن کە هەر زۆر دوور کەوینەوە لەو چڵك و خەوشانەی ڕووی پاك و بێگەردی کۆڕەکانمان ئەشێوێنن، لە ناخەوە نەفرەت لە گیانی خوێنواندن و بریقەی میکروفۆن پەرستیو بازوڵە دەرخستن و شان لە شان دان و ئەمە ئەرزو ئەوە گەزو هەرزە گوێیو هەرزەکاریو ...و ...و ...هتد بکەینەوە.

٤ - تا بتوانین پێشکەشکردنی باسی ئەدەبیو هونەریو بەڕێوەبردنی کۆڕەکان بە کەسانی شارەزاو لێپرسراوی کارامەو وریا بسپێرین.

٥ - بە داخەوە، هەتا ئێستا، بە شێوەیەکی گشتی، فێری هونەری وت و وێژ و دواندن و پێسەلماندن نەبووین و هەناسەو پشوومان هەر زۆر کورت و تەنگە نەفەس و خێڵەکیانەیە، کە ئەمەش هۆی ئەوەیە هەمانەو تویشە بەرەی پشتمان

٦ - زۆر جار پرسیاری بێپێز، یان لاوەکیو ناسۆ، لە کۆڕەکاندا سەر هەڵ ئەدات. بێ ئەوەی پرسیارکەر هیچ خۆی بە پرۆگرام و ڕەوتی باسەکەوە ببەستێتەوە، کۆڕ تایبەتییەوە لێدوان و پرسیاری تایبەتی خۆی هەیەو بەس.

لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی لە سێ چالاکیدا...

● سەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٨٦/٩/٥ لقی دەزگاکەمان دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی، لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر کۆڕێکی بۆ هونەرمەند «حمە علی» ساز کرد، لە بارەی «برایانی کارامازوف و دڵەڕاوکەی ئەخلاقی لای دۆستۆیەفسکی»، کەتیایدا باسەکەی کردبوو بەسێ بەشەوە خاوەن باس کراو، وەڵامیان درایەوە.

● بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ١٨ تا ٢٠/٩/١٩٨٦ لقی دەزگاکەمان بەبۆنەی هەفتەیی قادسیەی صدامی پیرۆزەوە، پێشانگایەکی تایبەتی کتێبی کوردی لەقەزای زێنە کردەوە، بەڕێز قائمقامی قەزای لێپرسراوی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستی رانیە ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکە بوون، تایدا ئەو کتێبانە پیشان درا کە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەری کردون بەنرخی داشکاو فرۆشرا بە ئامادە بوانی پێشانگاو دیاری دەزگاش پێش کەش دەکرا لەگەڵ فرۆشتنی کتێبەکاندا کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستانی قەزای رانیەو قەڵادزی سوودیان لەم پێشانگایە وەرگرت. کە لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی رانیەدا بە دیداری شادبوون.

● هەر لە چالاکی لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە ڕۆژانی ٩/١٠ تا ١٩٨٦/٩/١٤، پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان «خۆشی شەوقیو سەرچڵ شەوقی»، لە هۆڵی موزەخانەی سلێمانی کرایەوە. هونەرمەند سەرچڵ لە ساڵی ١٩٦٣ لە سلێمانی هاتوتە دنیاوە، لە بەشی «تصمیم»ی هونەرەی بو دانام. هەروەها خێزانە هونەرمەندەکەم. لەم پێشانگایەدا هەندێ گۆران کاری بابەتیو شێوازی دینامیکی بە تابلۆکانمەوە دیارن.

هونەرمەندانی کوردیش لەم ریگایەدا دریغیان نەکردوە، ڕێزو خۆشەویستم بۆ هەموو هونەرمەندێك کە بە خامەی ڕەنگینیان هۆڵەکانی پێشانگاکان دەرازێنەوە بەرهەمی جوان پێش کەش دەکەن.

● هونەرمەند «خۆشی شەوقی» ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی هاتوتە دنیاوە، لە بەشی «تصمیم»ی پەیانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەخوێنێ لە پۆلی سێهەم - لقی گرافیك - لە پێشانگاکانی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکانی ساڵانی خوێندنی بەشداری کردوە، جگە لەوەی بەشداری پێشانگای ساڵانەی ئەکادیمیای کردوە ساڵی ١٩٨٥.

لقی سلێمانی

لە باسی پاڵەوانەکانی دستۆیەفسکیدا دەڵێت ڕاستیو حەقیقەتی بوون وای لە پاڵەوانەکانی کردوە کە هەر یەکە بەشێوەیەك لێی وورد دەبێتەوە، هەندێك جار دژی خۆشیان دەوستنەوە، لە ئێناوی حەقیقەتدا، کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان ئامادەی کۆڕەکە بوون، لە کۆتایدا چەند پرسیارێك ئاراستەی بەشی یەکەم ژیانی دستۆیەفسکی، لە بەشی دوومدا باسی ڕۆمانی «برایانی کارامازۆفی» کرد، پاشان هاتە سەر جیهانی دستۆیەفسکی.

لە باسی پاڵەوانەکانی دستۆیەفسکیدا دەڵێت ڕاستیو حەقیقەتی بوون وای لە پاڵەوانەکانی کردوە کە هەر یەکە بەشێوەیەك لێی وورد دەبێتەوە، هەندێك جار دژی خۆشیان دەوستنەوە، لە ئێناوی حەقیقەتدا، کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان ئامادەی کۆڕەکە بوون، لە کۆتایدا چەند پرسیارێك ئاراستەی ڕانیە پێشانگاکەی کردەوە، کۆمەڵێك لە لێپرسراونی قەزاو ڕەزگرت. کە لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی رانیەدا بە دیداری شادبوون.

● هەر لە چالاکی لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە ڕۆژانی ٩/١٠ تا ١٩٨٦/٩/١٤، پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان «خۆشی شەوقیو سەرچڵ شەوقی»، لە هۆڵی موزەخانەی سلێمانی کرایەوە. هونەرمەند سەرچڵ لە ساڵی ١٩٦٣ لە سلێمانی هاتوتە دنیاوە، لە بەشی «تصمیم»ی پەیانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەخوێنێ لە پۆلی سێهەم - لقی گرافیك - لە پێشانگاکانی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکانی ساڵانی خوێندنی بەشداری کردوە، جگە لەوەی بەشداری پێشانگای ساڵانەی ئەکادیمیای کردوە ساڵی ١٩٨٥.

لقی سلێمانی

لە چاپگراوەکانی دەزگاکەمان

ژمارەی نوێی ڕۆشنبیری نوێ

ژمارە (١)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ کە گۆڤارێکی وەرزیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەزگاکەمانەوە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیەوە دەردەچێت لە بەرگێکی رازاوە بە تابلۆی مرۆڤی چەرخی بەردین لەم ڕۆژانەدا کەوتە بەردەست خوێنەران.

لەم ژمارەیەداو لە بەشی جەنگ و رامیاریدا ئەم باسانە بڵاوکراوەتەوە (کێشەکانی نێوان عیراق و ئێران، چەند پەرپەرەك ژ قادسیا صدامی، روناهیەك ل سەر شەری عیراقیو ئیران).

لە بەشەکانی تردا لیکۆڵینەوەی مێژوویو کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، زاراوەی کوردی، کشت کاڵ و زانستی گەلێ نووسەرو ئەدیب بەشدارییان تیدا کردوە لە وانە مامۆستا جمیل ڕۆژبەیانی، د.جمال رشید، د. محسن محمد، احمد خواجە، د.کاوس قەفتان، د.مجید حمید، لطیف گل، د.پاکیزە رفیق حلمی، نوری علی أمین، د.وریا عمر أمین، محمد أمین هەورامانی، د.کامیل بەصیرو گەلێ نووسەرو ئەدیبی تری ناودار.

ئەوەی شایانی باسە کتێبی ئەم جارەی ڕۆشنبیری نوێ دەربارەی کتێبی دە هەزار جەنگاوەرەکەیە مامۆستا کەمال غەمبار لەسەری نووسیوە

ئەفسانە

زنجیرە ژمارە ١٤٢ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کور دی (ئەفسانە)یە لە نووسینی د. نبیلە ابراهیم ومامۆستا محمد بەدری کردوویەتی بە کوردی لەم ڕۆژانەدا لە بەرگێکی قەشەنگی قەوارە مام ناوەندیدا ، کەوتە بەردەست خوێنەران.

چەپکە گوڵی دەزگاکەمان بۆ هونەرمەند تاهیر تۆفیق

بەراسپاردەی بەریز مامۆستا مصلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی وەفدێکی دەزگاکەمان چۆنە دیدەنی هونەرمەند تاهیر تۆفیق لە نەخۆشخانەو چەپکە گوڵیان پێشکەش کردو هیوای سەلامەتیو چاك بوونەوەیان بۆ خواست.

Institut Kurde de Paris

هونراوە بۆ منداڵان..

قوتابیم و جووتیارم

قوتابیم و جووتیارم
ڕاهاتوی ئیش و کارم
دوای خوێندن، کۆتایی ساڵ
ئامادەم بۆ ئیشی ماڵ
سێ مانگەی پشووی هاوین
لەگەڵ گەرمای زۆر بەتین
گیانی خۆم ڕاهێناوە
دەژیم لەوبەر هەتاوە
لەگەڵ باوکم سبەینان
دەڕۆم بۆ خەلەو خەرمان
یان بۆ سەر تووتنان دەچم
بۆ گشت کارێ مل کەچم

ئاودان بێ یاخود بژار
هیچ هەست ناکەم بە ئازار
شەوان کاتی مانگەشەو
کاتێ هەڵدەستم لەخەو
دەڕۆم بۆ ناو تووتنەکەم
هەست بە دڵشادی دەکەم
نە ماندووبوون نە ئازار
کۆڵم پێنادەن لەکار
دەمەو پایز دووبارە
جێدێڵم ئەو هەوارە
دەچمەوە قوتابخانە
ئەویش بناغەی ژیانە

ئەحمەد سەپان

- شێرزاد -

له خۆشەویستیو هونەر نزیکتر دەبمەوەو بەرادەی هوگر بوون گۆرانی بۆ خەڵك دەڵێم....

● پیر لە چی ئەکەیتەوە؟

- بەرهەمی چاك کە بتوانێ دڵی هەموتان رازی بکات..

● پیر لەوە ئەکەیتەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان واز لە گۆرانی ووتن بێنی؟...

- ڕەنگە!

«دڵنیا» یەك لەسەر شانۆ..!

گەورەترین کۆسپێك لەبەر دەم تیپە هونەرییەکان قات وقڕی کچە هونەرمەندە کە ناتوانێ تا سەر بۆ شانۆ بژیو هەر زوو واز لە تەختەی شانۆ دێنێ...

تیپی هونەری میللی لە هەولێر، تا ئێستا دەستەیەك کچە هونەرمەندی گرتوتە باوەش کە (سهام حسن) یا کە ناوزەدکراوە بە - دڵنیا - بەکێکە لەوانە.. کە گۆرانی دەڵیو، کچە ئەندامێکی تیپی شایی تیپەکەیە.. کە چ بەتەنیاو چ لەگەڵ زیادی هونەرمەند گۆرانی دەڵێ...

● بۆچی گۆرانی؟!

- گۆرانی سەرچاوەی جوانیو خۆشەویستیو نیشانەی گەشانەوەی ئەم ژیانەیە.. بێگومان، گۆرانی تینی تەواو دەداتە ژیان..

● چ شێوە گۆرانیەك؟

- هەموو گۆرانیەك، بەتایبەتی گۆرانی سووك، کە ئاوازەکەی زیاتر شێوەیەکی کوردی تێرابێو لەگەڵ بەرهەمەکانی تیپەکەمان بگونجێ.. بەتایبەتی لە بەرهەمی شایی.

● دوورە پەرێزی ئافرەت و هونەری کوردی، چۆن لێك ئەدەیتەوە؟!

- لەمەدا هەموو کۆمەڵ بەرپرسیارە.. بروانا کەم ئافرەتێك لە ناخەوە بۆ هونەر بسوتێ، بەئاسانی بتوانێ هەگبەی خۆی بپێچتەوە واز لە شانۆ بێنێ...

● ئەی کە لە سەر شانۆ گۆرانی دەڵێی؟

- هەست دەکەم کە ئافرەت تەنیا کچێ چوار دیوار نیە.. زیاتر

بۆ زاخاوی مێشك

ئەم دوو دیرە شیعرەی بێکەسە ئەگەر بیسرینەوە ناوی شاعیرێکی نەمری کوردە

ئەی، مانگ، من و، تو، هەردو، هاوەردیـن، زانست
هەردو، گرفتار، یەك، ئاهی، سەردیـن، تۆ، نەحمەدین
وێڵ و، ڕەنگ، زەرد، بە، ئاسمانەوە، منیش، کەریم
دەربەدەر، بە، شارانەوە.

ش	ا	ر	ا	ن	ه	و	ه	ۆ	ت
ه	ب	ر	ه	د	ه	ب	ر	ه	د
ك	ا	ر	ا	ت	ف	ر	گ	ح	ه
ا	ا	ی	ه	ك	و	ن	م	ق	ا
س	ك	ه	ه	ر	د	و	ی	ن	و
م	ی	ڕ	ی	گ	ن	ا	م	ی	د
ا	ی	ه	ش	ی	ن	م	ه	د	ه
ن	ه	ن	و	ڵ	ێ	و	ب	ر	ر
ه	ئ	گ	ئ	ا	ه	ی	ۆ	ه	د
و	ر	و	د	ر	ه	ه	د	س	ی
ه	ج	ۆ	ت	ز	ه	ر	د	ی	ن

ئەنار سەرکەوت

محمد حسین محمود

سروە عصمت

دەرچووەکانی پلەی یەکەم

ناو: هاژە هۆشیار کۆیی
پۆل: دووەمی سەرەتایی بۆ سێیەم.
فوتابخانە: گردەرەشەی سەرەتایی تێکەڵاو هەولێر

ناو: لانە هوشیار کۆیی
پۆل: یەکەمی سەرەتایی بۆ دووەم.
فوتابخانە: گردەرەشەی سەرەتایی تێکەڵاو/ هەولێر

پەخشانە شیعر بۆ منداڵان

ڕۆڵەی کوردین

نازاد شوان

گەرچی ئێمە ئەمڕۆ منداڵین
وەك و بێچووەمەل بێ پەڕو باڵین
خەریکی یاریو گڕو گاڵین
بەڵام دوا ڕۆژ
شێخ مەحموودو قودسیو کاوەین
چقڵی چاوی بێگانەو دوژمنانین
هیواو ئاواتی گەلین
«ڕۆڵەی میدیاو کەی خسرەوین»[1].
ریشەی دوژمن لەبن دێنین
حەقی کوردی لێ دەستێنین

(١) ئەم دێڕە لە شیعری شاعیرێکی ترەوەیە

«مامۆستا»

مامۆستامان ڕوناکیە
داهێنەری دڵپاکیە
ئاڵای شادی هەڵ ئەکات
فێری ڕاستیان ئەکات
دەڵێ: ڕۆڵە یەکگرن
ئاڵای زانست هەڵگرن
کۆرپەی شیرن مەسرەون
تێبکۆشن، سەرکەون
مەوەستن هەر چوار وەرزی
تا بژین بە سەر بەرزی
ئێوە گەوهەری ژینن
تیمارکەری برینن
برینی ئەم میلەتە
نەزانینە خەفەتە
ئێوە نەوەی میلەتن
لەبۆ زانین هیمەتن

نوزاد عبدالعزیز صالح

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی
وەزیریە
تەنیشت
(المعهد القضائی)
تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت